# پێغەمبەرو پێغەمبەرناسی

## لە ڕووانگەی پەیامەکانی نوورەوە

سەرحەد یونس محەمەد

# پێغەمبەرو پێغەمبەرناسی

له ڕووانگەی پەیامەکانی نوورەوە


- **نوسەر: سەرحەد یونس محەمەد**
- **پێداچوونەوەی: عەدنان عەبدولقادر محەمەد**
- **بابەت: ئایینیی**
- **نرخ: (      ) دینار**
- **نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٩**
- **تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
- **چاپخانە: تەفسیر/ هەولێر**

---

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی (٥٩٣) لە ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.**

## ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

سەرجەم ئیمانداران و هەموو ئەو کەسانەی

کە عەودالـــی دۆزینـــەوەی ڕێــگای ڕاستیین.

# پێشەکی

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، بەخشندەی میهرەبان. صەلات‌و سەلام بۆ گیانی پاکی حەزرەتی محمد المصطفی، ﷺ جوانترین‌و بەتامترین بەری پێگەیشتووی درەختی گەردوون،وە بۆ سەر گیانی ئالی بەیت‌و هاوەڵان‌و شوێنەکەوتووانیان هەتا ڕۆژی دوایی.

ژیان لەگەڵ ژیاننامەی بەرزو پیرۆزی سەرداری مرۆڤایەتیدا، حەزرەتی محەمەدی ئەمین ﷺ خۆشترین ژیانەو بەختەوەریی دنیاو قیامەت بە مرۆڤ دەبەخشێت. کێ هەیە لەو دڵسۆزترو خەمخۆرتر بێت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، ئەو شەرەفمەندی هەردوو ناوی پیرۆزی (رؤوف و رحیم) بووە بەرامبەر بە ئیمانداران‌و، شافیعی ڕۆژی مەحشەرەو، تکاکارە لە خوای گەورە کە هیچ کەس لە ئوممەتەکەی لە ئاگری دۆزەخدا نەسوتێنێت.

سەروەرمان ﷺ بەری پێگەیشتووی درەختی گەردوونەو، کۆتایی پێهێنەری کاروانی پێغەمبەرایەتییە. ژیانەکەی پڕە لە نهێنییەکانی بوون‌و، بەدەم ویستی خوای گەورەوە ڕۆشتووەو، هەرچی ئەو داوای کردبێت، ئەم لە سەر شانۆی ژیان نمایشی کردووە.

نە قەڵەم دەتوانێت وەسفی زاتێکی وا بکات‌و، نە زمانیش دەتوانێت گوزارشتی لێ بکات، تەنانەت بە ئەندیشەش ناتوانین پەی بە

ماهییەتی بەرزو بڵندی ئەو ببەین ﷺ کە شەرەفمەندی ئیسمی ئەعزەمی خوای گەورە بووە.

لەم ڕۆژگارەدا کە ئیمان تیایدا لاواز بووەو ماددەو شارستانییەتی ساختە جێگای هەموو شتێکی گرتووەتەوە، مرۆڤ بووە بە صندوقێکی بەتاڵو بەبێ پیرۆزڕاگرتنی هیچ یەکێك لە پیرۆزییەکان لەسەر دوو قاچ دێتو دەچێتو بووە بە مردوویەکی گەڕۆك، دەخواتو دەخەوێت، کاتە بە نرخەکەی خۆی لە بەسەربردنی ژیانی دنیادا خەرج دەکاتو بە دەستی بەتاڵو بێ هیچ توێشوویەك بەرەو ناو گۆڕەکەی هەنگاو دەنێت کە یەکەم مەنزڵی ژیانی دواڕۆژیەتی، ئەم مرۆڤە تەنها بە ڕووکەش ناوی پێغەمبەر ﷺ ی بیستووەو لایەنە مرۆڤانەکەی ئەوی لەبەر چاوەو هیچ ئاگای لە ماهیەتی بەرزو بڵندی ئەو نییە، گەر بۆ ناسینی تەقە بدات لەدەرگای مێژوو، ئەوا بە چەواشەیی دەگەڕێتەوەو گەر سەر لەو کتێبانەش بدات کە تەنها گرنگییان بەسیرەی زاتی ئەو دابێتو باسیان لە ڕووە ماددیو ژیانە کەسییەکەی ئەو کردبێت وەکو (نەبی)و، خۆیان لە قەرەی ژیانە مەعنەوییەکەی ئەو زاتە نوورانییە نەدابێت، کە (نبوەت)ەکەیەتی، ئەوا بەو چاوە تەماشای دەکات کە ئەویش مرۆڤێکی ئاساییو کەسایەتییەکی گەورە بووەو سەرکردەیەکی سیاسیو ڕۆحانییەکی خواناسی وابووە، کە وەکو هەر کەسێکی ئاسایی لەدایك بوونو ژیانو مردنی هەبووەو، بۆ ماوەیەك لە سەر شانۆی ژیان ڕۆڵی گێڕاوەو، دواتر کۆچی دوایی کردووەو، کۆتایی بەکارەکانی هاتووە.

سەردەمی پێشینمان چونکە پایەکانی ئیمان کە یەکێکیان پایەی باوەڕبوونە بە پێغەمبەران، جێگیرو پتەوو مەحکەمەم بووەو، هیچ درزو کەلێنێکی تێدا نەبووە. سیرەی زاتیو ناساندنی کەسێتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو کاتە سەروزیاد بووەو، گەر باسی نبوەتەکەشی نەکرایە، هیچ کەلێنێکی لە باوەڕی خەڵکیدا دروست نەدەکرد. سەرەڕای ئەوەش ئیماندارانی ئەو سەردەمانە، بە هۆی ئەو ژینگە ئیمانییەی تیایدا بوون، بۆ خۆیان تا ڕادەی پێویست شارەزای نبووەت و پلەی مەعنەوی پێغەمبەر ﷺ بوونو لە ماهییەتی بەرزی ئەو گەیشتبوون، وە مێژووش بەم ڕادەیەی ئێستا بە چاواشەکاری نەنوسرابوویەوەو غروری زانستییش لای هەندێ کەس کە خۆیان بە زانا دەزانن بەم شێوەیە پەرەی نەسەندبوو. ئێستا دۆستەکان لە هەزارانەوە دابەزیون بۆ ژمارەی پەنجەکانی دەستو دوژمنەکانیش لە یەكو دوانەوە بەرزبوونەتەوە بۆ دەیان هەزارو زیاتریش.

هەر کەس بە ڕوانینی ماددیو ڕواڵەتیو سەرزارەکی بڕوانێتە ئەو وێنەیەی کە لە مێژوودا لەبارەی سەرەتاکانی هاتنی پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتەوە، هەرگیز ناتوانێت لێی تێ بگاتو بەهای بزانێتو بە کەسایەتییە مەعنەوییەکەی ئەو ئاشنا ببێت. هەرچی ئەو جۆرە ژیاننامەو ناساندنانە هەیە لەمڕۆدا، کە ئیمان تێیدا لاواز بووەو، پایەکانی ئیمان بە تەواوی ڕووخاونو، داریان بە سەر بەردیەوە نەماوە، ناتوانێت دەرخەری ماهییەتی نوورانی پێغەمبەر ﷺ بێت، وە بۆ ئەم سەردەمە کەمو کورتو ناتەواو دەردەچن.

پێگەی (قاب قوسین أو أدنی) لەکوێو ئەوەش لەکوێ کە لەناو بازاڕدا، ئەعرابییەك لە سەر مامەڵەی ئەسپێك یەخەی دەگرێتو دەمەقاڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەو پێگەیە لەکوێ کە بە ئاماژەیەکی ئەو مانگ ببێت بە دوو کەرتەوەو، ئەوەش لە کوێ کە چەندین ڕۆژ لەماڵەکانیدا ئاگر نەکراوەتەوەو، هاوسەرەکانی لە سەر باشترکردنی ژیانی دنیایان سەرودڵی بگرنو غەمباری بکەن.

کەواتە ئەگەر سەر بەرز نەکەینەوەو پێگە باڵاکەی ئەو نەبینین کە نزیکترینو خۆشەویستترین کەس بووە لە خوای گەورەوەو، بەدرێژایی تەمەنی پاراستوویەتیو، چاودێری کردووەو، هیچ پێویستی بە پاسەوان نەبووەو، فریشتە گەورەکانی وەکو جیبریلو میکائیل لەجەنگدا یاوەری بوونو پاراستوویانە، گەر ئەم ماهییەتە بەرزو بڵندە نەبینینو تەنها ژیانە ئاساییە مرۆڤانەکەی ببینین، ئەوا ڕێزی شایستەی ئەومان نەزانیوەو، پێمان هەڵدەخلیسکێت بەرەو نزم بوونەوەو بێ ڕێزیی کردن بەرامبەری، یان گومڕایی و دەرچوون لە ئایین، کە ئەمەیان بەرەو تیاچوونمان دەبات.

ناسینی پێغەمبەر ﷺ لەم ڕۆژگارەداو لە ڕێگەی پەیامەکانی نوورەوە، کە دانراوی مامۆستاو هەڵکەتووی سەردەم بەدیعی زەمان سەعیدی نوورسییەو وەرگێڕدراون بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووکانی جیهانو مامۆستا (فاروق ڕەسول یەحیا)ش بەهەوڵو هیممەتو ماندووبوونی خۆی وەری گێڕاون بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، ناسینی سەروەرمان ﷺ لە ڕێگای ئەم پەیامانەوە کە زیاترن لە سەدو سی پەیام ناسینێکی تا بڵێی یەقینییەو هیچ شكو گومانێك بۆ

کەس ناهێڵێتەوە، وە ئەو زاتە مەزنە وەکو خۆی بە خوێنەرانی ئاشنا دەکاتو دەناسێنێت.

پەیامەکانی نوور بە بەڵگە عەقڵیو مەنتیقییەکانی، یەکێکە لەو شایەتانەی کە تەصدیقی پایەی پێغەمبەرێتییان کردووە، لەناو ئەوانیشدا سەرداری مرۆڤایەتییان ﷺ وەکو خۆری ناو جەرگەی ئاسمان بە خوێنەرانی ناساندووە.

ئەوانەی کە بە ڕووکەش پێغەمبەر ﷺ دەناسنو نەچوونەتە ناو کاکڵەو حەقیقەتی نبووەتەوە سەروەرمان ﷺ وەکو هەر سەرکردەیەکی تری جیهانیی دەبینن، کە هەوڵو کۆششی کردووە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی عەرەب لە دەستی زوڵمو زۆرداریو بتپەرستیو، پاشان بە ژیانێکی ئاسایی ژیاوەو، دواتر کۆچی دوایی کردووەو، پەیوەندی بەم دنیایەوە نەماوە. ئەم جۆرە ناسینەش ئەوی وەکو کەسێکی فیداکارو ماندوونەناس شۆڕشگێڕ خۆشەویست کردووە لایان، بەڵام لەو جۆرە خۆشەویستییانە نییە کە سەرتاپای مرۆڤ داگیر بکاتو، خۆیانی بەقوربان بکەن. واتە تەنها ڕووگە مرۆڤانەکەی ئەویان بینیوەو، ئاگایان لە لایەنی مەعنەوی ئەو نییەو نەبووە، کە لە چ پلەو مەقامێکدایە. ئەو جۆرە ناسینەش هیچ دڵخۆشکەر نینو بناغەی یەکێك لە پایەکانی ئیمان بە شلوشۆڵی دەمێنێتەوە.

بەڵێ مەقامی خۆشەویستمان ﷺ ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، چرکە لە دوای چرکە، لەبەرزبوونەوەو گەورەبووندایە، ئەوەتا ئەو نوێژەی دەیکەمو ئەو ڕۆژووەی دەیگرمو ئەو زەکاتەی لەماڵمی دەردەکەم، بە هەمان شێوەی من پاداشتەکەی بۆ حەزرەتی فەخری عالەمیش ﷺ

دەنوسرێتو دەچێتە دەفتەری چاکەکارییەکانی ئەوەوە، بێ ئەوەی لە چاکەی من کەم بکات. ئەمە بە تەنها چاکەکارییەکانی منە، ئەگەر هەمبێت، ئەی کردەوە باشەکانی هەموو نەتەوەی ئیسلام هەر لە یەکەم ڕۆژی بانگەوازەوە، تا دنیا دنیایە، دەبێ چۆن بێتو ئەو مەقامە چەند بەرز بکاتەوە؟ کە بێگومانین هەموو ئەو کردەوانە لە ناو دەفتەری چاکەکارییەکانی خۆشەویستماندا ﷺ دەنوسرێن، ئایا ئەو شایستەی فیردەوسی بالا نییە؟ بەڵێ بێگومان شایستەی ئەو پلە بەرزەیەو، مەگەر تەنها خوای گەورە بتوانێت پاداشتی چاکەکانی بداتەوە.

پەیامەکانی نوور ماهییەتو حەقیقەتی پێغەمبەریان ﷺ دەرخستووەو ئاشکرا کردووە. نەهاتووە باس لەوە بکات لەکوێ لە دایك بوو؟ لەکوێ گەورەبوو؟ کێ شیری پێدا؟ بەشداری چەند شەڕی کرد؟ لەکوێ کۆچی دوایی کرد؟ کێ شۆردیو کێ ئاوی کرد بە دەستیداو لەکوێ نێژرا؟ بەڵکو جیاواز لەهەموو سیرە نوسانو مێژووزانەکان، باسی ژیانە مەعنەوییەکەی سەروەرمانی ﷺ کردووە، ئەو ژیانەی کە یەك پارچە ڕەوشتو ئاکاری بەرزو بڵندو جوان بووە. هەر موسڵمانێك دەیەوێت پێغەمبەر ﷺ وەکو خۆی بناسێت با بۆ جارێکیش بووە گەشتێکی ناو سەرجەم پەیامەکانی نوور بکات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شەرەفمەندی خۆشەویستیی ئەو خۆشەویستە ببێت ﷺ. ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرکەس پەیامەکانی نووری نەخوێدبێتەوە پێغەمبەر ﷺ ی نەناسیوە، نا هیچ کات زەعمی ئەوە ناکەین، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە کە پەیامەکانی نوور

کورتترین‌و ئاسانترین ڕێگان بۆ گەیشتن بە خوای گەورەو ناسینی هەر شەش پایەکەی ئیمان کە یەکێکیان پایەی باوەڕ بە پێغەمبەرانەو لە ناویشیاندا سەرداری مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد مستەفایە ﷺ کە بووە بە ناوکێك درەختی ئیسلامی بە هەموو گوڵو بەروبوومەکانیەوە سەوزکردووە، وە قورئانیش خۆرێکە بەری هەر یازدە ڕوکنەکەی ئیسلامی گرتووە.

لەم کتێبەدا باسی ژیاننامەی کونهی‌و مەعنەوی سەروەری مرۆڤایەتیمان ﷺ لە ڕوانگەی پەیامەکانی نوورەوە کردووەو، خۆمان نەداوە لە قەرەی ژیانە خودییەکەی (زاتییەکەی)، کە زۆر بیستراوەو دەبێ موسڵمانان لە قۆناغی سەرەتاییاندا ئەوەیان دەرخ کردبێت‌و، لە سەر پەڕەی دڵیان نوسیبێتیان.

شێوازی نوسینی ئەم کتێبە لەوەشدا جیاوازە کە ڕیزبەندی کرابێت لە نێوان قۆناغەکانی بانگەوازداو، وەکو قۆناغی سیرەی زاتی لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی نوسرابێت. بەڵکو ژیانی مەعنەوی ڕیزبەندی پێویست نییەو، لەهەرکوێی پەیامەکانی نووردا دەستمان بە بابەتێك گەیشتبێت، هێناومانەو دامان ناوە. هەروەها بۆ ئەوەی زەین‌و بیری خوێنەریش پەرتەوازە نەبێت‌و ڕۆحی ئاوێزان بە خۆشەویستی سەروەرمان ببێت ﷺ و دانەبڕێت لەو کەشە ڕۆحییە بەرزو خاوێنە، پەراوێزمان بۆ هیچ بابەتێکی پەیامەکان دانەناوە، چونکە ناونیشانی کتێبەکە ئاشکرایە کە لە ڕوانگەی پەیامەکانی نوورەوەیەو، پاشان بڕگەکانی تێهەڵکێشی یەکترن‌و، بازبازێن لەناو لاپەڕەو ڕستەو دێرەکاندا کراوەو، شێوازی ڕستەکان لە کەسی سێهەمەوە کراوە بە

دوێنراو (مخاطب)، وە لەزۆر شوێنیشدا درێژەمان پێداوەو، تیشکی زیاترمان خستووەتە سەری.

کەواتە لە ڕوویەکەوە دەبێ وەکو کتێبێکی سەربەخۆ لە پەیامەکانی نوور وەربگێرێت و تێکەڵ بەوان نەکرێت، چونکە وەکو وتمان درێژەمان پێداوەو، لەسیاقی پەیامەکان چوینەتە دەرەوە، لەهەر شوێنێکیش قەڵەم برایە ناو پەیامەکان لەکۆمەڵەی پەیامەکانی نوور دەچێتە دەرەوەو، نابێ بەو چاوە سەیر بکرێت.

بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە نابێت ئەم کتێبە بە نرخە بە زادەی بیری نوسەر بزانرێتو مافی خاوەندارێتی ئەو ڕستەو گەوهەرە نایابانە بە من بدرێت، چونکە من تەنها خۆم بەو حەماڵە دەزانم کە ئەو بەردە گران بەهایانەی ناو پەیامەکانم داوە بە کۆڵمداو لێرەدا دامناونو ڕیزم کردوون. واتە هەموو فەزڵو منەتو پێزانینێك لەدوای خوای گەورە بۆ پەیامەکانی نوور دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش دڵۆپێکن لە دەریای گەورەی قورئانی پیرۆز.

هەروەها ئەم کتێبە بە سیو سێ بڕگەو وەکو شێوازی موناجات نوسراوەو، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی وەسفی پێغەمبەری ئازیزمانە ﷺ. قسەکەر خوێنەرەو، دوێندراویش خۆشەویستمانە ﷺ، موناجاتی دڵی خۆمانمان لەگەڵدا کردووەو، بە شەرمو ڕێزو ئەدەبەوە چووینەتە خزمەتی، ڕێزی شایستەی خۆیمان لێ ناوەو، دەرگای دڵمان بۆ کردووەتەوەو، جگە لە خۆشەویستی خواو خۆشەویستەکەی ﷺ جێگای کەسی تری تێدا ناکەینەوە.

خوای گەورە منەتی خۆی نا بە سەرمانداو ئیلهامی دڵی کردین، بەزیادکردنی کتێبێکی تر بۆ خوێنەرانی کوردزمانو کتێبخانەی کوردی، هیوادارین لە لایەکەوە ببێتە هۆی دەمەزەردکردنەوەی ئیمانی ئیمانداران‌و تازەکردنەوەی خۆشەویستییان بۆ پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ و لەلایەکی تریشەوە کردنەوەی دەروازەیەك بێت، بۆ ئاشنا بوون بە ناوەڕۆکی پەیامەکانی نوور، کە مەهدی‌و نوێخوازی ئەم سەردەمەیەو، قەڵای مەحکەمی موسڵمانانە بۆ پاراستنی ئیمان‌و باوەڕیان.

هەر کەموکوڕییەك لەم کتێبەدا هەبوو، پەیوەندی بە پەیامەکانی نوورەوە نییەو زادەی بیرو تێروانینی خۆمە، تەنها خوای گەورەیە بێ هەڵەو کەموکورتییەو، کەماڵ بۆ زاتی ئەوە. ولله المنة والفضل.

سەرحەد یونس محەمەد

شارەزوور

٢٠١٩/٤/١٠

(١)

ئەی سەروەرم ﷺ.. جیاواز لەوەی ناوی موبارەکت چییەو کوڕی کێیتو لەکام هۆزو تیرەیت؟ یاخود لەکام شوێنو چ ساڵێکدا لە دایك بوویتو لە کویێ کۆچی دواییت کردووە؟ دایکت ناوی چییەو کامە نەسەبێتی؟ باپیرت کێ بوو، کەی دنیای بەجێهێشت؟ کێ شیری پێدایتو لەکوێ گەورە بوویت؟ کێ بوو بە هەتیوی سەرپەرشتی کردیت؟ ئایا شوانیت کردووە یان گاوانی، شام گەڕاویت یان یەمەن؟ کەی خێزانت پێك هێناوەو، ناوی هاوسەرەکانت چی بوون؟

هەموو مرۆڤەکان لەوەدا هاوبەشن کە خاوەن ژیاننامەیەکی خودیی بن، هەریەکەیان خاڵی دەست پێکردنو خاڵی کۆتاییان هەیە. لەدایك دەبن، گەشە دەکەن، گەورە دەبن، پاشان دەمرن، ئەمەش سوننەتی ژیانەو، شاو گەدا لەو مافەدا یەکسانن. هەرچی ئەو ژیاننامە خودییەیە نابێتە ناسێنەری مرۆڤەکان، گەر کاکڵەو ناوەڕۆکی ئەو کەسە وەکو خۆی دەرنەخرێت.

ئەوەی ئاشنای دەکات بە هەمووانو نرخی بەرز دەکاتەوە بەرهەمی کارەکانێتی کە لە سەر شانۆی ژیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات. زانستەکەی، ڕەوشتەکەی، ڕاستگۆییو جوامێرییەکەی، ئاکارە جوانەکانی، نوسینە بە نرخو داهێنانەکانی، هەوڵو تێکۆشانو ماندووبوونەکەی، ئازایەتییەکەی، هەموو ئەو بەها باڵایانە دەبێتە

ناسێنەری ئەو کەسەو، نرخو بایەخی بەرز دەکاتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەوەی کە نزمی دەکاتەوەو، لە پلەی مرۆڤێتییەوە دەیهاوێتە خوارەوە بۆ چەندین پلە لە خوارووی پلەی ئاژەڵەکانەوە، ڕەوشتە نزمەکانی وەکو درۆ، خیانەت، بێ ڕەوشتی، شەڕەنگێزی، ترسنۆکیو دەیان ڕەوشتی ناپەسەندی تر کە مرۆڤ تەرێزی لێ دەکاتو، بێزی لێی دەبێتەوە.

خۆ ئەگەر کەسێ جگە لەو سیفەتو ئاکارو بەها باڵایانەی سەرەوە کە بە هەوڵو تێکۆشانی خۆی بەدەستی هێناون، خەڵاتێکی گەورەیی خواییو، مەدالیای ڕێز لێنانو، بڕوانامەیەکی باڵا بکرێت بە بەریدا، چۆن دەتوانرێت ماهییەتی ئەو کەسە لە ژیاننامە خودییە دنیاییەکەیدا دەربخرێت؟

خۆشەویستم ﷺ، یەك جارمان بەسە ژیاننامەی خودیی تۆ ئاشنا ببینو لە سەر پەڕەی دڵمان بینوسین، دڵێك شەوو ڕۆژ ناوی تۆی تێدا نەبێت، شوشەیەکی بەتاڵ زیاتر نییە، سەرێك هەمیشە لەیادی تۆدا نەبێت، زرکە تاڵمان بۆ چییە!

ئەوەمان بەسە کە بزانین ناوی پیرۆزت محەمەدە ﷺ، باوکی جوانەمەرگت عەبدوڵاو، دایکی بێنازت ئامینەی کچی وەهەب، مامت ئەوتالیبو، باپیرت عەبدولموتەلیب، قورەیشی نەسەبو، جێگای لەدایك بوونت مەککە. هەموو تەمەنمان سەرقاڵ ناکەین بە ژیاننامەی خودییتەوە، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ زۆرێك لە موسڵمانان ئاڵاون بەم جۆرە ناساندنەتەوەو، سەری زمانیانو بنی زمانیان ژیانە کەسییەکەتەو،

خۆیان لە قەرەی ژیانی مەعنەویت نادەن، قورئانی پیرۆزیش جار جار نەبێت باسی لایەنە مرۆڤییەکەتی نەکردووە.

بەڵکو بەرز دەبینەوە بۆ ژیاننامەی مەعنەوی‌و کونهی تۆ، ئەو ژیانەی کە قورئانی پیرۆز شایەتیت بۆ دەداتو دەفەرموێت " تۆ خاوەنی ڕەوشتو ئاکارە بەرزو بالآکانیت". یان وەکو عائیشەی دایکمان دەفەرموێت: ڕەوشتەکانی تۆ ناوەڕۆکی قورئان بووەو لە خۆتدا جێبەجێت کردوون. بەڵێ تۆ بۆ تەواوکردنی ڕەوشتو ئاکارە بالآکان تەشریفت هێنایە دنیا.

هەرچی حاڵەتو ئەوسافی تۆی خۆشەویست هەیە ﷺ لە شێوەی مێژوودا باس کراون، هەموو ئەو حاڵەتو ئەوسافانەش تەنها لایەنی مرۆڤێتی تۆیان دەرخستووە. مرۆڤیش بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، تێکەڵاو بەخەڵکی دەبێت، دەکرێت، دەفرۆشێت، دەخواتو دەخواتەوەو دەخەوێت، ژن‌و ژنخوازی دەکات.

کەسێتییە مەعنەوییەکەت لە زاتی پیرۆزتداو، ماهییەتی بەرزو نوورانی تۆ، بەڕادەیەکی وایە کە هەرچی لە کتێبەکانی ژیان‌و مێژووی ئەحواڵ‌و وەسفی تۆدا نووسراون، هەرگیز ناگەنە ئەو پلە بەرزو بڵندەی کە لە ڕاستیی نبووەتەکەتدا هەیە.

بەڵێ هەرچی ڕەوشتی جوان هەیە لە تۆدا کۆبووتەوەو یەکی گرتووە. هەروەها کەسێتییە مەعنەوییەکەشت ﷺ کە لەپەیامەکەتدایە لێوان لێوە لەبەرزترین ڕەوشتی بە نرخ‌و بەهادار، هەروەها هێزی زوهدو بەندایەتی‌و لەخواترسانەکەت، ڕادەی بەهێزیی ئیمانەکەت دەردەخات. تۆ ئەو بەڵگە نوورانییە بوویت، کە یەکتایی

خوات سەلماندو ڕێنمایی مرۆڤایەتیت بۆ تەوحید کردو بتەکانی ناو دڵی مرۆڤت تێك‌و پێك شکاند.

ئەوەتا هەرچی ڕۆژ هەیە بەپێی دەستووری (السبب كالفاعل) یان (الدال على الخير كفاعله) واتە ئەوەی ئەبێت بە هۆی کردنی کارێك لەلایەن کەسێکەوە، پاداشتی بکەری ئەو کارەی دەست دەکەوێت، بێ ئەوەی لە پاداشتی بکەرەکە کەم ببێتەوە. بەپێی ئەم دەستوورەی کە خۆت فەرمووتە، هەر لە سەرەتای دابەزینی سروشەوە تا ئێستاو تا دنیاش دنیایە، بەئەندازەی پەرستشی نەتەوەکەت، پاداشتی پەرستش‌و بەندایەتی دەخرێتە سەر لاپەڕەی کردەوەکانت. واتە ڕۆژانە تاك بە تاکی نەتەوەی ئیسلام، چەند نوێژو زیکر دەخوێنن‌و، ساڵانە چەند ڕۆژوو دەگرن‌و، زەکات دەدەن‌و، حەج‌و عەمرە بەجێ دەهێنن، یان چەند سەر وڵاخ دەکرێت بە قوربانیی، چەند خێرو صەدەقەو بەخشین ئەنجام دەدرێت، هەموو ئەو پەرستشانە بەتەواوی دەچێتە ناو دەفتەری چاکەکارییەکانی تۆوە بە بێ ئەوەی لە چاکەی ئەوان کەم بکات.

گەر بەم چاوەوە بۆت نەڕوانین‌و سەرمان بەرز نەکەینەوە بۆ ماهییەتی بەرزو بڵندت، بۆ کەسایەتییە پیرۆزو بە نرخەکەت ﷺ، کە لە غەزای بەدردا هەریەکە لە جیبریل‌و میکائیل دوو فریشتەی نزیکی خوا، هاوەڵی ئەمینت بوون‌و پارێزگارییان لێ کردوویت، گەر بەو شێوە بەرزە تەماشات نەکەین‌و، تەنها لایەنە مرۆڤێتییەکەت بخوێنینەوە کە لە ناو بازاڕداو لە سەر مامەڵەی ئەسپێك لەگەڵ کابرایەکی ئەعرابیدا کەوتوونەتە مشت‌و مڕەوەو، ئەویش بێ ئەدەبانە داوای شایەتی

لێکردوویت، تاوەکو تۆ بیسەلمێنیت کە پارەت پێ داوەو ئەسپەکەت لێ کڕیوە، لەوێدا حەزرەتی خوزەیمەی هاوەڵی وەفادارت، شایەتی بۆ داویت کە تۆ ئەسپەکەت لەو کابرایە کڕیوەو، بەو شێوەیە بێ دەنگی کردووە. مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ناسینی پلەو مەقامی مەعنەویی بڵندی تۆدا نەکەوێتە هەڵەوەو تووشی بەدگومانیو کورتبڕی نەبێت، دەبێت سەر بەرز بکاتەوەو، بۆ پایەو مەقامی بڵندی تۆ بڕوانێت لەو کاتەدا کە لە حوزووری خوای گەورەدایتو، بە چاوی سەر زاتی پیرۆزی ئەو دەبینیتو، بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆو بێ پەردەو هۆکار، لەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەیت، ئەگەر بەم شێوەیە نەڕوانین بۆ ماهییەتە بەرزو بڵندەکەت، کە لە چڵەپۆپەی بەرزی پێغەمبەرایەتیدایە ﷺ، لە کوێ ئەو کەسێتییە نوورانییە بەرزەت دەردەکەوێت.

ئەگەر بەم چاوەوە تەماشات نەکەینو، تەنها سەیری لایەنە مرۆڤانەکەت بکەین، ئەوا (حاشا) زمانم لاڵ، یان بێ ئەدەبیت بەرامبەر دەکەین، یان دەکەوینە ناو وەهمو گومانو دوودڵییەوە. هەر ئەوەیە وای کردووە، زۆرێك لە موسڵمانانی ڕواڵەت بین، لەمڕۆدا ئەوانەی کە تەنها توێکڵی بابەتەکان دەبیننو، ناچنە ناو کاکڵەی ڕاستییەکان، بەچاوی کەسایەتییەکی ئاسایی بۆت دەڕواننو، هیچ سۆزو مەحەبەتێکیان بەرامبەرت نییە، واتە تەنها لایەنە مرۆڤییەکەت دەبیننو، پەییان بە ماهییەتی بەرزو بڵندی نبووەتەکەت نەبردووە.

بەڵێ بڕوانامەکەی تۆ کە (نبوەت)ە، پڕیەتی لە نهێنییەکانی بوون، پڕە لە ناوو سیفاتە جوانو پیرۆزەکانی خوای گەورە، لەوانە: سیفەتی (رؤوف و رحیم،....).

ڕوو له توێکڵ وەردەچەرخێنینو بە هەموو هەستو نەستێکمانەوە خۆمان دەگەیەنین بە کانگای ڕاستییەکانو کاکڵەی حەقیقەت، وەکو چۆن پزیشك جیاوازە لە پزیشکیی، ئەندازیار جیاوازە لە ئەندازیاریی، بە هەمان شێوە نەبی جیاوازە لە نبووەت. پزیشك ئەحمەد ناوێکەو هەڵگری بڕوانامەی پزیشکییە، ئەندازیار کەریم ناوێکەو بڕوانامەی ئەندازیاریی وەرگرتووە، هەرکام لەوان بە بێ بڕوانامەو زانستەکەیان مرۆڤێکی ئاساییو، کەس متمانەی ڕەچەتەی پزیشکیو، نەخشەی پڕۆژەیەکیان پێ ناکات، بەڵام بە زانستەکەیانەوە کە کاکڵەو ناوەڕۆکیانە، نەخۆش خۆی دەهاوێتە بەردەستی ئەحمەدی پزیشك، تا نەشتەر بخاتە سەر سکیو گورچیلەکانی بۆ بگۆڕێت، بەڵێندەرانیش بە بێ دوودڵی هەرچی سەرمایەیان هەیە، دەخەنە ناو پڕۆژەو نەخشەی جەنابی کەریمی ئەندازیارەوە. هەرچەندە ئەمانە جیاوازن لە یەکتری بەڵام ناشتوانین بە تەواوی لە یەکیان دابڕین، چونکە یاساو دەستوورەکانی پزیشکییو ئەندازیاریی، ئەگەر ئەو کەسانە نەبن بەکاریان بهێنن بێسوود دەمێننەوەو، ئەحمەدو کەریمیش بە بێ یاسا پزیشکیو ئەندازەییەکان کەسانێکی ئاسایین.

نبووەتیش بە هەمان شێوە جیاوازە لە نەبی، نەبی مرۆڤێکە کە هەڵگری شەهادەی نبووەتە. بەڵام نبووەت تایبەتمەندیی خوای گەورەیەو دەیدات بە یەکێك لە بەندە شایستەکانی. نبووەت بڕوانامەیەکە هەڵگرەکەی بەنای خواوە لە سەر زەویدا قسە دەکاتو فەرمانو نەهییەکانی جێ بەجێ دەکات، یاسا و شەریعەت بۆ مرۆڤو جنن، بەڵکو بۆ تەواوی بوونەوەران دادەنێت. بەڵام لەگەڵ ئەم

جیاوازییەشدا، ناکرێ نەبیو نبووەت بە تەواوی لەیەك داببڕێنو بە جیا سەیر بکرێن. هەروەها قوڵییو وردیو فراوانیی نبووەت هاوتای قوڵییو وردیو فراوانیی گەردوونەو لە ناساندنی خوای گەورەدا یەکسانن

کەواتە ئەو کاتەی کە بیر لەو هەرایە دەکەینەوە کە لە بازاڕدا لەگەڵ ئەعرابییەکدا کەوتنە مشتومڕەوە، دەبێ چاوی ئەندێشەمان بەرز بکەینەوەو، تەسەوری ئەو زاتە نوورانییەت بکەین ﷺ کە سواری بوراق بوویتو، بەرەو (قاب قوسین أو ادنی) تەشریفت برد، وە دواتر حەزرەتی جیبریلت لە ڕێگادا بەجێ هێشت، کە نەیتوانی لەوە زیاتر سەربکەوێت. ئەگەر بەو چاوە تەماشات نەکەین، ئەوا دەروونی بەدخوازمان (حاشا) یان بێ ئەدەبیت بەرامبەر دەکات، یان بەتەواوی پێمان دەخلیسکێتو وامان لێ دێت کە قورس بێت تەصدیقت بکەین.

خوای گەورە وەکو پێغەمبەرانی تر بە ناوی خۆتەوە بانگی نەکردوویت، بەڵکو هەموو جار بە (یاأیها النبی)و بە ناوی ڕیسالەتو نبووەتەوە فەرمانەکانی بۆ ڕەوانە کردوویت. ئەمەش ڕادەی ئەو گرنگی پێدانەی پەروەردگار دەرئەخات دەرحەق بەخۆشەویستیو گەورەییو پلەو مەقامی تۆ لای خۆی. کەواتە سەرداری هەموو پێغەمبەرانیتو، هۆکاری دروست بوونی گەردوونیت صەلاتو سەلامی خوات لەسەر بێت.

(٢)

ئەی سەروەرم ﷺ.. بە دڵنیایی‌و بێ گومان تۆ کەسێکی نەخوێندەوار بوویت، وەك مەولانای جامی فەرموویەتی: ئەو مرۆڤە نەخوێندەوارە لە سەرانسەری ژیانیدا هیچی نەنوسیوە، جگە لەوەی کە تەنها یەك جار پیتی ئەلفی لە سەر ڕوخساری ئاسماندا نووسی‌و، مانگی پێکرد بە دوو کەرتەوە. بەڵێ ناوی موبارەکت محەمەدی ئەمین‌و نەبییە ﷺ، بەڵام بڕوانامەکەت (نبوەت)ە کە جیاوازە لە (نەبی)، هەروەك چۆن (پزیشکیی) جیاواز بوو لە (ئەحمەد) ئەندازیاریی جیاواز بوو لە (کەریم)، بە هەمان شێوەش خودی خۆت وەکو (محەمەد) ﷺ لەگەڵ بڕوانامەی(نبووەت)ەکەت جیاوازن لەیەکتری. نبووەت ئەو خەڵاتی ڕێزلێنانەیە کە تەنها شایستەی مرۆڤە هەڵبژاردەکانە، ئەو مەدالیای شەرەفەیە کە دەکرێتە ملی مرۆڤە ناوازەکان. تۆ ئایەتی هەرەمەزنی ناو ئەم کتێبە گەورەیەی گەردوونیت، کۆتایی پێ هێنەری کاروانی پێغەمبەرایەتیت، سەلامی خوا لە تۆو لەپێغەمبەرانی پێشوو بێت.

سروشی پەروەردگار ئەوەندە قورس‌و گرانە، تەنها مرۆڤە هەڵبژاردەکان دەتوانن بەرگەی بگرن، ئەوەتا هەرکات ئایەتێکت بۆ دەهاتە خوارەوە، لەتاو گەورەیی‌و قورسیی پەیامەکە جواناوت دەردەداو، سوور دەبوویتەوەو، بێ دەنگی دای دەگرتیت. ئەو

سروشە ئەوەندە گەورەو گرانە گەر دابەزێت بۆ سەر چیایەکی گەورەو بەرزو بڵند دەیکات بە خۆڵەمێش. ئەرکی (نبووەت) هێندە قورس‌و گرانە، گەر ئەو پەیامە بۆ سەر شانی هەموو هاوەڵان دابەزیایە، ئەوا هەموویان پێکەوە بەرگەی ئەو سروشەیان نەدەگرت.

هەربۆیە پێغەمبەرایەتی ئەرکێکی یەکجار گران‌و، کۆڵێکی تا بڵێی قورسە، گەر مرۆڤ هەموو توانستە ژیرەکییەکانی گەشە نەکات‌و پێ نەگات‌و، تواناو لێهاتنەکانی دڵیشی بە تەواوی کامڵ نەبووبن، ئەو ئەرکەی ناخرێتە ئەستۆ، کاتی ئەم کامڵ بوونەش تەمەنی چل ساڵییە، بەپێچەوانەی تافی لاوی‌و هەرزەکاری، کە دەمی دەرچوونی هاندەرە دەروونییەکان‌و، گەرمەی قوڵپدانی غەریزەکان‌و، کاتی هەوڵدان‌و هەڵپەکردنە بۆ دنیا، هەرگیز بۆ کارو فەرمانی پێغەمبەرایەتی دەست نادات، هەروەك چۆن بۆ ئافرەتانیش دەست نادات، کە ببن بە پێغەمبەرو مەهدی، چونکە لاوازی لە سروشتیاندا هەیەو، بۆ ئەو کارە دەست نادەن. کە چەند کارو ئەرکێکی پوختی تەنها سەر بەدواڕۆژن، دەبێ بە پاکی‌و بێ گەردی تەنها لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا ئەنجام بدرێن.

ببورە خۆشەویستم ﷺ، کەی لە سۆزو شەفەقەتی لە ڕادەبەدەری تۆ گەیشتووین! بێ ئاگا لەوەی لە نەفسی خۆمان بۆ خۆمان دڵسۆزتریت، گەر ئێمەی مرۆڤ بکرێین بە دوو توێوە، ئەوا سۆزو میهرەبانی تۆ توێیەکیانەو، هەرگیز پێت خۆش نییە ئەو جەستەیەمان ئاگری دۆزەخ بیسوتێنێت. دێین‌و دەچین، ناوەکەت دەبینین،

شوێنەوارەکەت لەناوماندایە، بەڵام هێشتا وەکو خۆت کە ڕەحمەتی بۆ جیهانیان نەمان ناسیویت!

گەر پرسیار بکرێتو بوترێت تۆ کێیت؟ ئەوان تێکڕای گەردوون شایەتیت بۆ دەدات، کە تۆ ئەو کەسە مەزنەیت، گۆی زەوی بووە بە مزگەوت بۆتو، مەککە بە میحرابو، مەدینەش بە مینبەر، هەموو خەڵکی لەدواتەوە ڕیزیان بەستووەو، بە خشوعو ئەدەبەوە پێشنوێژی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی دەکەیت، وتاریان بۆ دەخوێنیتەوەو، یاساکانی بەختەوەرییان بۆ ڕوون دەکەیتەوە.

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت هەڵبژاردەی خوان لە سەر زەویداو بۆ لای مرۆڤەکان ڕەوانە کراون، فەزڵی هەندێکیان دراوە بە سەر هەندێکی تریانداو مەقامیان لەوانی تر بەرزترە، ئەوەش پەیوەندیدارە بە ڕادەی گرنگیی ئەو نەتەوانەی کەبۆی ڕەوانە کراون. بۆیە پلەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت جیاوازەو، هەریەکەیان لە حەقیقەتی بوونو گەردووندا بڕو ئەندازەیەکی دیاریکراوی پێ دراوە، بڕوانامەی هەریەکەیان بەپێی مەقامو پلەی ئوممەتەکەیان بووە. جا لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی لەسەردەمی کۆتاییدا گەیشتە پلەی کەماڵو قۆناغی پێگەیشتنی تەواو، ئەوا تۆی خۆشەویست کە پێغەمبەری ئاخیر زەمانیت ﷺ هەموو واتاو ناوەڕۆکی بوونت پێ دراو فێرکرایت. نهێنیی میعراجیش هەر ئەمەبوو، کە تەنها تایبەت کرابوو بە تۆوی خۆشەویستەوە ﷺ. بڕوانامەی نبووەتەکەت پەیوەستە بە هەموو بوونەوەرانەوە لە پلەی کەماڵو پێگەیشتنیاندا. چی تر لە دوای تۆ پێویست بە شەریعەتی تر نەما، چونکە شەریعەتە

مەزنەکەی تۆ سەروزیادی هەموو نەتەوەیەکە لە هەموو چەرخێکداو، مرۆڤایەتی کامڵ بووەو قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی بڕیوەو، بەرەو خوێندنی باڵا ڕۆشتووەو، شایانی ئەوەیە یەك وانە بخوێنێتو، پەیڕەوی لەیەك شەریعەت بکاتو، شوێن یەك مامۆستا بکەوێت، کە تۆی سەروەری مرۆڤایەتیت ﷺ. لایەنە جوزئییەکانی ئەو ئەحکامە فیقهی‌یانەش کە دەقیان لەبارەوە نییەو، بەپێی بارودۆخ داخوازی ئاڵوگۆڕن، ئەوا ئیجتیهادی زانایانی مەزهەبەکان ئەم کارەیان گرتووەتە ئەستۆ.

خۆ ئەگەر سەرجەمی مرۆڤایەتی بیانتوانیایە لە سەر یەك ڕەوتو لەیەك ئاستی کۆمەڵایەتیدا بژیانایە، ئەوا ئەو کاتەش دەکرا مەزهەبەکانیش یەکیان بگرتایەو ببوونایە بە یەك مەزهەب بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی، وەکو چۆن شەریعەتەکە بووە بەیەك شەریعەت، بەڵام حاڵەتو بارودۆخی جیهانو سروشتی خەڵکی دەرفەت بەو یەکگرتنە نادەنو، مەزهەبەکان بە فرەیی دەمێننەوە.

هەروەها ئەم پەیامەی کە تۆ هێناوتە بناغەی هەموو ئایینەکانی پێغەمبەرانی پێشینی لە خۆگرتووەو، لەخۆیدا کۆی کردوونەتەوە. بەمەش تەزکییەی هەموویان دەکەیتو، پایەی باوەڕ بە پێغەمبەرایەتی پتەوو جێگیر دەکەیت.

هاوەڵێتی تۆی خۆشەویست ﷺ ئەوەندە ئێکسیرێکی مەزن بووە، ئەوەندە کاریگەریی لەعادەت بەدەری هەبووە، کە هەرکەسێك ماوەی یەك خولەك پێی شەرەفمەند بووبێت، ئەوەندە نووری حەقیقەتی دەست کەوتووە، کە پێشینانمان لە ئەولیاو ساڵحەکان بە

چەندین ساڵی تەمەنیان لە وەرزشی ڕۆحیو سەیرو سلوکدا بە دەستیان نەهێناوە. چونکە هاوەڵێتی لەگەڵ تۆو، لەکاتی نبووەتو ئەرکی پێغەمبەرێتییەکەتدا ﷺ ، بریتیی بووە لە ڕەنگ گرتن بە ڕەنگی ڕاستییو، تیادرەوشانەوەی ڕووناکیی حەقیقەت. ئەوان شەرەفمەندی چەندین مەقامی بەرز بوونو، وەکو ئەو خزمەتگوزارەی پادشایان لێهات، کە ڕۆژانە لەگەڵ پادشادا وتووێژ دەکاتو، لەگەڵی دادەنیشێتو، قسەی دڵی خۆی بۆ دەکات، بەڵام ئەوە بۆ سەرکردەیەکی مەزنی سوپا ناگونجێت، مەگەر لە بۆنەیەکی تایبەتو کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا، کە لەوێش ناتوانێت بەکامی دڵ لەگەڵ پادشادا بدوێت.

هەر بە هۆی ئەم نهێنییەوەیە کە دەبینین گەورەترین وەلی وەکو جەلالەدینی سییوتی کە هەر لە حاڵی بێداریداو دوور لە جیهانی خەو، شەرەفمەندی بەخزمەت گەیشتنی تۆ بووە، ئەم وەلییە مەزنەو هەموو ئەوانەی تریش کە بە پلەکانی ویلایەتدا سەرکەوتوون، کەسیان ناگەن بە پلەی هاوەڵە بەرێزەکان خوایان لێ ڕازی بێت.

چونکە هاوەڵە بەرێزەکان بە (نووری نبووەت) هاوەڵێتی تۆیان کردووەو، لەکاتی پێغەمبەرێتی تۆ ﷺ و بانگەوازەکەتدا بووە، بەڵام وەلییە پیاوچاکەکان دوای کۆچی دوایی تۆو، لەدوای تەواوبوونی سروش تۆیان بینیوە. کەواتە هاوەڵێتی ئەوانو بە خزمەت گەیشتنت بە نووری ویلایەت بووە، نەك نبووەت. کەواتە جیاوازی ئەم دوو جۆرە هاوەڵێتییە هێندەی بەرزی نببوەت وایە بە سەر ویلایەتداو، وەکو

جیاوازی نێوان خۆری ڕاستەقینەیە لە ناو جەرگەی ئاسماندا لە گەڵ وێنەکەی لە ناو ئاوێنەدا، بەو شێوەیە لەیەك جیاوازن.

ئەو پلەی هاوەڵێك لە ماوەی چل خولەکدا بە هۆی نووری نبووەتەوەو لە نزیکی تۆدا دەستی کەوتووە، مەگەر وەلییەك لە ماوەی چل ڕۆژ یان چل ساڵدا بتوانێت ئەوە بە دەست بێنێت.

بەمەش ئەو ئێکسیرەمان بۆ دەرکەوت کە لە هاوەڵێتی تۆی خۆشەویستدا ﷺ هەبووەو، پلەو مەقامی هاوەڵانیشمان بۆ دەرکەوت کە چۆن لە چڵەپۆپەی کەماڵی مرۆڤانەدا بوون.

(٣)

ئەی سەروەرم صلى الله عليه وسلم.. ناسینی تۆ ناسینی هەر شەش پایەکانی باوەڕەو، هەر هەموویانت لەخۆدا کۆ کردوونەتەوە. کەسێ تۆ نەناسێتو زەعمی ئیمان بکات، بڵی خوا دەناسمو ئیماندارم، ئەوا درۆیەکی شاخدار دەکاتو، خۆیو خەڵکیش دەخەڵەتێنێت.

ئیمان بریتییە لەشەش پایەی جێگیرو مەحکەمو، لە شەش ڕاستیی ڕوونو ئاشکرا پێك هاتووەو، هەرگیز لەتکردنو دابەش بوون هەڵناگرێت، کە ئەوانیش پایەکانی (ئیمان بەخوا، ئیمان بە ڕۆژی دوایی و حساب، ئیمان بە کتێبەکانی خوا، ئیمان بە پێغەمبەرانی خوا، ئیمان بە فریشتەکانی خوا، ئیمان بە قەزاو قەدەر بەخێرو شەڕییەوە). هەموو یەکێك لەو پایانە دەبێت بە بەڵگەی گەورەو گومان بڕ بۆ هەموو یەکێ لە پایەکانی تر.

پایەکانی ئیمان وەکو پایەکانی ئیسلام نین کە پێنج دانەنو، بە هەموویانەوە لقێکی پایەکانی ئیمان پێك دەهێنن. دەکرێ موسڵمانێك دوای باوەڕبوونی بە شەش پایەکانی ئیمان، شایەتومان بهێنێتو نوێژەکانی بکات، کە دوو پایەی ئیسلامن، بەڵام لەوانەیە تا کۆتایی تەمەنی بە هۆی نەخۆشیو هەژارییەوە نەتوانێت پایەکانی

ڕۆژوو، زەکات، حەج جێبەجێ بکات، ئەمەش نابێتە هۆی زایە بوونی ئیمانەکەی‌و، بەموسڵمانی ئیمانداری کامڵ دەمێنێتەوە.

بەڵام قبوڵ نەکردنی یەك پایەی ئیمان، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئیمانی ئەو کەسەو، لەبازنەی خواناسی دەچێتە دەرەوەو، بەرەو تاریکستانی کوفر بەر دەبێتەوە.

ئیمان بە تۆی سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ و پێغەمبەرانی تر سەلامی خوایان لێ بێت، بە هەموو بەڵگە گومانبڕەکانییەوە ئیمان بە دوارۆژو هەموو پایەکانی تری ئیمان دەچەسپێنێت. جا ئەو کەسەی کە نەتوانێت هەموو پایەکانی ئیمان‌و بەڵگەکانی زامدار بکات، دیارە دەستەپاچەو کۆڵەواریش دەبێت لەوەی کە نەفی یەکێکیان بکات‌و پوچەڵی بکاتەوە. مەگەر کەسێك بیەوێت عینادی بکات‌و، نەیەوێت وەری بگرێت‌و، چاوی خۆی بنوقێنێت، کە بەمەش دەچێتە ناو کوفری عینادییەوەو وردە وردە باز دەداتە ناو کوفری موتڵەقەوە. ئەو کاتە لە مرۆڤێتی دەچێتە دەرەوەو لەناخدا دەبێت بە ئاژەڵێکی زیان بەخش بۆ مرۆڤو کۆمەڵگاو، جگە لە سزای دۆزەخ، لەم دنیایەشدا دەکەوێتە ناو دۆزەخێکی مەعنەوییەوە.

نهێنی‌و ماهییەتی ژیانیش دەڕوانێتە یەکێ لەو پایانەی ئیمان، کە ئەویش پایەی ئیمان بە پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت‌و بە هێما دەیچەسپێنێت. بەڵێ مادەم گەردوون لە پێناوی ژیاندا بەدیهێنراوە، ژیانیش گەورەترین درەوشانەوەو تەواوترین نەخش‌و نیگارو جوانترین صنعەتی (حي و قيّوم)ە، وە مادەم ژیانی هەمیشەیی ئەو خواوەندەش بە ناردنی پێغەمبەران‌و نازڵکردنی کتێبەکان، خۆی

ئاشكرا دەكات، چونكە گەر پێغەمبەران‌و كتێبەكانیان نەبوونایە، هەرگیز ژیانی ئەزەلیی خواوەندیش نەدەزانرا. قسەو ئاخاوتنی هەر كەسێك زیندوییو ژیانی ئەو كەسە دەردەخات، پێغەمبەران‌و كتێبەكانیان بە هەمان جۆرن، ڕوونكەرەوەو بەڵگەن لە سەر ئەو خاوەن گوفتارو قسەكەرە زیندووەی كە بە وشەو گوفتارەكانی خۆی لەپشت پەردەی غەیبی داپۆشراوی پشت پەردەی گەردوونەوە، ئەمرو نەهییەكانی ڕادەگەیەنێت.

كەواتە ئەو ژیانەی وا لە گەردووندا بەڵگەیەكی گومانبڕە لە سەر زیندوییو پێویست بوونی زیندووی ئەزەلی كە خوای گەورەیە، وە تیشكەكانی ئەویش بۆ ئەو شتانە دەڕوانن كە وابەستەی ئەو ژیانە ئەزەلییەن، وەك پایەكانی ئیمان، چەشنی ناردنی پێغەمبەران‌و نازڵكردنی كتێبەكان، ئەم دوو پایەیە بە هێما دەچەسپێنن، بە تایبەتی پێغەمبەرێتی تۆی سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ و ئەو سروشەی كە لەدوو توێی قورئانی پیرۆزەوە بۆت دابەزیوە.

پێغەمبەرێتی تۆ ﷺ و ئەو قورئانەش بۆت دابەزیوە كتومت وەكو (ڕۆح‌و عەقڵ)ی ژیان وان. بەڵێ هەروەك ژیان پوختەیەكی داچۆڕاوی ئەم گەردوونەیە، هەست‌و شعووریش چەند نمێكن لە ژیانەوە داچۆڕاون‌و پوختەی ژیانن. ژیرییش لە هەست‌و شعوورەوە داچۆڕاوەو پوختەی هەست‌و شعوورە. گیانیش پوختەو كاكڵەی بێگەردو خاوێن‌و زاتی سەربەخۆی ژیانە.

هەروەك ئەمانە وان، بە هەمان جۆر ژیانی ماددی‌و مەعنەوی تۆی سەروەریش ﷺ نم نم لە ژیان‌و لە گیانی گەردوون‌و،

پێغەمبەرایەتییەکەشت ﷺ لە هەستو شعوورو ژیریی گەردوونەوە داچۆڕاونو، پوختەی خاوێنو بێ گەردی ئەم گەردوونەن. تەنانەت ژیانی ماددیو مەعنەویت بە شایەتیی ئاسەوارەکانی ژیانت، ژیانی گەردوونەو، پێغەمبەرایەتییەکەشت ﷺ (هەستو شعووری) شعووری گەردوونەو، وەحی قورئانی پیرۆزیش بەشایەتی ڕاستییە زیندووەکانی، گیانی ژیانی گەردوونەو، ژیریی هەستو شعووریەتی.

خۆ ئەگەر نووری پێغەمبەرێتییەکەت ﷺ گەردوون بەجێ بهێڵێت، ئەوا سەرتاپای گەردوونو بوونەوەران دەمرنو گیان لەدەست دەدەن. گەر قورئانی پیرۆزیش ماڵئاوایی لێ بکاتو دوور بکەوێتەوە، ئەوا گەردوون بە تەواوی شێت دەبێتو، گۆی زەویش عەقڵو ژیریی لەدەست دەداتو، بە بێ هەست دەمێنێتەوە، تا وای لێ دێت خۆی بە هەسارەیەکی گەڕۆکی ئاسماندا دەکێشێتو، قیامەت بەرپا دەبێت.

کێ مافی ئەوەی هەیە سکاڵا لەبەرنامەو شەریعەتێك بکات کە تۆی سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ هێناوتە، ئەویش کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە؟ بە تایبەت چینی عەوامو گشتینەی خەڵکی، لەگەڵ خاوەن بیرو داهێنەرەکان؟ هیچ کات ئەوان مافی سکاڵاکردنیان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام نییە. چونکە ئەم ئایینە وەکو مەزهەبی کاسۆلیکی مەسیحی دژایەتییان ناکاتو، خەواصەکان بە سەر سەری ئەوانەوە نالەوەڕێنێت، بەڵکو لەژێر سایەی خۆیدا دەیانحەسێنێتەوە.

قیاس کردنی ڕیفۆرمی ئایینی لەناو ئایینی مەسیحی دا لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام قیاسێکی زۆر هەڵەیەو، هەرگیز ئەم دوانە بەراورد ناکرێن بە یەکتری. ئایینی مەسیحی بە تایبەت مەزهەبی

کاسۆلیکی له لایەن پیاوانی دەوڵەتو کەسانی تایبەتمەندەوە وەکو ئامرازێکی خۆسەپاندن بەکارهێنرابوو. ئەوەبوو تایبەتمەندەکان لەڕێی ئەو هۆکارەوە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر چینی عەوام (گشتینەی خەڵکی) درێژە پێ دەدا، بە ڕادەیەك کە بوو بە هۆکاری چەوسانەوەو هاڕینی کەسانی خاوەن هیممەتو بەغیرەت، کە ناویان لێ نابوون ئاژاوەچیو ڕەشۆکی. هەروەها ئەم مەزهەبە کرابوو بە هۆکاری سەرکوتکردنی ئەو زاناو بیریارانەی کە بانگەشەیان بۆ سەربەستی دەکردو، ڕووبەڕووی ستەمو خۆسەپاندنی چینی خەواص دەبوونەوە. ئەم ستەمو چەوساندنەوەیە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەیان لەلایەن خەڵکییەوە نزیکەی چوار سەدەی لە وڵاتانی ئەوروپادا خایاندووە. هەربۆیە بە ناوی مەزهەبێکی تری نەصرانییەتەوە نەك بە ناوی ئیلحادەوە، هێرش کرایە سەر قەشەو سەرکردە ڕۆحانییەکانیانو، پاش شۆڕشی فەرەنسییش کە زنجیرە ڕووداوێکی لە جیهانی مرۆڤایەتیدا بە دوادا هات، ئەم مەزهەبە ڕوخێنراو، ئەنجامەکەشی لەلایەن زۆرینەی خەڵکییەوە پەسەند کراو، بوو بە هۆی پێشکەوتنی ئەوروپییەکان لە هەموو بوارەکانی زانستو تەکنەلۆجیاو پێشکەوتنە ماددییەکان.

بەڵام ئایینی ئیسلام قەڵایەکی مەحکەمە بۆ عەوامەکان زیاتر لە خەواصەکان. وەخەواصەکان بە سەر عەوامەکاندا زاڵ ناکات، بەڵکو دەیانکات بە خزمەتکاریان، ئەمەش لە ڕێی واجب کردنی زەکاتو حەرامکردنی ڕیباوە. ئەمە جگە لەوەی هەمیشە پرسو ڕا بە ژیریی دەکاتو بێداری دەکاتەوە، (افلا تعقلون)، (افلا یتدبرون). بەمەش

پلەیەکی بەرز بە ناوی ئایینەوە بە زانایانو بیریارانو خاوەن ژیریی‌و هۆشمەندان دەبەخشێت.

ئەوانەی بانگەشەی ڕیفۆرمی ئایینی لە ناو ئایینی ئیسلامدا دەکەن، موسڵمانەکان نین، بەڵکو مولحیدەکانو مونافیقەکانن کە گورگنو لەناو پێستی مەڕدا خۆیان شاردووەتەوە. ئەوان دەیانەوێت ڕیشەکەنی شەریعەت بکەنو، لە جێگایدا یاساگەلێك دابنێن، کە دەرگا بۆ سەربەستی ناشەرعی‌و، خۆ ڕووتکردنەوەو، هۆکارەکانی هاندەری دەروونی بکەنەوەو، تیایدا بیٚ گوێدانە هیچ دابو نەریتێك بە ئارەزووی خۆیان بلەوڕێن. ئەگینا ئەوەی تەسلیمی ئایینی ئیسلام دەبێتو شەش پایەکەی ئیمان بە یەقینەوە وەردەگرێت، بۆی دەردەکەوێت کە ئایینی ئیسلام شەریعەتێکی تەواوەو، هەموو یاساکانی خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەنو، عەوامەکان لە ژێر سایەیدا دەحەوێنەوە.

مەسیحییەت لەبەر ئەوەی لە ئایینێکی ئاسمانییەوە گۆڕاوە بۆ ئایینێکی زەمینی‌و، مەرامی قەشەو پیاوە ئایینییەکانی تێکەڵ کراوە، ئەوا دوورکەوتنەوە لێی دەبێتە هۆی پێشکەوتن، بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلامەوە کە ئایینێکی ئاسمانییە، هەتا لێی دوور بکەوینەوە زیاتر دوا دەکەوینو، هەرکات دەستی پێوە بگرین لە ڕووی ماددی‌و مەعنەوییەوە بەرەو پێشمان دەبات.

ئیسلام ئایینی تەوحیدەو سەرجەم هۆکارەکان لە کاریگەرێتی دادەماڵێتو، لە شانو شکۆی خۆویستیی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو، بەندایەتی بێگەردی مرۆڤ بۆ خوای گەورە لە دڵدا دادەمەزرێنێت. بەم کارەش دوای هەموو ئەوانە دەبڕێت کە بە ناوی ئەو ئایینەوە خۆیان

بکەن بە خوای خەڵکیو کڕینو فرۆشتن بە بەهەشتو دۆزەخەوە بکەن.

گەر کەسێکی خەواص ببێت بە مرۆڤێکی خاوەن تەقوا ئەوا ناچارە واز لە خۆپەرستیو لەخۆبایی بوون بهێنێت، هەرکەسیش دەستبەرداری خۆپەرستی نەبێت، ئەوا لە دیندارییدا ساردوسڕ و خاو دەبێتەوەو، واز لە هەندێ کاروباری ئایین دەهێنێت.

بەڵام نەصرانییەتی ئێستا باوەڕی کوڕایەتی (البنوة)ی پەسەند کردووە، بۆیە کاریگەریی ڕاستەقینە بە هۆکارەکان دەداتو، بە ناوی ئایینەوە بەرەنگاری خۆپەرستیی نابێتەوە، بەڵکو جۆرە قەداسەتێك بە خۆپەرستی مرۆڤ دەدات، بەمەش خۆی دەکات بە وەکیلی حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لە سەر بێت.

هەربۆیە کەسانی نەصرانیی تایبەتمەند، ئەوانەی کە بەرزترین پلەوپایەی دنییان هەبووە، وەکو وڵسنی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکاو، لوید جۆرجی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری ئینگلتەرا، دەیانتوانی لەگەڵ پلەو پایەی دنیایاندا ئاییندارێکی تەواویش بنو، وەکو هەر قەشەیەکی دەمارگیری نەصرانیی دەستیان بە ئایینەکەیانەوە گرتبوو.

بەڵام لە نێو موسڵمانان‌دا بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت کەسێکی پلەوپایەداری دنییایی ئاییندارێکی کامڵو تەواوو، خاوەن تەقواو صەلاحەت بێت. ئەمەیە جیاوازی نێوان ئایینی ئیسلامو نەصرانییەت.

ئایینی نەصرانی لە ئەنجامدا چەك فڕێ دەداتو تەسلیمی ئیسلام دەبێت، ئیتر چ بە کوژانەوە بێت یان بە خاوێن بوونەوە.

ئەوەبوو ئەم ئایینە چەندین جار لەت لەت بوو، هەتا بوو بە پرۆتستانت، کە ئەمەش لەت لەت بوو، هەتا لە تەوحید نزیك بووەوە. وا ئێستاش خۆی بۆ کەرتبوونێکی تر ئامادە دەکات، جا یان ئەوەیە بەتەواوی خامۆش دەبێتو دەکوژێتەوە، یان ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی ئیسلام دەبێتەوە، کە بناغەو بنەماکانی ئایینی نەصرانیی ڕاستەقینەی لەخۆ گرتووە، ئیتر لەم ڕێیەوە تەسلیمی ئیسلام دەبێت.

تۆی خۆشەویست ﷺ ئاماژەت بۆ ئەو نهێنییە کردووە، ئەوەش بەوەی کە فەرمووتە: حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێ بێت یەکێك دەبێت لە نەتەوەکەمو، شەریعەتەکەم جێ بەجێ دەکات.

(٤)

ئەی سەروەرم ﷺ.. لەدوای مەقامی نبووەت مەقامی ویلایەت دێت، کاتێ لەناو هاوەڵاندا دێیتو دەچیتو، بە نووره پرشنگدارەکەت چەرخو سەردەمەکەیان ڕووناك دەکەیتەوە، بە میعراجەکەشت کە موعجیزەیەك بوو پیشانی ئاسمان نشینان درا، ڕێگایەکی نوورانیت کردەوە، بۆ ئەوەی ئیمانداران بتوانن عرووج بکەنو پەردەی جیهانە زۆرو زەبەندەکانی موڵکی خوای گەورە لابدەن، کە حەفتا هەزار پەردەیە لەناو هەژدە هەزار جیهاندا.

هەروەها ویلایەتی کوبرات بەخۆتو ئەوانیش بەخشیو، ڕێگای سەرکەوتنیانت بەرەو مەلەکووتی ئاسمانەکانو گەیشتن بە حەق تەعالا بۆ کردنەوە. تۆ وەك چۆن سەرمەشقو پێشەوای سەدو بیستو چوار هەزار پێغەمبەر بوویت، ئاواش ڕابەرو ڕێنوێنی تەواوی ئەولیاکانیت، کە ژمارەیان سەدو بیستو چوار ملیۆن وەلی زیاترە.

بەڵێ تۆ بوویت بە جەمسەری بازنەیەکی گەورەی زیکرو تەهلیلە، کە پێغەمبەرانو صدیقانو پیاو چاکان چواردەوریان داویتو، هەموویان بە یەك دەنگ ئەو وشەیە دەڵێنەوە کە تۆ پێت ڕاگەیاندوون. تۆ ئەو درەختە سەوزە بەردارە نورانییەیت کە ڕەگو ڕیشووە زیندووەکانی بریتین لە پێغەمبەران بە موعجیزەکانیانەوە، لقو پەلو گەڵا سەوزو بەروبوومەکانیشی، بریتین لە ئەولیاکان بە

ئیلهامو كەراماتەكانیانەوە. تۆ هەر دەعوایەك بڵێیت هەموو پێغەمبەران بە موعجیزەكانیانو، ئەولیاكانیش بە كەراماتەكانیان، تێكڕاو پێكەوەو بەیەك دەنگی شایەتی بۆ دەدەنو، تەصدیقی دەعواكەت دەكەن.

كاتیٚ تەماشای دەعواكانت دەكەین كە لە ماوەی بیستو سیٚ ساڵدا بەرزت كردوونەتەوە، ئەوا مۆرو تەصدیقی هەموو مرۆڤە كامڵەكانی گرۆی مرۆڤایەتی بە سەرەوە دەبینین. بەهـ بەهـ لە خۆیانو شایەتیدانیان، بەهـ بەهـ لە ستامپو مۆریان.

ئەوەتا كاتیٚ دەفەرموویت (لا اله الا الله)و دەعوای یەكتایی خوا بەرز دەكەیتەوە، ئەوا لەلایەن ڕابووردوو و ئایندەو لەهەردوو ڕیزە نوورانییەكەوە، واتە لە خۆرو ئەستێرەكانی گرۆی مرۆڤایەتییەوە كە لە بازنەی زیكرەكەدا بوون، هەمان وشە دەبیستینەوە كە دەیڵێنەوەو دووپاتی دەكەنەوە. هەرچەندە ئەو كۆمەڵە زۆرە مەشرەبو ڕێبازیان لەیەكتری جیاوازە، بەڵام بە یەكدەنگو بەكۆ دەڵێن: (صدقت بالحق نطقت)، ڕاستت فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ. ئایا چ وەهمو خەیاڵێك، دەتوانێت گومان بخاتە سەر دەعوایەكی ئاواو دەستی بۆ درێژ بكات، لەكاتێكدا كەسانێكی ئاوا بە هێزی موعجیزەو كەراماتەكانیان شایەتی بۆ بدەنو پشتی بگرن !

وەكو گەشتیارێك سواری كەشتیی زەمان دەبینو، كاتو شوێنی ئێستامان بەجیٚ دەهێڵینو، بە هەموو هەستو نەستێكمانەوە خۆمان دەكەین بە ناو شەپۆلەكانی ئەثیرداو، سەرێك لە چەرخی بەختەوەریی دەدەین، دەچینە ئەو دوورگەیەی كە تۆی سەروەری

مرۆڤایەتی ﷺ لێ نیشتەجێ بوویت. ئەوە چی دیمەنێکە دەیبینین! کەسێکی لەعادەت بەدەر، دیمەنێکی لەڕادەبەدەر جوان، ڕەوشتێکی لەڕادەبەدەر بەرز، حەشاماتێکی زۆر چاویان بڕیوەتە ئەو شوێنەی تۆی لێ وەستاویت، چاوەڕوانی وەرگرتنی فەرمانن. ئەو هەزار مەدالیایە چییە بە بەرۆکتەوە هەڵواسراوە؟ ئەوانە هەموو مەدالیای ڕێز و پێزانینن‌و، بریتین لەو هەزار موعجیزەیەی کەلە سەر دەستی تۆدا ڕویان داوە. ئەو کتێبە بە نرخە چییە بەدەستەوەیە، کە یەك پارچە ئیعجازە، ئەو ووتارە ئەزەلییە چییە کە بە سەر گرۆی مرۆڤدا، بەڵکوو بە سەر هەموو جینن‌و ئینسێکدا، بە سەر دارو بەردو مانگ‌و ئەستێرەو تەواوی گەردووندا دەخوێنیتەوەو ڕادەگەیەنیت؟

ئەوە چیت فەرموو؟ باسی ئەوەت کرد کە پادشای ئەزەل‌و ئەبەد تۆی بۆ لای تەواوی خەلق ڕەوانە کردووە. هیچ گومانێکمان نییە کەتۆ لەلایەن پادشاوە ڕەوانە کراویت‌و، فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکەیت. ئەو وتە شیرینانە چی بوون فەرمووتن؟ خۆ وەڵامی پرسیارە قورسەکانی دەروونی ئێمەت پێ دایەوە، ئەوە چی بوو فەرمووت؟ خۆ هەرچی فەیلەسوفەکان هەیە دۆش داماون وەڵامی وەها پرسیارگەلێ بدەنەوە کە لێیان دەکرێت.

هەمووومان کاتێ دێینە ناو ئەم دنیا جەنجاڵەو هۆش دەکەینەوەو فامیدە دەبین، ئەم سێ پرسیارە قوت دەبنەوە لێمان‌و، یەخەمان دەگرن‌و دەپرسن: ئەی مرۆڤ، تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتویت؟ بەرەو کوێ دەڕۆیت؟

تۆ شتێکی زۆر گرنگت فەرموو، لە هەواڵێکی گەورە دووایت، گرێ کوێرەو تەلیسمی بەدیهێنانی جیهانت کردەوەو حەلت کرد. ئەوە چ نوورو ڕووناکییەك بوو وا شەوگاری مرۆڤایەتیت پێ کرد بە ڕۆژی ڕووناك؟ ئەو ڕاستییە چی بوو بلاًوت کردەوە؟ خۆ ئەگەر کەمێك پێش تەشریف هێنانت بۆ دنیا تەماشایەکی چواردەورمان بکردایە، جگە لە ماتەمینگایەکی گشتیی هیچی ترمان تێدا نەدەبینی! بوونەوەران هەموو دوژمنو نامۆ بوون بە یەکترو، دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد، بەهێز بێ هێزی تێکدەشکاندو لەناوی دەبرد، بابای ملهوڕ، بەشی خۆی بۆ خۆی بوو، بەشی هەموو ئەوانی تریشی دەخوارد، خۆی کاری نەدەکردو، ڕەنجی شانی ئەوانی تریشی بۆ خۆی دەبرد.

ئەو کچە چاوگەشە کالاًنەی کە تۆ پایەیانت بەرزکردەوە بۆ پلەی مرۆڤو، لە خۆشی هاتنە دنیای ئەواندا فەرمانت پێکردین ئاژەڵێك بکەین بە گوێزەبانەو شاباشی لەدایك بوونیان، ئەوێ ڕۆژێ زیندە بەچاڵ دەکرانو، مانەوەیان بە شەرمەزاری ئابڕووچوون بۆ خانەوادەکەیان لە قەڵەم دەدرا. ئازاری جوداییو نەمان هەموانی خستبووە ناو پەژارەو ناڵەو فیغانو هەتیوو کەوتبوون. ئەوە تۆ بوویت زستانی مرۆڤایەتیت کرد بە بەهاری ڕەنگینو لە گوڵدا خەملێو. ڕووی گرژی جیهانت کرد بە سایەقەی ساماڵو، خەندەو خۆشیو کامەرانیت لەگەڵ خۆدا بۆ هێناین.

ئەو ڕووە ناشیرینەی دنیا کەوەکو ماتەمینگایەك وابوو، گۆڕیت بە مزگەوتی زیکرو یادکردنەوەو، کۆڕی جەزبەو شوکرانەبژێری. بوونەوەرە سامناکەکانیش کە دوژمنو بیانی بوون بەیەکتر، گۆڕیتن بە

هاوڕێو هاودەمو برای خۆشەویست. تەنە بێ دەنگەکانو گیانە مردووەکان هەموو زیندوو بوونەوەو دڵنەواییان بەخشی، بەزمانی حاڵ دەسەلأتو توانای بەدیهێنەریان دەربڕی.

بە هاتنی تۆو بە هۆی ئەو نوورەی لەگەڵ خۆت هێنات، بوونەوەران لە بێ مەبەستیو بێ نرخیو گاڵتەجاڕی دەستی ڕێکەوتەوە گۆڕا بە چەند نوسراوێکی پەروەردگاریو، لاپەڕەکانی ئایەتە تەکوینییەکانو، ئاوێنەی دەرخستنو پیشاندانی ناوە جوانەکانی خوای گەورە. پلەی ئەم جیهانەت وا بەرزکردەوە، کە بوو بە کتێبی پڕ لە دانستی صەمەدانی خواوەند.

هەروەها بە تەشریف هێنانت پلەی مرۆڤت لە ئاژەڵی گۆیا (الحیوان الناطق)وە گۆڕی بۆ بەری پێگەیشتووی درەختی گەردوونو، جێنشینی خواوەند لە سەر زەویدا. گەر تۆمان نەناسیبا ئەوا مرۆڤو بوونەوەرانو هەموو شتێك بەردەبوونەوە بۆ پلەی (نەبوون)و، نرخو بەهاو بایەخیان لەدەست دەدا. گەر تۆ وجودت نەبێت، دەبا بوونەوەرانیش هەرنەبن، بە بێ تۆ هێچ شتێك بایەخی نییەو نابێت.

بە بۆنەی ئەو نوورەی کە تۆ هێنات، لە ماوەیەکی زەمەنیی زۆر کورتدا نەتەوەیەکی دەشتەکی نوقم بووی ناو نەخوێندەواریو، دوورە دەست لە شارستانێتی، هەروەها ڕەگداکوتاوی ناو ژیانی دەشتەکێتی، بێ بەش لە هەموو ڕوواڵەتێکی ژیانی کۆمەلأیەتیو بیری سیاسیی، خاوەنی هیچ پەڕاوێکی ڕوون نەبوونو، لە تاریکستانی چەرخی (فەترەت)دا وون بوو بوون، ئەوانەی کە تیایاندا بووە لە ناو مزگەوتەکەی مەدینەدا بە پێوە میزی کردووە، هەبووە

جگەرگۆشەکەی خۆی زیندەبەچاڵ کردووە، هەیان بووە بە نێزە سکی بەندەکەی خۆی هەڵدڕیوە، هەموو ئەوانەت بەشێوەیەکی وا گۆڕی، کە بوون بە کەسانی شەرمن‌و بە ئەدەب‌و منالْ خۆشەویست‌و دەست‌و داوێن پاك‌و، تەنانەت دەستیان لە کوشتی مێرووڵەش پاراستووەو، لەکۆتایشدا بوون بە کاربەدەستی دادگەرو، ڕابەرو سیاسی‌و مامۆستاو سەرکردەی ئەو نەتەوانەی جیهان، کە لە باری شارستانێتی‌و بواری زانستی‌و ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕامیارییەوە، پێشکەوتووترین نەتەوەی ئەو کاتەی سەر زەوی بوون.

لەم گەشتە ڕۆحییەماندا بەشایەتی دۆست‌و دوژمن ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە هەرچی سیفەتی جوان‌و ڕەوشتی بەرز هەیە لە تۆدا کۆبوونەتەوە. هەروەها هەزاران موعجیزە لە سەر دەستی تۆدا ڕوویانداوە، وەك لەت بوونی مانگ‌و هەڵقوڵانی ئاو لە نێو پەنجە پیرۆزەکانتەوەو، تێرئاوبوونی سوپایەکی گەورە لەو خۆراك‌و ئاوە کەمە بە هۆی بەرەکەتی تۆوە.

پاشان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە قورئانێکت بۆ هێناوین لە حەوت ڕووەوە خاوەنی ئیعجازە، لە هەموو چەرخێکدا بەلایەنی کەمەوە سێ سەد ملیۆن کەس شوێنکەوتەیەتی‌و، باوەڕیان پێیەتی. کاتێ خوای گەورە بتکات بە ئەمیندار لە سەر وتەکانی خۆی، تۆش بەئەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەو وتانە لە خۆتدا جێ بەجێ بکەیت‌و، پاشان بەخەڵکی ڕابگەیەنیت، بە بێ ئەوەی یەك پیتی لێ بقرتێنیت، ئەوا هەرگیز ناکرێت گومانی ناڕەوات پێ ببرێت‌و، حاشا زمانم لاڵ تۆمەتبار بکرێیت بە درۆو قسەی دەمهەڵبەست.

پاشان بۆمان دەركەوت كە شەریعەتێكی پاكو ئایینێكی سروشتیی وات بۆ هێناوین، هیچ شتێك نییە هاوچەشنی بێتو لەوە باشتر نەبووەو نابێت. چونكە ئەو شەریعەتەی كە تۆیەكی نەخوێندەوار بۆت هێناین، بە درێژایی چواردە سەدەی ڕەبەق، پێنج یەكی گرۆی مرۆڤایەتی شوێنی كەوتنو، كردیان بە بەرنامەی ژیانیان، دادگەرییە ڕاستەقینەو یاسا پڕ ووردەكارییەكانی هەرگیز هاووێنەی نییەو نابێت.

كاتیێ ئەم شەریعەتە پیرۆزەت بۆ هێناینو پێغەمبەرێتی خۆت ﷺ ئاشكرا كرد، ئازایەتیو دامەزراوییەكی وات پیشان دا، هیچ كەس نەیتوانی بەئەندازەی گەردیلەیەكیش لێت نزیك بێتەوەو وەكو تۆ وابێت. نە دوودڵیو نە دڵەتەپەو، نە ترسو بیم توخنت نەكەوتووەو، زەفەری پیێ نەبردوویت. دەوڵەتە مەزنەكانی ئەو سەردەمەو تەنانەت خزمو كەسو مامو هۆزەكەشت پشتیان تیێ كردیتو، دوژمنایەتییان كردیت، كەچی بە تەنها تەحەددای هەموویانت كردو، خواوەندیش پشتی گرتیتو سەری خستیت.

هەروەها لەكاتی ڕاگەیاندنی بانگەوازەكەتداو تا كۆتاییش، كەسیێ لەوانەی كە هەڵگری بیروباوەڕو گەورە ڕۆحانیو داناكان بوون، نەیانتوانی گومانێك یان وەسوەسەیەك لە دڵە خاوێنەكەتدا دروست بكەنو، بە ئیمانێكی توندوتۆڵو مەحكەمو، یەقینێكی دامەزراوو، بیروباوەڕێكی پتەوەوە بانگەوازی خۆتت ڕاگەیاند.

(٥)

ئەی سەروەرم ﷺ.. ئەی بەڵگەی حەق‌و چرای ڕاستیی، ئەی خۆری هیدایەت‌و هۆکاری بەدەستهێنانی بەختەوەریی، ئەوە تۆ چیت فەرموو کەوا بوویت بەخۆری ناو ئەم گەردوونەو ئایینەکەشت کەمالاتی بوونەوەرانی دەرخست؟ بەڵێ ئەوەتا هەواڵ‌و مزگێنی بەختەوەریی هەمیشەیی ڕادەگەیەنیت، پەردە لە سەر میهرەبانیی بێ سنووری خوای گەورە لادەدەیت‌و، خەڵکی بۆ لا بانگ دەکەیت.

ئەوە چ کەسێتییەکە بە بەندایەتییە بێ گەردەکەت بۆ خوای گەورە، بوویت بە نمونەی میهرەبانی خوایی‌و، پەیکەری بەزەیی پەروەردگاری‌و، شەرەفی حەقیقەتی مرۆڤایەتی‌و، جوانترین‌و ڕووناکترین گوڵی بەری درەختی بەدیهێنراوانی خوای گەورە.

ئەی مەزنترین ئامانجی کردگار، ڕیسالەکەت بوو بە فراوانترین ئاوێنەی تیا دەرکەوتنی نوورەکانی خوای گەورەو، هەموو بەدیهاتووان بە هاتنی تۆ ڕووناك بوونەوەو، دڵی هەموویانت خۆش کردو، ئاسمان‌و زەوی بە هۆی پەیامەکەتەوە بوون بەکۆڕی جەزبەی زیکرو تەهلیلە.

ئەوەتا ئایینەکەت بە خێرایی هەورە بروسکە چواردەوری خوارهەڵات‌و خۆرئاوای داوەو، نیوەی گۆی زەوی‌و پێنج یەکی گرۆی ئادەمیزاد بە خواستی دڵ‌و بە بێ زۆر لەخۆکردن، دیاریی هیدایەتەکەی تۆیان وەرگرتووەو، بەڕادەیەك قبوڵیانە کە ئەگەر

پێویست بکات گیان‌و ماڵ‌و سامانی خۆیان لەپێناودا بەخت دەکەن. ئایا شەیتانی نەفرەت لێکراو دەتوانێت پێش بە دەعوایەکی ئاوا بگرێت کە بناغەکەی بریتییە لە (لا اله الا الله) بە هەموو پلەکانییەوە؟.

حەقە بپرسین‌و موتالآی ئەوە بکەین کە تۆ چۆن توانیت ئەو هۆزو تیرە سەرەتایی‌و دواکەوتووانەی ناو دوورگەی عەرەبی کە سەرسەخت ترینی تیرەو هۆزەکان بوون لە دەمارگیری‌و ناکۆکی نێوانیاندا، چۆن توانیت لەماوەیەکی کەمدا ڕیشەکەنی ڕەوشت‌و خووە ناشیرینەکانیان بکەیت‌و، بیانگۆڕیت بە ڕەوشتی جوان‌و بەرزو، هەریەکە لەوان ببن بە مامۆستاو ڕابەرو ڕینوێنی جیهانی مرۆڤو نەتەوە پێشکەوتووە خاوەن شارستانیەتییەکان. ئەمەش نەك بەتەنها ڕووکەش‌و ڕووی دەرەوە، بەڵکو دەرگای دڵان‌و ژیرییەکانت کردەوەو، ڕۆح‌و دەروونەکانیشت هێنایە ژێربار، بە ڕادەیەك کە بوویت بە خۆشەویستی دڵان‌و، مامۆستای ژیرییەکان‌و، پەروەردەکاری دەروونەکان‌و، پادشای گیانەکان.

لای هەموومان ئاشکرایە کە لابردنی عادەتێکی بچوکی بۆ نمونە وەکو جگەرەکێشان، بە تەواویی لەناو دەستەو تاقمێکی کەمدا، لەلایەن کاربەدەستێکی گەورەوە، کە بیەوێت لای ببات‌و بنەبڕی بکات، زۆر ئەستەم‌و دژوار دەبێت، با هیممەتێکی زۆریش لەو پێناوەدا بەکاربێنێت. بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان شایەتە کە هەوڵ‌و ماندووبوونێکی زۆرو سەرمایەیەکی بێ شومار لە پێناو بنەبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکاندا خەرج دەکرێت، هەموو ئەو هەولآنە نەزۆك‌و بێ

ئامانج دەرچوون. ئەو پەتایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەسەنێتو خەڵكانی تری پێوە گیرۆدە دەبن.

ئەی بۆچی ناپرسین تۆ چۆن توانیت چەندین عادەتی گەورەو زۆر لە نێوان چەندین هۆزو تیرەی گەورەدا لاببەیتو، بەیەكجاری بنەبڕی بكەیت، كە سەبارەت بە نەریتو هەستو نەستەكانیان زۆر سەرسەختو دەمارگیر بوون؟ كەچی تۆ بە هێزو هیممەتێكی وا كە بەچاوی ڕواڵەتبینی ئێمە زۆر كەمو كورت دیارەو، ماوەكەیشی زۆر كەمە، ئەم هەمووە عادەتەت لەلا هەڵگرتنو، لەبری ئەوانەو لە سروشتو ڕەفتاریاندا چەندین نەریتی بەرزو ڕەوشتی بە نرخت تێدا چاندن.

هەركەسێك باوەڕ بەوە نەكاتو ئینكاریی ئەو دەستكەوتانە بكات، كەلە سەر دەستی تۆدا ئەنجام دراون، یان بەكەمو كورتی بزانێتو، بێ بایەخ بێت لەبەر چاوی، ئەوا دوورگەی عەرەبی دەكەین بە چاویداو تەحەددای دەكەین، دەبا خۆی تێدا تاقی بكاتەوە، با سەد كەس لە ناودارترین فەیلەسوفو بیریارەكانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەنو، بڕۆن بۆ ناو ئەو دوورگەیەو، لەوێ سەد ساڵی ڕەبەق كار بكەنو، هەوڵ بدەن، بابزانین لەماوەی ئەو سەد ساڵەدا دەتوانن یەك لە سەدی ئەوە ئەنجام بدەن كە تۆ لە ساڵێكدا ئەنجامت داوە؟ نەك هەموو بیستو سێ ساڵەكەی پێغەمبەرایەتییەكەشت ﷺ ، بەڵكو تەنها یەك لە سەر سەدی (یەك ساڵ)ی تۆ؟ بێ گومان نەخێر، هەرگیز ئەوە لە توانای كەسدا نییەو پێیان ناكرێت.

ئەی خۆشەویست ﷺ کاتێ فەرمانی خوای گەورەت بە سەر ئیمانداراندا خوێندەوەو، پێشی زانستو دۆزینەوە پزیشکییە نوێکان کەوتیتو فەرمووت: (لا تقربوا الزنا) نزیك مەبنەوە لە زیناو داوێن پیسیی‌و لەشفرۆشی، یان جارێکی تر فەرمووت: ئەو شتەی لێی ئەترسم ئوممەتەکەم توشی بێت کرداری قەومی لوتە، واتە نێربازی، ئەوا بەو فەرمانە دەرگای ڕەوشتە نزمەکان‌و، ئاکارە ناپەسەندەکان‌و، نزمیی‌و سووکیی‌و ڕیسواییت بە سەر نەتەوەی ئیسلامدا داخستو، خۆیان‌و جەستەیان‌و ئابووربیەکەیانت لە هەرەس‌و داڕمان‌و نوشستی پاراست.

ئەوەتا حاڵی ئەمڕۆی جیهان دەبینین کە چۆن نغرۆ بووە لە ناو ڕەوشتە نزمەکانی وەکو داوێن پیسیی‌و بەدڕەوشتی دا. ساڵانە سەرمایەیەکی بێ شوومار خەرج دەکرێت، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی هێزو، پیادەکردنی یاساو، جێبەجیکردنی سزاکانی بەندکردن‌و غەرامەکردن، کەچی هەموو ئەو هەوڵانە بۆ بنەبڕکردنی نەخۆشی ئایدز، کە زیاترە لەو زەرەرو زیانەی کە لە جەنگێکی جیهانیدا لە مرۆڤایەتی کەوتووە، ئەو نەخۆشییە ساڵ بە ساڵ زیاتر تەشەنە دەکاتو، بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، چونکە ڕێگاکانی داوێن پیسی‌و زینا کراوەن‌و، بانگەشەیان بۆ دەکرێت. هەزاران کەناڵی تەلەفزیۆنی‌و، ملیۆنەها ماڵپەڕی ئینتەرنێتو، گۆڤارو، ڕۆژنامەو، کلۆپو، یانەی شەوانەو، جێگای تایبەت بە بەرەڵاییی‌و، خۆڕووتکردنەوەو، بەدڕەوشتی‌و، زینا کراونەتەوەو، لە جیهانی ئیسلامیشدا زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پشکیان هەیە لە

بڵاوکردنەوەو بانگەشە کردن بۆ بەدڕەوشتیو، خۆڕووتکردنەوەو داوێن پیسی.

تەنها فەرمانێکی تۆ بەس بوو بۆ ئەوەی خەڵکی واز لە خواردنەوەی مەی بێنن‌و، کوپەی شەرابەکانیان بشکێنن‌و، دەستبەرداری ئەو تۆزە سوودەش بن کە لە مەیدا هەیە، وەکو سودی کڕین‌و فرۆشتن‌و خۆ بەنج کردن بۆ لەبیربردنەوەی خەم‌و خەفەتی دنیاو، نەهێشتنی ترس کە بێباوەڕان پەنای بۆ دەبەن. خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری خواردن‌و خواردنەوەکانەو، دەزانێت چەند زەرەرو زیان لە ناو هەریەك لەو شتانەدا هەیە کە قەدەغەی کردوون.

یان کاتێ پێت فەرمووین واز لە سووخواردن بێنن‌و زەکات بدەن، بەم فەرمانە ئاسمانییە دەرگای شەڕو ئاشوب‌و فیتنەت بە سەر جیهاندا داخستو، تۆوی ئاشتیو مەحەبەت‌و پێکەوە ژیانت لە ناو هەموو چین‌و توێژەکانی مرۆڤایەتیدا چاند. بەو فەرمانە ڕەگ‌و ڕیشەی چینایەتیت لە نێو مرۆڤدا هەڵگرت، چی تر چینی کرێکارو هەژاران نەچوون بە گژی چینی دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتداو، تەباییو خۆشەویستیت خستە نێوانیاوە.

ئەوانەی بە ناوی چینی کرێکارەوە سەدەیەك خوێنی هەژارانیان ڕشتو، دایانن بە گژی چینی سەرمایەدارەکانداو، ماڵ‌و موڵکی ئەوانیان بۆ خەڵکی حەڵاڵ کرد، ئەمە نەك هەژاری چارەسەر نەکرد، بەڵکو بارودۆخی خراپتر کردن‌و، بێ بەشی کردن لە دەستگیرۆییو سۆزی دەوڵەمەندەکان.

خوای گەورە بۆیە ڕیبای حەرام کردووەو فەرمانیشی کردووە زەکات لە ماڵو موڵکتان دەربکەن، بۆ ئەوەی دەزووی پەیوەندی نێوان توێژی تایبەتمەندان لە توێژی گشتینەی خەڵك نەپچڕێتو، دەوڵەندانو هەژاران لەیەکتری دوور نەکەونەوە. هەروەها بۆ ئەوەی ماڵو دارایی زۆر لە دەستی کەسانێکی کەمدا جەم نەبێتو، قۆرخی بازاڕ و کەلوپەلو قووتی خەڵکی پێ نەکەن.

تۆی خۆشەویست ﷺ چونکە سروشی پەروەردگار قسەو گوفتارتە، ئەوا هەرچی دەفەرموویت، بێ زیادو کەم وەکو خۆی دێتە دی. کاتێ هۆشداری دەدەیت بە نەتەوەکەت دەربارەی نەخواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی کە سەر زبڵو خاشاکی پیس دەژین، بەمەش لە مەترسییەکانی نەخۆشی شێتیی مانگا دەیانپارێزیت، کە نەخۆشییەکە بەم دواییانە لە هۆڵەندا و بەریتانیا و ئەڵمانیا، بە هۆی خۆراك پێدانی شازی ئەو مانگایانە بە ئالیکێك، کە پێکهاتبوو لە توخمی ڕووەکی تێکەڵاو بەخوێنی سەربڕاوانو، هاڕاوەی ئێسقانەکانیو، ناوکاری ئەو ئاژەڵانە، لەمانە دروست دەکرێت. ئەمەش وا دەکات کە لە لاشەی ئەو مانگایانەدا جۆرە پرۆتینێکی شاز دروست ببێت، کە دەزگای تورەیی ئاژەڵ ئەپێکێتو ئیسفەنجی دەکات، بەمەش ئەو ئاژەڵە بە کاریگەری دەرەوە خێرا هەڵ دەچێتو شێت دەبێت، وە لە کۆتاییشدا ئەبێتە هۆی مرداربوونەوەی. دواتر ئەم پرۆتینە لە ڕێگەی خواردنی گۆشتەکەیەوە ئەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، چونکە پلەی گەرمی بەرز لەکاتی کوڵانداو، ڕێگاکانی پاکژکردنەوە ناتوانن ئەو ڤایرۆسە بکوژن.

یان کاتێ هەواڵی نەخۆشی سارس (ئەنفلۆنزای باڵندە) کە کورتەی ( هەوکردنی توندی بێ وێنەی سییەکان)ە ڕادەگەنیت، ئەم هەواڵە دوای هەزارو ئەوەندە ساڵ دۆزرایەوەو زانستی سەردەم پەی پێ برد. ئەم نەخۆشییە بۆ یەکەم جارو بەم نزیکانە لە باشوری چین دەرکەوت، دوایی گوێزرایەوە بۆ وڵاتانی تری جیهان.

هۆکاری توش بوون بەم نەخۆشییە دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسێکی تایبەت لە ڤایرۆسە تاجیەکان بۆ مرۆڤ، لە ڕێگەی جۆرەها ئاژەڵی دەشتیو مارو سەحالیو کیسەڵو جۆرەها گیانداری تر. دواتر ئەم نەخۆشییە لە مرۆڤی توش بوەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤی ساغو سەلیم، ئەویش لە ڕێگەی پژمەو دەست لێدان و تێکەڵیی ڕۆژانەوە.

تۆی خۆشەویست ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا هۆشداریت داوە بە نەتەوەکەت بە نەخواردنی گۆشتی گیانلەبەری دڕندەی کەڵبەدارو، هەموو باڵندەیەکی چڕنوکدارو، گۆشتی گوێ درێژی ماڵیو، گۆشتی ئەو وڵاخەی کە ئەبەسترێتەوەو تیری پێوە ئەنرێت، وە هەروەها گۆشتی ئاژەڵی گورگ خواردوو، وە ئەو سەربڕاوەی کە تەنها پێستەکەی ئەبڕنو دەماری ملی نابڕنو وازی لێ دێنن تا لە سەرخۆ خوێنی لێ بڕواتو بە خاوی بمرێت، واتە بە سەربڕینی ناشەرعی.

ئەمەو چەندین نەخۆشی کوشندەی ترو، هەروەها سودو قازانجی ئەو جۆرە خواردنو خواردنەوانەش، کە بۆ تەندروستی مرۆڤ باشن، باست لێوە کردوونو، پێش وەخت بە ئێمەت ڕاگەیاندووە.

کێ دەتوانێت مرۆڤی عینادو سەرسەخت پێناسە بکات؟ بە تەمەنێکی کورتی پەنجا، شەست ساڵییەوە، سنگ لە بەدیهێنەری دەر دەپەڕێنێتو نایەوێت بێتە ژێرباری فەرمانو نەهییەکانی خوای پەروەردگارو، ئامۆژگاریە حەکیمانەکانی تۆی خۆشەویست ﷺ.
ئەگەر بەو تەمەنەوە دابنیشێت تا زانست ئەو سروشی پەروەردگارەی بۆ کەش دەکات، کە ئایا ئەو کارە باشە یان خراپ؟ ئەوا مۆمی تەمەنی ئاوا دەبێت، هێشتا ئەو زانایە لە دایك نەبووە تا پەی بەناوەڕۆکی ئەو سروشە ئاسمانییە بەرێتو سودو زیانەکانی بۆ لێك بداتەوە.

ئەو حەقیقەتانەی لە قورئانو فەرموودە شیرینەکانی تۆی سەروەری مرۆڤایەتیدا ﷺ هاتوون، هەیانە دوای پێنج سەد ساڵو هەیانە دوای هەزار ساڵو هەیانە کۆتایی دنیا کەشف دەبنو زانست پەییان پێ دەبات، تەمەنی مرۆڤ کەی بەشی ئەوە دەکات بوەستێت بەڕێی هەموو ئەوانە، تا کەشف دەبنو، ئەمجار ئەمیش شوێنی بکەوێت. ئایا ملکەچیو گوێڕایەڵی بۆ ئەمرو نەهییەکانی خوای گەورەو وتە شیرینەکانی تۆی خۆشەویست ﷺ ئەوپەڕی لۆژیكو ژیریی نییە کە قورئان پەیتا پەیتا فەرمان دەکاتو، پێمان دەفەرموێت (افلا تعقلون)، (افلا يتدبرون)!

(٦)

ئەی سەروەرم ﷺ.. سروشتی مرۆڤ وایە هەمیشە چاوی لە سەر قسەو هەڵسوکەوتی بەرامبەرێتی، گەر درۆیەکی لێ ببینێت، بێ دەنگ نابێتو بەدرۆی دەخاتەوە، با قسەکەرەکەش کەسێکی بچوكو بێ پێگەو ناوبانگ بێتو، درۆیەکی بچوکیش بکاتو، درۆکە پەیوەندی بە کارێکی تایبەتو بچوکیشەوە بێت، بەڵی شتی وا بۆ کەس مەیسەر نابێت.

تۆی خۆشەویست ﷺ بە بێ ئەوەی گوێ بەکەس بدەیتو، سڵ لەهیچ شتێك بکەیتەوەو، دوودڵیو شەرمو ترسو بیمو دڵەتەپێ دات بگرێت، سروشی خوای گەورەت ڕاگەیاند. تۆ زۆر لەوە بەرزتریت فرۆفێڵ تێکەڵاو بە قسەو دەعواکەت ببێت، لە کاتێکدا فەرمانبەرێکی مەزنیت لە کارمەندییەکی گەورەو بوارێکی گەورەدا، بە چۆنێتییەکی وا گەورە کە پێویستی بە پاراستنی گەورە هەیە، چونکە دەستەو پێڕی بەرامبەرت گەورەو زۆرو بەدەسەڵاتو، دوژمنێکی یەکجار سەختو نالەبار بوون، دەعواکەی تۆش دەعوایەکی گەورەو گرنگ بوو. ئەگەر بچوکترین درۆو هەڵەت لێ ببینن (حاشا) دنیات لێ کۆدەکەنەوەو، گومان دەخەنە سەر دەعواکەتو، هیچ پێویستیان بەوە نامێنێت پەلاماری شمشێرت لێ بدەن.

جاحظ وتوویەتی: (کاتیَ نەیانتوانی بە وشەو گوفتار بەرامبەرت بوەستن، ناچار پەلاماری شمشێریان لێدایت).

نا هەرگیز فرِوفێڵ تێکەڵ بە دەعوایەکی وا نابێت، کە لە سروشی پەروەردگارەوە سەرچاوەی گرتبێت (ان هو الا وحيٌ يوحى).

ئەوەی تۆ فەرمووت دەماری دوژمنانی پیَ گرژ دەبوو، چونکە دەروونو ژیریی دوژمنانت بەلاوازو بیَ نرخ دانا، عیززەتت شکاندنو، شکۆیانت هێنایە خوارەوەو، دەستەپاچەو بیَ دەسەڵاتت کردن. تۆ حەقت پیَ بوو، بە حەق دووایتو، لەپێناوی حەق دا هاتیتە مەیدان، دەی حەقیش زۆر لەوە بڵندو گەورەترە کە فرِوفێڵ بەکار بهێنێتو، زۆر لەوەش گەورەترە فێڵی لیَ بکرێت. نا هەرگیز تۆ ڕاستیو خەیاڵت تێکەڵ بەیەك نەکردوونو، لێت نەئاڵۆزاون، نە فێڵت کردووەو، نە فێڵیشت لیَ کراوە.

زۆر کەس لەوانەی حەزیان لە هەواڵزانینی شتی نادیارو نەزانراوە، لە پێناوی ئەم حەزەیاندا بۆ دەرخستنی ڕاستیی شتان، گەیشتوونەتە ئەوەی گیانیشیان بەخت بکەن. هەیە دەیەوێت بزانێت ژمارەی مەڕو مانگا لە وڵاتێکی وەکو ئوستورالیادا چەندە! یان خۆی دەخاتە ناو بنکی دەریاو زەریاکانەوە بۆ ناسینی جۆرە زیندەوەرێك، یان سەرکێشی بەگیانی خۆی دەکاتو، سواری کەشتیی ئاسمانیی چالینجەر دەبێت، بۆ کەشفی ئاسمانو ئەستێرەکان.

ئەگەر بە کەسێك بووترێت نیوەی تەمەنت یان نیوەی سامانەکەت بەخت بکەیت، ئەوا لە مانگەوە یان لە ئەستێرەی مشتەرییەوە یەکێك دێتو، هەواڵی بارودۆخە سەرسوڕهێنەرەکانی

ئەویّو هەواڵی دوارۆژی خۆیشت دەداتیّ، ئەگەر کەسیّ وای پیّ بووترێت، ئەوا ئامادەیە نیوەی تەمەنی یان نیوەی سامانەکەی لەو پێناوەدا بەخت بکات.

زۆر سەیرە، تا ئەو ڕادەیە تەمەنو سامانیان لە زانینی شتانێکدا زایە دەکەنو پەرۆشی ئەوەن بیزانن، بەڵام گرنگی بەو هەواڵە ڕاستەی تۆ نادەن کە ئەهلی شهود یەکدەنگن لە سەری‌و، پێغەمبەرانو صدیقانو ئەولیاو زانا لێکۆڵەرەکان تەصدیقی دەکەن.

ئەمە لە کاتێکدا کە تۆ لەبارەی ئیش‌وکاری پادشایەکەوە دەدوێیت کە مانگ لەوڵاتی ئەودا مێشێك زیاتر نییە، کاتیّ بەدەوری پەپولەیەکدا دەخولێتەوە، کە ئەویش بە دەوری چرایەك، لە نێوان هەزاران چرادا هەڵدەسوڕێت، کە ئەو پادشایە لە مەنزڵێکدا دایگرساندوون، لە نێوان هەزاران مەنزڵی میوانداریيەکدا کە بۆ میوانەکانی ئامادە کردوون.

هەروەها تۆ هەواڵێکی گەردوونی وا سەیر ڕادەگەیەنیت، کە ئەگەر گۆی زەوی پارچە پارچە ببێتو، چیاکانیشی وەکو هەور بچن بە ئاسماندا، هێشتا هێندەی یەك لە دەی ئەو ڕووداوە گەردوونییە سەیرە دەرناچێت، کە ئەوەش هەواڵی داهاتوویەکە، هەموو دنیا لەبەرامبەرییەوە وەك دڵۆپێك سەرابی بیّ سود وایە لەبەرامبەر زەریایەکی بیّ لێوارەوە.

مزگێنییەکەت زۆر خۆشو بە نرخە، بەچاوی خۆت دیوتەو باس لە بەختەوەرییەك دەکەیت، کە بەختەوەریی هەموو دنیا لە چاویدا وەك بریسکەیەکی لەناوچوو وایە لەبەرامبەر خۆرێکی هەمیشەییەوە.

لەپشت پەردەی ئەم بوونەوەرە پڕ لەنهێنیو شتە سەرسوڕهێنەرانەوە، چەندین شتی سەرسوڕهێنەرتر چاوەڕێمانن، دەبێ کەسێکی لە عادەت بەدەر، هەواڵی ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانە ڕابگەیەنێت. بێگومان ئەو کەسەش تۆیی خۆشەویستیت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ. چونکە هەرچی تەماشای بارودۆخی ژیانت دەکەین بەشایەتی دۆستو دوژمن یەك پارچە ڕاستگۆییو ئەمانەتەو، گاڵتەوگەپت لێ نەبینراوە، هەرچی دەفەرمویت بینیوتەو، هەواڵی بەئێمە ڕادەگەیەنیتو، شایەتی لە سەر دەدەیت. هەروەها ئەو هەڕەشەو مزگێنییانەش کە باسیان لێوە دەکەیت، هەموویان مایەی ڕەزامەندیی خوای گەورەن، کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەو، نیعمەتە ئاشکراو پەنهانەکانی خۆی بە سەردا باراندووین. هەروەها داخوازییەکانی پەروەردگار بە ئێمە دەگەیەنیت، چی بکەینو چی نەکەین؟ چی لەئێمە دەوێت تاوەکو ئەنجامی بدەین؟

بەڵێ یان دەبێ بڵێین تۆ پێغەمبەری خوا ﷺو سەروەری هەموو پێغەمبەرانو، باشترین کەسی نێوان سەرجەمی بەدیهاتووانی، یان دەبێ گریمانی ئەوە بکرێت کە حاشا هەرگیز وانییە، مرۆڤێکی خوانەناسی ئەوتۆ بیت کە باوەڕت بە خواو سزای ڕۆژی دوایی نەبێتو، درۆی بەدەمەوە هەڵ ببەستیتو، خۆت بخەیتە خوارەوە بۆ پلەی (أسفل السافلين).

خۆ ئیبلیسو شوێنکەوتووانی لە فەیلەسوفەکانی ئەوروپاو مونافیقەکانی ئاسیاش ناتوانن شتی وایان لە دەم دەربچێت، چونکە یەك کەس نییە لەم جیهانەدا باوەڕیان پێ بکات. وە بێ کەڵکترین

فەیلەسوفو ئەو مونافیقانەی کە ویژدانیان بەتەواوی گەنیوە، تێکڕا دان بەوەدا دەنێن کە تۆی پێغەمبەر ﷺ لە ژیرییدا بەرزو بێ وێنەو، لە ڕەوشتیشدا نمونەی ڕەوشت بەرزیی بوویت.

جا مادەم کەوتینە نێوان دوو گریمانە کە دووەمیان هیچ کەس نەیتوانی ئیدیعای بکات، وە گریمانەیەکی مام ناوەندیش لەگۆڕێدا نییە، ئەوا بە کوێرایی چاوی شەیتانو حیزبەکەیەوە، بە زەروورەتو بەداهەتو، بە (حق اليقين) دەچەسپێتو چەسپاوە کە تۆ فرستادەی خواوەندو سەرداری پێغەمبەرانو، مایەی فەخرو شانازیی جیهانەکانو، باشترینی سەرجەمی بوونەوەرانیت صەڵاتو سەلامی خوات لە سەر بێت.

(٧)

ئەی سەروەرم ﷺ.. لەشەوێکی نوتەکداو ئەو کاتەی کە ڕۆحت دابووی لەشەقەی باڵو مەلەکووتی ئاسمانەکان دەگەڕا، جەستەی موبارەکت هێشتا لەشاری مەککەو لەلای قیبلەی موسڵمانان بوو، خەریکی موناجات بووی لە گەڵ بەدیهێنەری گەردووندا. لە چاوتروکانێکدا، پەیکی حەق حەزرەتی جیبریل سەلامی خوای لێ بێت، جڵەوی وڵاخێکی تیژڕەوی (بەئەندازەی ئەندێشەی مرۆڤ خێرا)، بەدەستەوە بوو، فەرمانی گەشتی ئاسمانەکانی بۆ هێنابوویت.

تۆ پێش ئەوەش کە بە جەستە تەشریف ببەیتە حزووری حەق تەعالا، ڕۆحە خاوێنەکەت هەمیشە لە فڕینو بەرزبوونەوەدا بوو، زۆر جاران نزیکی (قاب قوسین) دەبوویتەوە، بەڵام هێشتا مابووت چاوت بە نووری ئەزەلی بکەوێت، تۆ هەمیشە عەودالی گەیشتن بەو نوورە بوویت، بە شوێن ونبووەکەتدا دەگەڕایت، تا هیدایەتی خوایی هات بە هاناتەوەو، بە دیداری زاتی خۆی شەرەفمەندی کردیت. گەشتە مانگیو دوو مانگییەکانی ئەشکەوتی سەورت شایەتی ئەوەبوون، کە تۆ چەند عەودالی بینینی خۆشەویستەکەت بوویت، ( و وجدك ضالا فهدى) واتە ئەی خۆشەویست ﷺ تۆ لەو کاتەوەی فامت کردووەتەوە بەدوای مندا وێڵو حەیرانیت، ئەوەتا من لێرەم).

بەڵێ ئەمجارەیان گەشتەکەت بە جەستەو ڕۆح بوو، جەستە ناسكو نیانەکەت یەکپارچە نوورەو لە تواناو لێهاتنی نووردایە، لە دڵی ئەولیاکان نیانترە، کە بەخێرایی هەورەبروسکە جموجوڵی هەیەو، لەجەستەی مەلائیکەت نوورانی ترە کە بە خێرایی ڕۆح لە عەرشەوە بۆ فەرشو، لە فەرشەوە بۆ عەرش دێنو دەڕۆن. هەروەها لە ڕۆحی مردووان ناسکترو، لە لەشولاری فریشتەکان تەنکترو، لە جەستەی ئەستێرەییو تەنی میسالییش گەلێ ناسكو نیانترە. بێ هیچ گومانێك ئەو جەستە موبارەکەت هاوگەشتی ڕۆحە خاوێنەکەت دەبێتو لەگەڵ ئەودا بۆ عەرشی ئەعزەم سەردەخرێتو بەرز دەبێتەوە.

سەرەتای گەشتەکەت لە مەککەوە بۆ مزگەوتی ئەقصا بوو، لانکەو کۆگای پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت. لەوێ چاوت کەوت بە پێغەمبەرە ڕەوانەکراوەکانو هەموویان پێکەوە لە دواتەوە نوێژیان دابەستو، تۆیان کرد بە پێشنوێژی خۆیان. تۆ بوویت بە میراتگری ڕەهاو ڕاستەقینەی ئایینەکانی ئەوان، چونکە بناغەی ئایینەکانی ئەوان لە ئایینەکەی تۆدا کۆبووەتەوە.

گەشتەکەت گەشتێکی جوزئی بوو، وەکو بەندەیەك بۆ ئەو مەقامە بەرز کرایتەوە، بەڵام ئەمانەتێکی هێندە گەورەت لە ئەستۆ نرا کە پەیوەندی بە سەرجەم گەردوونەوە هەبوو.

ئەو نوورەی بەدەستەوە بوو سەرجەم بوونەوەرانی ڕووناك کردەوەو، لە تاریکستانی عەدەم ڕزگاری کردن. کلیلێکت بەدەستەوە گرتبوو کە دەرگای بەختەوەرییو بەهەشتی هەمیشەیی بۆ سەرجەم ئەوانە کردەوە کە شوێنت کەوتنو گوێڕایەڵت بوون.

ئەو ئەمانەتەی باس کرا بریتییە لە (نبووەت) کە گەردوونی گرتووەتە باوەش‌و، نوورەکەش (شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام)ە کە گەردوونی کردووە بە چراخان‌و ڕۆژی ڕووناك‌و، کلیلەکەش (ئیمان)ە کە دراوەتە دەستی گرۆی جین‌و ئینس تا بەختەوەریی هەمیشەیی بۆ خۆیان پێ مسۆگەر بکەن.

ئەو گەشتەی بۆ ئاسمانەکانت کردو بە حزووری خوای گەورە شاد بوویت، کەرامەتێکی زۆر گەورەو، پلەیەکی باڵای ویلایەتی ئەحمەدیی بوو. ڕووی ناوەوەی گەشتەکەت ویلایەت بوو، چونکە لە خەلقەوە بۆلای حەق سەرخرایت. بەڵام ڕواڵەتی دەرەوەی، پێغەمبەرایەتیی بوو، چونکە لە لایەن حەق تەعالاوە بۆ لای سەرجەمی خەلق ڕەوانە کرایت.

بەم گەشتە نوورانییەت دەرگایەکت کردەوە کە لە دوای خۆت داخستنی نییەو، ڕێگایەکت بۆ وەلییەکان کردەوە کە ڕۆحیان بۆلای حەق تەعالا سەربخەن، ئەمەش پێویستی بە کات‌و بڕینی چەند پلەیەکی زۆرو، لادانی چەندین پەردە هەیە تا مسۆگەر دەبێت، جیاواز لە پلەی پێغەمبەرایەتی کە تیایدا ئەقرەبییەتی خوای گەورە دەردەکەوێت‌و، تەنها یەك چاوتروکاندی کتوپڕی بەسەو، کات لەگۆڕیدا نامێنێت، هەربۆیە ئەو هەمووە ڕێگایەت بڕی‌و تەشریفت هێنایەوە بۆ شوێنەکەی خۆت، هێشتا گەرمای ناو جێگاکەت وەکو خۆی مابوو.

بەڵی بە هۆی فراوان بوونی کاتەوە، کە لە لای وەلییەکان‌و ئەهلی شهوودیشەوە چەسپاوە، ئەم گەشتە نوورانیەی تۆ شك‌و

گومانی بۆ کەس نەهێشتووتەوە، کە میعراج لەکاتێکی زۆر کەمی شەودا ئەنجام دراوەو، تەشریفت بردووەتە ناو جیهانی (بقاء)ەوە کە چەند خولەکێکی کەمی جیهانی باقی جێگای هەزاران ساڵی جیهانی فانی تێدا دەبێتەوە.

هەر ئەو جیهانەیە کە وەلییەکان پەرستشێکی زۆری تێدا ئەنجام دەدەن‌و، کاتیَ لێی دێنە دەرەوە خولەکێك زیاتریان پیَ نەچووە. خەتم کردنی قورئانی پیرۆز لەناو ڕکاتێك یان دوو ڕکات نوێژ لەلایەن چەندین کەسی ئەم نەتەوەیەوە ئەنجام دراوە.

کاتیَ لە ئاسمانی شاری قودسەوە ئاسمانت کوناودەر کردو چینی ئۆزۆنت شکاند، فریشتەکان‌و دەرگاوانی ئاسمانەکان‌و پێغەمبەران سەلامی خوایان لیَ بێت بەخێریان هێنایت‌و، بە باشترین‌و گەورەترین سەردان وەسفیان کرد. چونکە بۆنت لە میسك و عەنبەر خۆشتر بوو، هەرکە دەرگای ئاسمانی یەکەم لادراو پێت خستە ناو مەملەکەتی نوورەوە، فریشتەکان لە خۆشی قدومی تۆو ئەو بۆنە خۆشەی لە جەستەی موبارەکتەوە ڕژایە ناو ئاسمانەکەیان، شادو بەختیارو کامەران بوون، بۆنی خۆش‌و زیکرو ویردو تەسبیحات خۆراکی فریشتەکانن‌و، لەهەموو شتێك پێیان خۆشترە. هەربۆیە کاتیَ پێت دەخستە ناو هەر یەکیَ لەو حەوت ئاسمانە بەرین‌و فراوانانە، هیچ یەکیَ لەو فریشتەو ڕۆحانیانە حەزیان نەدەکرد مەملەکەتی ئەوان بەجیَ بهێڵیت، حەزیان بە مانەوەت بوو تا ڕۆژی قیامەت‌و هەتا هەتایە لەگەڵیان بیت.

بەدیهاتوانی جیهانی بەقا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە نوورو ڕووناکی تۆوە هەیە، چونکە بە هۆی ئەو نوورەی کە تۆ هێنات، بەهەشتو خانەی ئەو دنیا بەگرۆی جینن‌و ئادەمیزاد ئاوەدان دەبنەوە. گەر ئەو نوورەی تۆ نەبوایە نە بەهەشت ئاوەدان دەبوویەوەو نە بەختەوەریی هەمیشەیی پەیدا دەبوو، واتە گەر ئەو نوورەی تۆ نەبوایە بەهەشت بێ سەرنشین دەمایەوە.

لەئاسمانی یەکەم چاوتان کەوت بە باوکی گەورەمان حەزرەتی ئادەم سەلامی خوای لێ بێت، بە ناوی کوڕێکی سەلارو پێغەمبەرێکی سەلارەوە بەخێرهاتنی خۆت‌و هاوەڵەکەتی کرد. پاشان لە ئاسمانی دووەم چاوتان کەوت بە یەحیاو عیسا دوو پێغەمبەری سەلارو پورزای یەکتری. دواتر لە ئاسمانی سێهەم بەدیداری پێغەمبەری شیرین ڕوخسار حەزرەتی یوسف گەیشتن‌و بەگەرمی بەخێری هێنان. لەوێوە سەرکەوتن بۆ ئاسمانی چوارەم‌و لەلایەن حەزرەتی ئیدریسەوە پێشوازی‌و بەخێرهاتن کران. لە ئاسمانی پێنجەمیش حەزرەتی هاروونتان بینی. کاتێکیش گەیشتن بە ئاسمانی شەشەم حەزرەتی موسای کەلیموڵلا سەرداری ئەو شوێنە پێشوازی کردن، دواتر لە فەرموودە پیرۆزەکانتدا هاتووە کە لەکاتی گەڕانەوەتدا سەرت لێداوەتەوەو ئەویش پرسیاری ئەو فەرزانەی لێکردوویت کە خوای گەورە واجبی کردوون لە سەر نەتەوەکەت؟ تۆش باسی پەنجا نوێژت کردووە کە لە سەر ئوممەتەکەت فەرزکراوە. گومانی تێدا نییە، خۆت زانیوتە کە نەتەوەکەت بێ تاقەت‌و حەوسەڵەن‌و، ناتوانن ئەو نوێژە زۆرانە جێ بەجێ بکەن، بەڵام تۆ مامۆستاو ڕابەری ئەم ئوممەتەیت‌و،

دەبیٚ بە ئەرکی مامۆستایی هەستیت، خۆت هیچ ناڵێیت دێییتەوە بۆ لای حەزرەتی موساو ئەویش دەتگێڕێتەوە بۆ بارەگای حەق تەعالا، تا سوکی بکات لە سەرتان، بەمەش ڕۆڵی هاوکاریو خەمخواردنو، بەدەمەوەچوونی یەکتر بۆ نەتەوەکەت دەکەیت بە وانەو ئامۆژگاریو، بە دیاری بۆیان جیٚ دەهێڵیت. واتە بەم هاتنو چوونو گەڕانەوە زۆرانەی کە بۆ کەمکردنەوەی نوێژە فەرزەکان کردووتن، وانەی پەندو ئامۆژگارین بۆ ئێمەی ئیماندار تا ڕۆڵی کەسانی دڵسۆزو خەمخۆر پەراوێز نەخەینو، لە ڕادەی دڵسۆزییان تیٚ بگەین. ئەوەبوو خوای گەورە لەکۆتاییدا کردی بە پێنج نوێژ.

ئایا خوای گەورە خۆی نەیدەزانی پەنجا نوێژ بۆ ئەم نەتەوەی ئاخر زەمانە زۆرە؟ بێگومان وەڵامی ناوێت، دروستکەری گەردوونو مرۆڤ، نەخشەی هەموو بوونی لە سەر لەوحی قەدەر تۆمار کردووەو، زانایە بە هەموو کاروبارێك. بەڵام منەتی خۆی ناوە بە سەرماندا، بەوەی کە پەرستشێکی سوكو ئاسانی بۆ دەستنیشان کردووین، کە لە بیستو چوار کاتژمێری شەوو ڕۆژێکدا تەنها یەك کاتژمێری سەرو زیادەو هیچ ڕێگا لەمرۆڤ ناگرێت، تا بەکاروبارەی دنیاوە سەرقاڵ بێتو بژێوی خۆی دابین بکات. هەر بە کردنی ئەو نوێژانەش هەرچی بیستو سیٚ کاتژمێرکەی تریشمانە ڕووناك دەبنەوەو هەر کارو کەسابەتێکی تێدا بکەین بە خێرو صەدەقە بۆمان دەنوسرێت. ئێمە بەندەو ئافرێنراوی ئەو خوا بەدەسەڵاتەین، خۆمانو جەستەو بوونمان موڵکی خۆیەتیو، گەر پەنجا نوێژیشی لە سەر فەرز بکردینایە، دەبوایە بەئەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە جێبەجێمان بکردایە. ئەوەتا چینێکی زۆر لە

فریشتەکان لەو ڕۆژەوەی دروستکراون تا ڕۆژی قیامەت سەریان لە سوجدە دایەو بەرزی ناکەنەوە، تاقمێکی تریان لە ڕکوعدان‌و چێژو لەزەت لەو پەرستشەی خۆیان دەبینن. ئێمەی مرۆڤ دەبێ منەتبارو شوکرانەبژێری ئەو خوایە بین کە کەمترین ئەرك‌و پەرستشی بۆ دیاری کردووین، کە جێبەجێکردنیشی جگە لە دەستکەوتی قیامەت، سودی دنیایی خۆشمانی تێدایە.

لە حەوتەم ئاسمانیش چاوتان کەوت بە باوکی دووەمت دوای ئادەم، ئەویش حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیلوڵڵا بوو، پاشان بەرەو (سدرة المنتهی) بەرزبوونەوە لەوێ پەیکی حەقت بەجێ هێشت. دواتر شەرەفمەندی حزووری خوای گەورە بوویت‌و، بەچاوی سەری خۆت ئەوت بینی.

لەئاسمانی یەکەم جگە لە پێغەمبەران‌و ڕۆحانییەکان چاوت کەوت بە سەرچاوەی چوار ڕووبار کە ئەوانیش سەیحان‌و جەیحان، نیل‌و فورات بوون. ئەم دوو ڕووبارەی دواییان نیل‌و فورات ئاودێری چەندین وڵاتی گەورەو پڕ حەشیمەت دەکەن‌و، کێڵگەو مەزرایەکی زۆرو زەبەندە لەبەریاندا داچێنراوە، هەرگیز ناکرێت‌و ناگونجێت ئەم خەرجییە زۆرەو ئەم جۆگە ڕەوانە، بە درێژایی ساڵ لە تنۆك تنۆکی بارانەوە هەمبار کرابێت. ڕەوتی بە خوڕی ئەم ڕووبارانەو هاوچەشنیان گەلێ لە سەرووی ژمێرکاریی‌و لێکدانەوەی هۆکارە ماددییەکانەوەن. کەواتە دەبێ لە گەنجینەی بەهەشتێکی مەعنەوییەوە بێن کە وشك ناکات‌و، لە ڕێژنەی کانیی غەیبی وەهاوە هەڵبقوڵێن کە تەواوبوون‌و بڕانەوەی بۆ نییە.

فەرمووده شیرینەکانت عەینی حەق‌و ڕاستیین‌و سروشی پەروەردگارن‌و لەخۆتەوە نەتفەرموون. ئەوەتا ڕووبارێکی وەکو نیلی بە پیت‌و مەزن، کە خاکی میسری کردووە بە خاکێکی بەرەکەتداری سەر ڕووی زەمین، هەمیشەو بە بێ بڕانەوە ئاوی لەبەر دەڕوات‌و، هەشتا لەسەدی ئەو ئاوە بۆ میسرییەکان‌و بیستەکەی تریشی بۆوڵاتانی تری (حەوزی نیل) خەرج دەکات. ئەو ڕووبارە لە نزیکی هێلی ئیستیواوەو لە گەرماو گڕەی ئەفریقاداو لە چیای (القمر)ەوە هەڵدەقوڵێت. خۆ ئەگەر ئەو ئاوەی لە لقی نیلی سپی کە لقێکی سەرەکی ڕووباری نیلە لە ماوەی شەش مانگدا لەبەری دەڕوات، کۆبکرێتەوەو بمەیەنرێت‌و بکرێت بە سەهۆڵ، ئەوا گەلێ لەو چیایە گەورەتر دەردەچێت کە کۆگای ئاوەکەیە. ئەمە لە کاتێکدا حەوزی پاشەکەوتی ئەو ئاوە لەو چیایەدا شەش یەکی چیاکەی داگیرکردووە، دوای ئەوە دەرامەت‌و دەستکەوتەکانی زۆر کەمن‌و بارانێکی کەمی لێ دەبارێت، کە زۆر جار وشکەساڵی‌و قات‌و قڕی ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە، هەروەها گڕەو گەرمای ناوچەکەو تینوێتی زەوی بوار بۆ ئەوە ناڕەخسێنن زەوی ئاو پاشەکەوت بکات‌و خەرجی‌و دەرامەت یەکسان بن. هەربۆیە ئەو ڕووبارە تەصدیقی ئەو فەرموودەیەت دەکات کە لە ڕێژنەی بەهەشتێکی غەیبییەوە هەڵدەقوڵێت.

نەك تەنها ڕووباری نیل‌و فورات‌و سەیحان‌و جەیحان، بەڵکو زۆرێك لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی، بە هەموو پێوەرێکی عەقڵی‌و لۆژیکی دەرامەت‌و خەرجییان وەکو یەك نییەو لەکانگاو

سەرچاوەی غەیبەوە پڕ دەکرێنەوەو ئاودێریی ئێمەی تینوو و هەژارو بێ دەسەڵات دەکەن.

نازانم حیکمەتی تەشریف بردنەکەت چی بوو، گەر زاتی حەقت بەچاوی خۆت نەبینی بێت؟ وەك زۆرێك لە دۆستانو دوژمنانیش ئینکاری ئەوە دەکەن کە تۆ چاوت بە زاتی حەق کەوتبێت!

تۆ باشترینو گەورەترین کەسایەتیت لە ناو گرۆی مرۆڤدا، ئامانجەکانی پەروەردگارت بەجوانی ڕاگەیاندووەو، نهێنی مەتەڵی بەدیهاتنی بوونەوەرانت شی کردووەتەوە. بێگومان دەبێ دوای بڕینی حەفتا هەزار پەردە بۆ ئەو مەقامە بەرزە سەربخرێیتو، شەرەفمەندی بینینی خوای گەورە ببیتو، لە حزووری خۆیدا گوێبیستی فەرمانەکانی بیت. ئەو مەقامەی کە حەزرەتی جیبریل فریشتەی نزیکی خوای گەورەو پەیکی حەق نەیتوانی لێی نزیك بێتەوە.

ئەوە چ جەستەیەکە ئاوا نوورانی بووەو بەهرەمەندی ناوی (النور)ی خوای گەورە بووە، تا ڕادەی (قاب قوسین أو ادنی) نزیك دەبیتەوە لە زاتی حەقو، بەرگەی بینینیو بیستنی دەگریت. خۆ تەنها جیلوەیەکی ئەو بوو کێوی تووری کرد بە خۆڵەمێش!

بەڵی بەم گەشتەت ویستی پەروەردگارت جێ بەجێ کرد، بەمەش نیشانە مەزنەکانی ناو مولكو مەلەکوتی خۆی پێ نیشان دایت. سەرچاوەو کارگەکانی ئەم جیهانەو ئەنجامە قیامەتییەکانی کردەوەکانی مرۆڤیشی پێ نیشان دایت. هەستی بینینەکەتی کە لە حوکمی کلیلی جیهانی بینراودایە، کرد بە هاودەمی هەستی بیستنەکەتو، سەری خستیت بۆ مەلەکوتی ئاسمانەکان تا بەهۆیەوە

ئاگاداری نیشانەکانی خواوەند بیت لە جیهانی بیسراواندا. ژیرییو حیکمەتیش داخوازی ئەوەن کە جەستەی موبارەکت هاودەم لەگەڵ ڕۆحە نیانەکەت ببات بۆ عەرش، وەکو چۆن لە بەهەشتو دۆزەخدا جەستەو ڕۆحەکان پێکەو کۆدەکرێنەوە.

بۆچی بەلای ژیرییەوە کارێکی مەحاڵە، کە ئەو ماوە زۆرەی بە هەزاران هەزار ساڵی تیشکیی مەزەندە دەکرێت، لەماوەی چەند خولەکێکدا ببڕیتو بگەیت بە حزووری حەق تەعالا؟ ئەوەتا ئەو شتانەی کە خوای گەورە بەدی هێناون، تا بڵێی لەیەکتر جیاوازن، وەك خێرایی دەنگو ڕووناکیو کارەباو گیانو ئەندێشە. هەموو ئەمانە خێراییەکی تایبەت بە خۆیان هەیەو، لەوی تر ناچن. خێرایی ئەستێرەو قەبارە گەورەکانی ئاسمانیش کە لە زانستی گەردووnناسیدا چەسپاوە، لەیەکتر جیانو مرۆڤ سەرسام دەکەن. ئەوەتا ئەستێرەیەکی قەبارە زەبەلاحی وەکو زەوی بەخێرایی حەفتا ئەوەندەی تۆپی تۆپخانەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوەو، لەماوەی یەك خولەکدا سەدو هەشتاو هەشت کاتژمێر ڕێگا دەبڕێت. ئیتر بۆچی جموجوڵی جەستە ناسکەکەت کە بەم میعراجە خێرایی بەدەست هێناوەو، شوێن گیانە بەرزەکەت کەوتووەو، بە ئەندازەی خێرایی گیان خێرا بووە، بەپێچەوانەی ژیریی دابنرێت؟

با چاوی ئەو کەسە نابینا بێت وەکو چۆن دڵی لەتاریکیدا نقوم بووەو باوەڕی بە هیچ شتێك نییە. چۆن دەتوانن ئینکاری بوونی ئاسمانەکانو فریشتەکان بکەن، کە بە زانست سەلماوە لای سەرەوەمان پڕە لە (اثیر)، چونکە ڕووناکیو کارەباو گەرمیو شلە

ناسكو نيانو بەخوڕەمەكانی تری هاوچەشنیان، بەڵگەن لە سەر بوونی ماددەیەك كە بۆشایی پڕ كردووەتەوە.

جا هەروەك بەرووبوومەكان بەڵگەی بوونی درەختەكانیانو گوڵەكانیش، باخچەكان دەسەلمێنن، ماسییەكانیش، دەبن بە بەڵگە لە سەر دەریاكان، ئەم ئەستێرانەش بەزەرووورەتو بەداهەت بەڵگەن لە سەر بوونی باخچەو شوێنی سەرهەڵدانو كێلگەو دەریاكانیان.

ئینجا مادەم جیهانی (سەرەوەمان) بەچەند شكڵو شێوەیەكی جۆراوجۆر بنیات نراوەو، هەریەكەیان لەناوەندی چەند بارودۆخێكی جیاوازدا چەندین حوكمی جیا جیا دەردەخات، ئەوا شوێنی ئەو حوكمانەش كە ئاسمانەكانن، بە هەمان جۆر جیاوازنو لەیەكتر جیان.

چونكە هەروەك مرۆڤ جگە لە لەشی ماددی، چەندین جۆری (بوونی) تری مەعنەوی هەیە، وەك ژیرییو دڵو گیانو ئەندێشەو میمۆرییو غەیری ئەمانەش. جیهانیش بە هەمان جۆر لە شێوەی مرۆڤێكی گەورەتردایەو، بوونەوەرانیش كە ئەو درەختەیە بەری مرۆڤی گرتووە، جگە لە جیهانی جیسمانی، گەلێ جیهانی تری تێدایە. ئەمە وێڕای ئەوەی كە هەریەك لەو جیهانانە خاوەنی ئاسمانی خۆیەتی، هەر لە جیهانی زەوییەوە تا دەگاتە جیهانی بەهەشت.

سەبارەت بە هەبوونی فریشتەش كە دڵە كوێرەكان نایبینن، با تەماشایەكی ئەم زەوییەی خۆمان بكەن، كە لەچاو قەبارە گەورەكانی تری ئاسماندا چڕو بچوكە، كە چۆن پڕیەتی لە چەندین جۆری لەژمارە بەدەری خاوەن ژیانو هەستو شعوور، كە بە نرخترینو درەخشانترین بوونەوەرن، ئەی دەبێ ئەو مەڵبەندو دەریا گەورەیەی ئاسمانەكان

چۆن بێت، کە جێگای هاتووچۆی ملیۆنەها ملیۆن ئەستێرەن‌و، ئەوانیش نیشتەنگای چەندین ڕەگەزی جۆراوجۆری خاوەن هەست‌و شعوری لەژمارەبەدەرن لەمەلائیکەت‌و ڕۆحانییەکان.

کاتێکیش لەو گەشتە نوورانییە گەڕایتەوەو، هاتیتەوە بۆ ناو کۆڕو کۆمەڵی قوریش، باسی شەوڕەوی بۆ بەیتولمەقدیس‌و بەرزبوونەوەت بۆ ئاسمانەکان بۆ کردن، دایان لە قاقای پێکەنین. بە پەلە ڕایان کرد بۆ لای صدیقی ئەکبەر، وتیان هاوەڵەکەت باسی شتێ دەکات هیچ عەقڵێك قبوڵی ناکات، ئادەی بزانین تۆ دەڵێیت چی؟ ئایا باوەڕی پێ دەکەیت؟ بێ ئاگا لە مەغزو ناوەڕۆکی نبووەت‌و لە خواناسی، تەنها لە ڕووانگەی چاوە سنوردارەکەی خۆیان بۆ هەموو شتێکیان دەڕوانی، هەروەك ماددییەکانی ئێستا کە هەموو پێوەرێکیان چاویانە، باوەڕیان بە جیهانی میتافیزیك‌و مەعنا نییە، بەمەرجێك مۆبایل‌و کۆنترۆڵەکانی دەستیان‌و، هەرچی ئامێری پێشکەوتووی ئەم سەردەمەیە، لە تەوەرەی غەیبیاتدا دەخولێنەوە.

صدیقی ئەکبەر فەرمووی من باوەڕم بەو پەیامە هێناوە کە لە جیهانی غەیبەوەو لەلایەن خوای گەورەوە بۆی هێناوین، شەو ڕەوی چییە تا باوەڕی پێ نەکەم، بەم وەڵامە لوتی شکاندن‌و گەڕانە دوواوە، بەڵام کۆڵیان نەداو هاتنەوە بۆلای جەنابت ﷺ، بەگازوگیریان هێنایت تا وەسفی دەرگاو دیوارو تاقەکانی مزگەوتی ئەقسایان بۆ بکەیت. باش دەیانزانی کە تۆ بەدرێژایی تەمەنت تەشریفت نەبردووەتە ئەو شوێنە، خۆیان بە هۆی بازرگانییەوە چەند جار چوو بوون، ئەمەیان بە فرسەت زانی حاشا تا بەدرۆت بخەنەوە. بەڕاستی ئەو

ڕۆژە کەوتیتە تەنگانەیەکی واوە، کە پێشتر تەنگانەی وات نەبینی بوو، تا خوای گەورە بە فریاتەوە هاتو، دیزاینی بەیتولمەقدیسی بۆ کردیتو لە شەر شاشەیەك هێنایە پێش چاوت، تۆی خۆشەویست ﷺ وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانت پێ دایەوەو لەو تەنگانەیە ڕزگارت بوو.

بەڵێ خۆشەویستم ﷺ گەر خۆت لە ناو هەموو ئینسو جنندا بە تەنها لەسەر زەویدا بەندایەتیت بکردایە، بەس بوو بۆ ئەوەی خوای گەورە ئەم گەردوونە لە نەبوونەوە بهێنێتەدیو دروستی بکات. چونکە تۆ بە تەنها ئەوەی خوای گەورە ویستو مەبەستی بوو هێناتەدیو بەدەم خواستو داواکارییەکانیەوە چویت.

(٨)

ئەی سەروەرم ﷺ.. ئەوە چ داوەتنامەو زیافەتێك بوو، كە تەنها شایستەی تۆ بوو؟ سواری بوراقی تەوفیقی خوایی بوویتو، تەشریفت بردە ئاسمانەكانو، وەكو بروسكە هەموو بازنەكانی مومكیناتت بڕیو، بۆ خاڵی بازنەی وجوب بەرزبوویتەوە، نوێنەرایەتی سەرجەم گرۆی جیننیو مرۆڤت كردو، بە ناو هەموو چینەكانی مەلەكووتی ئاسمانەكاندا هەر لە نزمترینەوە تا بەرزترین جێگا ڕۆشتیت، فەرمانگە لە دوای فەرمانگەو چین لە سەر چین گەشتو گەڕانت كردو، یەك بەیەكی كارگەكانی سنعەتی خواوەندو گەنجینەی داهاتەكانت پیشان درا، كە لە خوارەوە دێن.

هەروەها پلە لە دوای پلە سەرخرایت تا گەشتیت بە حزووری زاتی ئەقدەسو، لەوێ لەبری سەلام فەرمووت ( التحیات لله)، چونكە خوای گەورە خۆی سەلامەو سەلامی لێ ناكرێت. پاشان لە حزووری حەق تەعالا وەرگیرایتو، قبوڵ كرایتو، شەرەفمەندی بینینی زاتی شكۆمەندی خۆی بوویتو، بەچاوی سەر چاوت پێی كەوت كە ئەسڵو بناغەی هەموو كەماڵاتێكە.

كاتێ فەرمووت التحیات المباركات الصلوات الطیبات لله، ئەوا بە ناوی هەرچی گەردیلەكانی (گڵ)و (ئاو)و (هەوا)و (ڕووناكی)یەوە، سەناو ستایشی پەروەردگارت كردو، تەسبیحاتی سەرجەم

زیندەوەرانو خاوەن ژیانەکانت پێشکەش بە زاتی ئەقدەس کرد، کە سەرجەمیان لەو چوار ماکە پێك هاتوون.

خواوەندی شکۆمەندیش سەلامی خۆی لێ کردنو، ڕەحمەتی خۆی ڕژاند بە سەرتاندا، کاتێ فەرمووی ( السلام علیك ایها النبي)، کە فەرمانێك بوو بۆ تەواوی موسڵمانانو ئێمەی نەوەی ئاییندەش، کە دەبێت هەریەکەمان لە ڕۆژێکدا بەلایەنی کەمەوە دە جار ئەم سڵاوەت لێ بکەین، کە خۆی لە خۆیدا نوورێکی گشتگیرو واتایەکی بەرزو بڵندە. کاتێ تۆش فەرمووت ( السلام علینا و علی عباد الله الصالحین) ئەوە یادی مرۆڤ دەخەیتەوە کە بە تکاو لاڵانەوە داوات لە خوای گەورە کردووە، نەتەوە مەزنەکەتو پیاوچاکەکانی ئوممەتەکەت، لە داهاتوودا ئایینی ئیسلامیان تیادا بەرجەستە ببێت، کە ئایینێکە ئاشتیو سڵاوی خوای گەورە دەنوێنێت. هەروەها سەرجەمی نەتەوەی ئیسلامیش ئەو درووشمە ئیسلامییە گشتییە لە نێوان خۆیاندا بڵێنەوە، کە بریتییە لە (السلام علیك)و (علیك السلام)و نەیگۆڕنەوە بە دەستەواژە بێکەڵكو ناوەڕۆکەکانی ئەمڕۆ، کە هیچ خێرێك لە دووتوێیاندا نییە، بۆنمونە (های)و (بای)ی ئێستای شارستانییەتی سەردەمو هاوچەشنیان لەو جۆرە مەرحەباییە بێ ئەرزشانە.

فەرمایشتەکەی حەزرەتی جیبریلیش سەلامی خوای لێ بێت، بەشێکی لەو هاودەمییە بەرزو بڵندەی شەوی میعراجدا هەیە، کە بە فەرمانی خواوەند فەرموویەتی ( أشهد ان لا اله الا الله وأشهد ان محمدا رسول الله) ﷺ، ئەو فەرمایشتە مژدەیەك بوو بۆ ئەوەی کە

سەرجەمی نەتەوەی ئیسلام هەمان شایەتی دەدەن‌و، تا ڕۆژی قیامەت ئەم شایەتومانەیان لە سەر زارەو دەیلێنەوە.

لەکۆتاییشدا ئێمە وەکو نەتەوەکەت، سلاوات دەنێرین بۆ گیانی پاکی تۆی خۆشەویست ﷺ و بۆ ئال‌و بەیتەکەت کە ئەولیاکانن، وەکو چۆن سلاوات نێردراوە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم‌و ئال‌و بەیتەکەی کە پێغەمبەرانن، (اللهم صل علی محمد وعلی ال محمد، کما صلیت علی ابراهیم وعلی ال ابراهیم فی العالمین انك حمید مجید).

هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەولیاکان لە ئالی بەیت، ئەوانەی کە نەوەو وەچەی حەزرەتی حەسەن‌و حسێنن، ئەوانەی کە ڕابەرو پێشەوای ڕێبازەکانی حەقیقەت‌و تەریقەت بوون، پلەیەکیان بە دەستهێناوە کە وەك پلەی پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل وایە، وەکو خۆت فەرمووتە (علماء امتی کأنبیاء بنی اسرائیل)، ئەو کەڵە پیاوە مەردانە زۆرینەی نەتەوەی ئیسلامیان بەرەو ڕێی حەقیقەت‌و ڕاستییەکانی ئیسلام ڕێنوێنی کردووە. ئەو ڕابەرانە بەروبوومی گیرابوونی ئەو دوعاو نزایەن کە تایبەتە بە ئال‌و بەیتی تۆوە، لەپێشەکی ئەوانیشەوە ئیمام جەعفەری صادق‌و شێخی گەیلانی‌و شاهی نەقشبەندن. واتە ئەگەر پێغەمبەرایەتی بەردەوام بوایە، ئەوا هەریەکە لەو قوتبە مەزنانە پێغەمبەری سەردەمی خۆیان دەبوون.

ئەو کتێبە ناوازەیەی گەردوون کە خواوەند بە ئەوپەڕی وردی‌و دانایی نوسیویەتی‌و، لە هەموو پیت‌و خاڵێکیدا هەزاران واتا لە خۆ دەگرێت، بە بێ هاتنی تۆ بێهودە دەردەچوو. هەروەها نرخ‌و بایەخی نەدەماو، بەرەو تاریکستانی عەدەم دەکەوتە خوارەوە. هەربۆیە

فەرموودەی (لولاك لولاك..) لەجێگای خۆیدایەو بە هەموو هەستو نەستێکمانەوە تەصدیقی دەکەین. بەڵێ تۆ ئەو کەسە خاوەن تایبەتکارییە بەرزو بڵندە بوویت، کە خواوەند لە ڕێگای میعراجەوە، کە وەکو تاڵە دەزوویەکی پەیوەندیدەر وایە لە نێوان ئەوپەڕی چینەکانی زۆریی بوونەوەرانەوە، تا دەگاتە سەرەتای تاکیی خواوەند، گوفتاری خۆی ئاراستە کردیتو، بەرزی کردیتەوە بۆ لای خۆیو، شەرەفمەندی مامۆستاییو نمایندەی سەرجەم بوونەوەرانی کردیت.

بەڵێ خوای گەورە لە نێوان بەدیهاتووانیدا زیندەوەرانی لە هەمووان زیاتر خۆش دەوێتو، پلەی بەرزتری پێداون. لە نێوان ئەوانیشدا خاوەن هەستانی پتر خۆش دەوێتو، پلەی بەرزتری پێ ڕەوا بینیون. خۆشەویستترینی خاوەن هەستانیش بە هۆی جەم بوونی تواناو لێهاتنەکانییەوە لە نێوان گرۆی مرۆڤدایە، لە نێوانیشیاندا تۆی خاوەن کەماڵیت ﷺ کە تواناو لێهاتنەکانت بە تەواوی بەرجەستە بوونو کرۆکی بەندایەتیو خواناسیت وەکو خۆی پیشانی گرۆی مرۆڤ داوە. دڵت وەکو ناوکێکی وەهایە، کە توانی پەی بە ڕاستییەکانی درەختی گەردوون بباتو، میعراجیش بوو بەو تاڵە دەزووەی کە ناوکو درەختەکەی پێکەوە بەستەوە.

بەڵێ ئەی سەرورەرم ﷺ، تۆ بەرزترین پلەکانی بەندایەتیت بۆ خوای گەورە پیشان داو، بەدەم ویستی خواوەندەوە ڕۆشتیتو، سەرنجی دنیاو خاوەن هەستانت بۆ لای خواوەند ڕاکێشاوەو، لەمەبەستی بوونو هاتنە دنیایان ئاگادارت کردوونەتەوە.

هەروەها تۆ کامڵترین کەسێکیت، کە هەموو پلەکانی تەوحیدت بەخەڵکی ڕاگەیاندووەو، یەکتایی خواوەندت بە سەر هەموو چینە زۆرەکانی بەدیهێنراواندا ئاشکرا کردووە. بەڵێ تۆ وەکو ئەو ئاوێنە ساف‌و بێگەردو ڕووناکە وابوویت، بۆ پیشاندان‌و ڕەنگدانەوەی جوانکارییەکانی جوانیی خاوەنی جیهان‌و، وردەکارییە بێ وێنەو بەرزەکەی‌و، هەرچی شتێك لە گەنجینە پەنهانەکانی بەدیهێنەری جیهاندایە، بەجیهانت ناساندو ڕوونت کردەوە.

بەڵێ تۆ کامڵترین ڕابەریت بۆ گرۆی جیننی‌و ئادەمیزاد، تەنانەت بۆ ڕۆحانیی‌و مەلائیکەتانیش. مەتەڵ‌و گرێ کوێرەی گەردوونت حەل کردو، ئەو ئامانجەت ئاشکرا کرد کە لە ئاڵوگۆڕەکانی بوونەوەراندا هەیەو، وەڵامی سێ پرسیارە قورسەکەت دایەوە، کە فەیلەسوفان‌و بیرمەندو دانایان تیایدا کۆڵەوارو دەستەپاچە بوون لەوەڵامدانەوەی، ئەویش پرسیارەکانی: (تۆ کێییت)؟ (لە کوێوە هاتوویت)؟ (بەرەو کوێ دەڕۆیت)ە؟ بەمەش ئەو ویستەی خوای گەورەت جێبەجێ کرد، کە دەیویست ئەو نهێنی‌و گرێ کوێرەیە بە هۆی نێرراوێکی خۆیەوە بۆ خاوەن هەستان بکاتەوەو دەربخات.

بەڵێ بە هۆی قورئانی پیرۆزەوە ئەرکی پێغەمبەرایەتیت جێبەجێ کرد، هەروەها لەبەرزترین پلەو، جوانترین‌و ڕێکترین شێوەداو، بەپەڕی باشی گەیاندت بە گرۆی جیننی‌و مرۆڤ‌و، بەمەش بەدەم‌ویستی خوای گەورەوە ڕۆشتیت، کە دەیویست ڕووی مرۆڤ لە (زۆریی)یەوە بەرەو (یەك)و، لە (فانی)ییەوە بەرەو (باقی)وەربگێڕێت.

مەبەستی خوای گەورە لە تەشریف بردنت بۆ ئاسمانەکان بینینی ڕاستییەکانی پایەکانی ئیمان بوو بە چاوی بینین‌و تێگەیشتن. ئەمەش لە بینینی مەلائیکەت‌و، بەهەشت‌و دۆزەخ‌و ئاخیرەت، تەنانەت بینینی زاتی مەزنی شکۆمەندی خواوەندیش.

بەمەش بوونەوەرانت لەو وەهمە ڕزگار کرد کە گەردوون خۆی لە خۆیەوە هاتبێتە بوون‌و، بێ خاوەن‌و بەرباد بێت. هەروەها هەموو بوونەوەران بە تایبەت خاوەن هەستانت خۆشحاڵ‌و شادو کامەران کرد، وە بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کە گەردوون چەند نوسراوێکی صەمەدانی‌و، نامەی خاوێنی پەروەردگاری‌و، ئاوێنەیەکە ناوە جوانەکانی خوای گەورەی بە ڕوونی تێدا دەردەکەوێت.

هەروەها لەو گەشتە نوورانییەتدا بناغەکانی ئیسلام بە تایبەت نوێژت وەکو دیارییەکی بە نرخی باش‌و گرانبەها بۆ سەرانسەری گرۆی جن‌و ئادەمیزاد بۆ هێناین. وە گەنجینەکانی بەختەوەریی هەمیشەیی‌و نیعمەتە نەبڕاوەکانی بەهەشتت بە چاوی خۆت بینی‌و کلیلەکانت بە دیاری بۆ هێنایەنەوە.

هەروەها لەو گەشتە بە نرخەتدا گەورەترین دیاری‌و باشترین مزگێنیت بۆ هێناینەوەو هەواڵت پێ داین، ئەویش بینینی خوای گەورە بوو بە چاوی سەری خۆت‌و بە بێ پەردە. بەمەش دڵنیات کردینەوە کە هەر کەس ئیمان‌و تەقوا بکات بە کاڵای بەری‌و لە گوناهو تاوان خۆی بپارێزێت، شایانی چوونە بەهەشت دەبێت‌و، لەوە گەورەتریش شایانی بینیی خوای گەورە دەبێ، کە چێژو خۆشییەکانی چەندین قات لە سەرووی خۆشییەکانی بەهەشتەوەیە.

دەپرسن کە ئایا پێویستی میعراج چی بوو کەوا تۆی خۆشەویستی ﷺ بۆ دەستنیشان کرایت؟

هەروەك ئەو گوفتارەی پادشایەك لەگەڵ نوێنەرەکەیدا دەیکات پەیوەندی بە سێ لایەنەوە هەیە: یەکەم: پادشا خۆی، دووەم: سەڵتەنەتەکەی واتە (موڵكو دەسەڵاتدارییەکەی)، سێهەم: ڕەعیەتەکەی. بە هەمان شێوە (ولله المثل الاعلی)، گوفتاری خواوەند لە میعراجدا لەگەڵ تۆی خۆشەویست ﷺ پەیوەندی بەم سێ لایەنەوە هەبوو. پادشای ئەزەلو ئەبەد کە خوای گەورەیە بە پێویستی زانی تۆی خۆشەویست ﷺ بباتە حزووری خۆیو لەوێ هەموو ئەو شتانەت پێ ڕابگەیەنێتو پیشانتی بدات کە پەیوەندی بە خۆیو موڵكو دەسەڵاتدارییەکەی و ڕەعیەتو بەندەکانیەوە هەبوو.

واتە مەغزو ماهییەتی ئەم بوونە (ماددە و مەعنا)، ئەوەی پەیوەندی بە ئەرکی پێغەمبەرایەتییەوە هەبوو، پیشانی دایتو، فەرمانە پەروەردگاریەکانی کە تایبەتن بە ڕەعیەتو بەندەکانیەوە پێ ڕاگەیاندیتو، ئینجا لە هەموو ئەمانە گەورەتر، بە بینینی زاتی پیرۆزی خۆی شادو بەختەوەری کردیت. ئەمە بوو ماناو مەبەستو پێویستیی میعراج، کە مرۆڤێتی مرۆڤ داخوازی بوو. چونکە میعراج بریتی بوو لەبەرز بوونەوەی مرۆڤ بەسەر درەختی گەردووونداو، گەیشتنی بوو بە کۆتایی لقی ئەو درەختە، ئینجا لەوێوە سەیری تەواوی درەختەکەو بەرەکانیشی کردو حەقیقەتەکەیانی بەچاوی سەر بینی.

هەر پێغەمبەرێك بە (یەك) یان (دوو) یان چەند ناوێکی خوای گەورە بەهرەمەند بووە، وەك ئەوەی حەزرەتی (موسا) بە ناوی

المتكلمو، حەزرەتی (عیسا) بە ناوی القدیرو...هتد. بەڵام تۆی خۆشەویست ﷺ لە میعراجدا بە هەر هەزار و یەك ناوەکەی خوای گەورە بەهرەمەند بوویت، بە ناوی هەرەمەزن (الاسم الاعظم)یشەوە، کە هەموو ناوەکانی تری لەخۆی گرتووە.

(٩)

ئەی سەروەرم ﷺ.. ڕۆحمان بالاگەردانی بالآت بێت، گیانمان فیدای گیانت بێت، واز لە هەموو دنیا دەهێنین و بە پەلە بەرەو ڕووت دێین، وەکو ئەوانە نابین کە بێ ئاگاو سەرگەردان، وێڵ وێل دێن و دەچن، گوێی خۆیان لەئاست ئەو ڕاستییانەدا ئاخنیوە کە تۆ ڕاتگەیاندوون، خۆیان کوێرو کەڕ کردووەو، بایەخ بە فەرموودەکانت نادەن، لەناو غەفڵەت و سەرگەردانیدا لە کەناری بێ ئاگاییدا دانیشتوون و، چاوەڕێی لەسێدارەدان و لەناوچوونی هەمیشەیی خۆیان دەکەن.

ڕەنجەڕۆیی بۆ هەموو ئەو گروپ و تاقمانەی بە ناوی ڕۆشنگەرییەوە فەرموودە شیرینەکانت ڕەت دەکەنەوەو، پێیان وایە شتێك نییە بە ناوی سووننەت، کە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتە پاك و بێگەردەکەی خوا بێت و، نکولیی لێ دەکەن. ئەو تاقمانە لە هەموو سەردەمێکدا دێن و پەیدا دەبن و سەر هەڵدەدەن، دواتر خۆیان بۆ خۆیان دەکوژێنەوەو ئاوا دەبن. ئەوانە هیچ کات فریان بە ناوەڕۆکی قورئانەوە نەبووەو نییە، هەرچییەك بڵێن و بنوسن لە کۆتاییدا ڕەنجیان دەبێت بە ڕەنجەکەی فەرهادی کۆهکەن.

کاتیَ تەماشای نوێژە بەکۆمەڵە گەورە فراوانەکەت دەکەین، خەڵکی دوورگەی عەرەب، بەڵکوو هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی لە پشت سەرتەوە ڕیزیان بەستووەو ئەم نوێژەت لەگەڵدا دەکەن. لە میحرابی چەرخ‌و زەمەنی خۆتدا ڕاوەستاویت‌و، پێشنوێژیی بۆ هەموو مرۆڤە بەڕێزەکانی گرۆی ئادەمیی دەکەیت، هەر لە باوکە گەورەمان ئادەمەوە تا ئێستاو دنیاش دنیایە، لە ڕیزی سەردەمەکاندا نوێژیان لەپشت سەرتەوە دابەستووەو، ئامین بۆ پاڕانەوەو نزاکانت دەکەن.

کاتیَ بە خشوعەوە پێشنوێژی بۆ ئەو کۆمەڵە زۆرەی مرۆڤ دەکەیت، هەموو گیانمان دەکەین بە گویَ‌و، بە هەموو هەستێکمانەوە گویَ قوڵاخی ئەوە دەبین، کە ئایا ئامانجی پاڕانەوە بیَ گەردەکەت چییەو بۆچی دەپاڕێیتەوە؟ ئەوەتا بۆ شتێکی زۆر گەورەو گرنگ‌و پێویست‌و گشتیی پاڕایتەوە، کە زەوی‌و ئاسمان‌و هەموو بوونەوەران بەشداریی ئەم پاڕانەوەیەیان کردیت. هەموو بە زمانی حاڵیان وتیان: بەڵیَ ئەی پەروەردگارمان نزاکەی گیرا بکە، چونکە ئێمەش‌و ئەو ناوە جوانانەی خۆت لە ئێمەدا، داوای هاتنە دی هەمان خواست‌و مەبەست دەکەن کە خۆشەویستەکەت ﷺ داوای دەکات.

ئەوە چ ئەدەب‌و ڕێزێکە پێی پاڕایتەوە! ئەوە چ تاسەیەکی توندوتیژ بوو؟ ئەو لالانەوە بە کوڵە چی بوو؟ ئەی ئەو هەموو خەم‌و خەفەتە چی بوو سەرتاپای داگیر کردبوویت؟ پاڕانەوەکەت ئەوەندە قووڵ‌و خۆشەویستییەکەت ئەوەندە خەفەتاویی بوو، سۆزو هەستی بوونەوەرانت هەژاندو، هەموویانت خستبووە گریانەوەو، لە نزاو پاڕانەوەی خۆتدا بەشدارییت پیَ کردن. تاسەو شەوقی عەرش‌و

ئاسمانەکانیشت هەژاندو، دەڵێی ئەوانیش پێکەوە هاواریان کردووەو ووتویانە: خوایە گیان پاڕانەوەکەی گیرا بکە.

بەڵێ بۆ ئامانجو مەبەستێك پاڕایتەوە کە ئەگەر نەیەتە دی ئەوا پایەی مرۆڤ، بەڵکو دنیاو تەنانەت هەموو بوونەوەران بۆ نزمترین پلە دادەبەزنە خوارەوەو، هیچ نرخو بایەخێکیان نامێنێت. بە هاتنە دی ئەو مەبەستەش بوونەوەران بەرز دەبنەوەو، پلەی کەماڵی خۆیان وەردەگرن، کە ئەو داوایەش بریتی بووە لە داوای بەهەشتو بەختەوەری هەمیشەیی و ژیانی هەتاهەتایی.

ئەی داخوازییەکەت لەکێ داوا کرد؟ بێگومان لەو خوایەت داوا کرد کە بەتواناو بیسەرو بەخشندەو زاناو بینەرو میهرەبانو بە بەزەییە. ئەو خواوەندەی کە شاراوەترین نزای نادیارترین زیندەوەر لەپەنهانترین پێویستیدا دەبیستێتو، وەك لەبەر چاودایە پاڕانەوەکەی گیرا دەکاتو، کارەکەی بۆ ئەنجام دەدات.

ئەی مایەی شەرەفی ئادەمیزاد ﷺ.. هەرچی سیفەتو ڕەوشتی بەرزو جوانە لە تۆدا هەیە، بەڕادەیەك کە دوژمنانیشت شایەتی لە سەر ئەمە دەدەن. هەروەها دەرکەوتنی هەزاران موعجیزە لە سەر دەستی تۆدا، وەك لەت بوونی مانگ بەئاماژەیەکی پەنجەی تۆ و پەرتەوازکردنی سوپایەکی زۆری دوژمن بەو مشتە خاکو خۆڵەی کە بە ڕوویاندا وەشاندت، کە گەردیلەکانی ئەو خاکو تەپو تۆزە ڕۆشتە چاوی هەموویانەوە.

هەروەها تێرئاوبوونی هاوەڵەکانت لەو کانیاوەی کە وەکو کەوسەر لەکاتی تینوێتی سەختداو لەگەرمای بەتینی بیاباندا، لە نێوان

پەنجە پیرۆزەکانتەوە هەڵدەقوڵێ، ئەمانەو هەموو ئەو موعجیزانەی ترت کە لە کتێبە صەحیحەکاندا بە تەواتور پێمان گەیشتوون، پێمان دەڵێن کە تۆ خاوەنی جوانترین ڕەوشتو، ڕاستگۆترین گوفتاریت کە هەرگیز ناگونجێت لەو پلە بەرزەوە دابەزن حاشا بۆ قسەی درۆو ساختەکاری.

خواوەند کردیتی بە ئەمیندار لە سەر وتەکانی خۆی، تۆش ئەم وتانەت لە خۆتدا جێبەجێ کردو، واتاکانیت بە کردەیی ڕوون کردەوەو، ئەرکی ڕاگەیاندنی قورئانی پیرۆزی پێ سپاردیت، هەرگیز ناگونجێت حاشا درۆت لێ ببیسترێت یان جیگای گومان بیت.

ئەو شەریعەتە پاکو بێگەردەو ئایینە سروشتییەو بەندایەتییە خاوێنەو نزاو لاڵانەوە بەکوڵەو بانگەوازە گشتییە، کە تۆ بەو باوەڕە پتەوەوە هێناتو جێبەجێت کرد، وە لە ماوەی چواردە سەدەدا پێنج یەکی گرۆی مرۆڤایەتی لە سەر بناغەی حەقو بە یاسا دادگەرانەکەی بەڕێوەبرد، هیچ شتێك هاوچەشنی نییەو، هەرگیز لەوە باشتر نەبووەو نابێت.

هەروەها ئەو ئیسلامەی کە لە کردارو گوفتارو هەڵسوکەوتی تۆوە دەرچووە، کە بوویت بە پێشەواو جێی پرسو ڕای سێ سەد ملیۆن کەس لە هەموو چەرخێکدا، وە بوویت بە مامۆستاو ڕابەری عەقڵو ڕووناککەرەوەی دڵو، پاکژکەرەوەی دەروونو، هۆی بەرزبوونەوەی ڕۆحیان، نە هاووێنەی بووەو نەدەیشی بێت.

هەروەها ئەو تەقواو ترسە زۆرەی کە لە خواوەند هەتانبووەو، ئەو پێشکەوتنو بەرزبوونەوەیەی بە سەر هەموو کەسێکداو، ئەو

پەرستشە زۆرانەی کە لە ئایینەکەتدا هەن‌و، موجاهەدە بەردەوامەکەت‌و، چاودێرییە لە ڕادەبەدەرەکەت بۆ ووردترین نهێنییەکانی بەندایەتی، بێ ئەوەی لاسایی کەس بکەیتەوە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، تەنانەت لە ناخۆشترین بارودۆخیشدا هەر یەکتاپەرست بوویت، بێگومان هاوچەشنی ئەو بەندایەتییە بێ گەردەت نە تا ئێستا بینراوەو، نە لەمەولاش دەبینرێت.

هەروەها ئەو دوعاو لالانەوەی (الجوشن الكبیر) قەڵغانە گەورەکە، کەدەکرێت لەبری (زریێو خۆداپۆشین بە ئاسن) بکرێتە ملی هەموو مرۆڤێکی موسڵمانی ئیماندار، کە یەکێکە لەو هەزاران نزاو پاڕانەوەیەی تۆی خۆشەویست ﷺ کە هەزارو یەك ناوی خوای گەورەی لەخۆگرتووەو، حەزرەتی جیبریل بەدیاری بۆی هێنایت‌و پێتی فەرموو: خوای گەورە سەلامت لێ دەکات، ئەو زرێیە لەبەرتا لابەو ئەم جەوشەنە بخوێنە، کەتیایدا وەسفی پەروەردگارت لە پلەیەکی عارفانەی وەهادا کردووە، کە هیچ کام لە عارفان‌و ئەولیاکان لەکۆنەوە تا ئێستا لە خواناسیدا نەگەیشتوونەتە ئەو پلەیە، هەرچەندە ئەوان دەیانتوانی یەك لەدوای یەك سود لە بیری یەکترو پێشینانیان وەربگرن. کەواتە هیچ دوعاو پاڕانەوەیەك هاوچەشنی ئەم دوعا بەرزو جوانە نیەو نابێت کە لە چڵەپۆپەی خواناسیدایە.

هەروەها لە ئەرکی پێغەمبەرایەتیداو ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەتدا بە خەڵکی، دامەزراوی‌و ئازایەتییەکی وات پیشان داوە، کە هیچ کەس با بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بووبێت، لەمەدا نزیك نابێتەوەو پێت ناگاتەوە، وە بەکەس بەراورد ناکرێیت. هەرگیز ترس نەیتوانیوە

زەفەرت پێ ببات، یان دوو دڵیو دڵەتەپێ یەخەت پێ بگرێت، هەرچەندە دوژمنەکانت زۆرو لە ژمارە بەدەر بوون‌و، هیچ درێغییەکیشان نەکردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەو دوژمنایەتی کردنت، خۆت بە تەنها بەرامبەر بە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کاتە، وەکو فارس‌و ڕۆم‌و، تەنانەت خزم‌و مام‌و هۆزەکەت وەستایت‌و، تەحەددای هەموویانت کرد. خواوەندیش پشتی گرتیت‌و سەری خستیت‌و سەربەرزی کردیت، تۆش بە تاجی ئیسلام سەری گێتیت ڕازاندەوە. کەواتە کێ هەیە لەگەیاندنی ئەو ڕاسپاردەیەی خوای گەورەدا وەکو تۆ وابێت؟

هەروەها تۆ ئیمانێکی توندوتۆڵ‌و مەحکەم‌و، یەقینێکی دامەزراوی لە عادەت بەدەر بۆ دەرخستنی حەقیقەتی سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکی دەراساو، بیروباوەڕێکی بەرزی ئەوتۆت لەگەڵ خۆتدا هێناوە، کە نە بیروباوەڕو نە دانایی دانایان‌و سەرگەورە ڕۆحییەکانی ئەو سەردەمە، نەیانتوانی هیچ گومانێك یان دوو دڵییەك یان لاوازییەك یان تەنانەت وەسوەسەیەکیش لە دڵی تۆدا دروست بکەن. هاوەڵە بەرێزەکان‌و سەرجەم ئەولیاکان، بە هۆی ئەو ئیمان‌و دامەزراوییەی تۆوە بوو گەیشتن بەو پلە بڵندانە.

هەموو ئەمانەی باس کران بە ئاشکرا پێمان دەڵێن کە تۆی سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ هەڵگری ئیمان‌و بیروباوەڕێك بوویت، کە نە هاوتای هەبووەو نە لەمەولاش هاووێنەی دەبێت. تۆ لە هەموو کەس ڕاستگۆتربوویت، لە هەموو کەس زیاتر دەستت بە ڕاستیی‌و حەقیقەتەوە گرتبوو، هەرچی مرۆڤە هەڵبژاردەکانی سەر زەوی هەیە

له هاوه‌ڵانو،  زانا ورده‌كارو دانا بلیمه‌ته‌كانو، صدیقانی لێكۆڵه‌ر، ئه‌وانه‌ی كه‌ گه‌یشتن به‌ به‌رزترین پله‌ی كه‌ماڵی مرۆڤانه‌، شایه‌تیت بۆ ده‌ده‌نو ته‌صدیقت ده‌كه‌ن كه‌ تۆ مایه‌ی شه‌ره‌فی ئاده‌میزادو، جێیی شانازی هه‌موو جیهانیت ﷺ.

(١٠)

ئەی سەروەرم ﷺ.. تۆ پێغەمبەرێتیی خۆت ئاشکرا کردو بەڵگەشت لە سەر ئەمە پێشکەش کرد، کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز. نزیکەی هەزار موعجیزەشت بە ڕوونی پیشان داوە، کە لە لای زانا لێکۆڵەرەکانی ئەم نەتەوەیەوە چەسپاون.

وەکو چۆن دەعوای پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ بێ گومانو چەسپاوە، موعجیزەکانیشت بەگشتییو بە بێ ئەوەی کەس بتوانێت بەدرۆیان بخاتەوە یان ئینکارییان بکات ئاوا بێ گومانو چەسپاون. تەنانەت کافرەکانیش دانیان ناوە بە موعجیزاتی تۆداو، نەیان توانیوە ئینکاری بکەن، بەڵام خۆیانو شوێنکەوتووانیان بەوە دەخەڵەتاند، دەیانوت محەمەد ﷺ جادوومان لێ دەکات.

بەڵێ بە ئەندازەی سەد دانە تەواتور موعجیزەکانت موتەواتیرو بێ گومانو چەسپاون، کەواتە با کەس خۆی ماندوو نەکات ڕێگای ئینکاریی کردنی ئەو موعجیزانە بگرێتە بەر. موعجیزەکانت تەصدیقی خواوەندن بۆ دەعوای پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ، وەکو ئەوە وایە خواوەند خۆی بفەرموێت: ئەم بەندەیەی من ڕاست دەکات دەسا ئێوەش بەگوێی بکەن.

بەڵێ خواوەند یاسا ئاساییەکانی خۆی بۆ گۆڕیت، ئەمەش باشترین تەصدیقو سەلماندنە بۆ ڕاستو دروستی دەعواکەت، لەوە بەهێزترە کە بفەرموێت: (بەڵی بەندەکەم ڕاست دەکات).

ئەگەر لە دیوەخانی پادشایەکدا کەسێك لە ناو کۆڕەکەدا هەستایە سەرپێو وتی: پادشا فلاّنە کاری پێ سپاردووم تا ئەنجامی بدەم، کەسانی ناو کۆڕەکەش داوای بەڵگەیان لێ کرد، کە ئایا پادشا بەڕاستی ئەو کارەی پێ سپاردووە؟ لەو کاتەدا پادشا بڵێت: ڕاست ئەکات، ئایا ئەم شایەتیدانەی پادشا سەروزیادی ڕاستیو دروستیی دەعواکەی نییە؟ ئەی ئەگەر پادشا یاسا ئاساییەکانی ڕۆژانەی خۆی بۆ بگۆڕێت، باشترین شایەتو سەلماندن نییە بۆ دەعواکەی؟

کاتێ کە تۆش فەرمووت من نێردراوی خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانم، بەڵگەت بۆ ئەم دەعوایە ئەوەبوو لێی پاڕایتەوە، ئەویش بە کەرەمو ڕەحمەتی خۆی هات بە هاناتەوەو، یاسا ئاساییەکانی خۆی بۆ گۆڕیت. لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانتەوە وەکو کانییو کارێز ئاوی ڕەوانی مایەی ژیان هەڵدەقوڵی، سوپای تینووی ماندووی بیابانی تێراو دەکردو دەیژیاندنەوە. لەو مشتە خۆراکەی کەبەشی تێرکردنی کەسێکی نەدەکرد، بەدوعایەکی تۆ سوپایەکی دووسەد تا سێ سەد تا هەزارو پێنج سەد کەسیی تێر دەکرد.

هەر ئەو پەنجە پیرۆزەت بوو کاتێ ئاماژەی بۆ مانگ کرد، بازی دا بە سەر یاسا نەگۆڕەکانی گەردووونداو دوولەتی کرد. لەتێك لە خۆرهەلاّتو لەتێك لە خۆرئاوا. تەنها ئاماژەیەکت سەرو زیاد بوو بۆ ئەوەی درەختێکی چەند ساڵە خۆی لە بنجو بێخ هەڵبکێشێت، بە

ڕەگو قەدو گەڵاو بەرییەوە بێتە خزمەتت، تەصدیقی پێغەمبەرایەتییەکەت بکات ﷺ.

گەر موعجیزەکانت بیژمێرین ئەوا تەواو نابن، ئەوەتا زانا لێکۆڵەرەکان نزیکەی هەزار بەڵگەیان لە سەر موعجیزەی پێغەمبەرێتی تۆ هێناوەتەوە، نەك هەر ئەو هەزارە بەڵکو سەدان هەزار نمونەو بەڵگە هەیە کە لەلایەن سەدان هەزار کەسی جیاواز لە بیرکردنەوەو ڕێبازو مەشرەبدا، کە ژیانت سەرتاپا موعجیزەیە. تەنانەت قورئانی پیرۆز خۆی هەزار دانە لەو بەڵگانەی هێناوە کە تەصدیقی پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ دەکەن، جگە لەو چل ڕووی ئیعجازەی کە لەخۆیدا هەیە.

ئەو ڕوخسارەت ئەوەندە جوانو پاكو بێگەرد بووە، زانایەکی جولەکەی وەکو عەبدوڵای کوڕی سەلام ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت، بە یەکەم چاوپێکەوتنت باوەڕی پێ هێنایتو تەصدیقی پێغەمبەرایەتییەکەی کردیت، ئەوەتا دەڵێت: هەرکە چاوم بە ڕوخساری پیرۆزی کەوت ، زانیم ڕوخساری مرۆڤی درۆزن نییە.

هەروەك پێغەمبەرێتی لەبەرەی مرۆڤدا شتێکی چەسپاوەو هەیەو ڕووی داوە، سەدوبیستو چوار هەزار کەسیش پێغەمبەرێتی خۆیان بەخەڵك ڕاگەیاندووە، چەندین موعجیزەشیان لەم پێناوەدا پیشان داوە. گومان لەوەدا نییە پێغەمبەرێتییەکەی تۆ ﷺ لەهی هەمویان چەسپاوترە، چونکە چۆنێتی هەڵسوکەوتی پێغەمبەران لەگەڵ نەتەوەکانیانداو، ئەو شتانەش کە بەڵگەن لە سەر پێغەمبەرێتی پێغەمبەرانی وەکو حەزرەتی عیساو حەزرەتی موسا سەلامی خوایان

لیٚ بیٚت، هەموو ئەو شتانە بە باشترینو جوانترین شیٚوەو چاکترین ناوەڕۆکەوە لەتۆی خۆشەویستدا ﷺ هاتوونەتە دی.

پیٚغەمبەریٚتییەکەی تۆ ﷺ چونکە گشتییە ئەوا پەیوەندی بە هەموو بوونەوەرانەوە هەیەو، لەگەڵ زۆربەی ئەواندا موعجیزەت هەیە. نمونەی ئەمەش وەکو ئەوە وایە، کاتیٚ پادشا نویٚنەری خۆی دەنیٚریٚت بۆ شاریٚك کە ئەو شارە چەندین کۆمەڵی جۆراوجۆری تیٚدا بیٚت، ئەو نویٚنەرەش چەند دیارییەکی بە نرخی جیا جیای بۆ هەریەکە لەو کۆمەڵانە هیٚنا بیٚت، ئەوا هەموو چینو کۆمەڵیٚك لە کۆمەڵانی شار نویٚنەریٚك بە ناوی خۆیانەوە دەنیٚرن بۆ بەخیٚرهاتنو پیٚشوازی کردن لەو نویٚنەرەی پادشا.

هەر بەو جۆرەش کاتیٚ جیهان بە تەشریف هیٚنانی تۆ کە نویٚنەری پادشای ئەزەلو ئەبەدیت، شادو کامەرانو بەهرەمەند بوو، کە تۆ لەلای ئەوەوە بۆ لای سەرجەم خەڵکی سەر ڕووی زەوی ڕەوانە کراویت. چەندین دیاریی مەعنەوەیو ڕاستیی ڕوونو ئەوتۆت لەگەڵ خۆدا هیٚنا کە پەیوەندییان بە هەموو بوونەوەرانەوە هەبوو. لەم کاتەدا لەلایەنی هەموو دەستەو تاقمیٚکی جۆرەکانی بوونەوەرەوە - هەریەکەیان بە زمانی تایبەتی خۆی - نویٚنەریان بۆ پیٚشوازی کردنو بەخیٚرهاتنی تۆ ناردو، بە ئەدەبو ڕیٚزەوە موعجیزەی دەستەو تاقمی خۆیان لەبەردەم تۆدا پیٚشکەش کرد. بەمەش تەصدیقیان کردیتو بەخیٚریان هیٚنایت.

ئەوەبوو هەر لەبەردو دارو ئاوو مرۆڤەوە تا دەگاتە مانگو خۆرو ئەستیٚرەکان، هەموو ئەم کارەیان ئەنجام دا. وەك بلٚیی

هەریەکەیان بە زمانی حاڵی خۆی پێت بڵێت: یاخوا بەخێربێیت.
ئێمەش دەڵێین یاخوا بەخێربێیت سەر چاوو سەر سەرمان.

## (١١)

ئەی سەرورەرم ﷺ.. کاتێ لەدایك بوویتو تەشریفت هێنایە دنیا کۆمەڵێ ڕووداوی سەیرو لەعادەت بەدەر ڕوویاندا، وەك پەیدا بوونی ڕووناکییەك لە نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا، تێکشکانو بەدەما کەوتنی بتەکانی کەعبە، جوڵانی هەیوانی کیسراو، داکەوتنی هەر چواردە پەنجەرەکەی، ڕۆچوونی دەریاچەی ساوە لەو شەوەدا، کوژانەوەی ئاگری فارس کە مەجوسەکان دەیانپەرست تا ئەو شەوە هەزار ساڵ بوو نەکوژابوویەوە.

ئەم چوار ڕووداوە ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە تۆ بتپەرستی ناهێڵیتو، دەسەڵاتی فارسەکان لەناو دەبەیتو، پەرستنو ڕێزلێنانی شتێك کە خوای گەورە ڕوخسەتی لە سەری نەبێت حەرام دەکەیت.

هەر لەو شەوی لە دایك بوونەتدا تیرەستێرەیەکی زۆر دەرچوونو ئاسمانی دنیایان ئاگرباران کردووە، ئەوەش نیشانەی ئەوە بووە کە بە هاتنی تۆی ئازیز ﷺ قورئان دادەبەزێتو چی تر شەیتانەکان ناتوانن سوسە بکەنو، هەواڵی ئاسمان بۆ کاهینەکان بێننەوە. لەهەمان کاتیشدا وەکو یاری ئاگرین وابووە لە خۆشی هاتنی تۆ بۆ دنیا ئاسمانیان پێ ڕازاندووەتەوە.

هەروەها پێش تەمەنی چل ساڵیتو تا ئەو کاتەی بوویت بە پێغەمبەر ﷺ، واتە پێش سەردەمی نبووەت، کۆمەڵێ حاڵەتو

بارودۆخی سەیر لە ژیانتدا ڕوویان داوە وەك: سێبەرکردنی هەور بۆت لەکاتی گەشتو سەفەرەکانتدا، یان جارێك لاتدایە لای درەختێکی وشك، ئەویش لەخۆشیدا لقو پەلەکانی سەوز بوونەوەو سێبەریان بۆ کردیت. یان هەرکات لە سەر سفرەی ماڵی ئەبوتالیبی مامت ئامادەبویتایە بۆ نان خواردن، ئەو خاوخێزانە زۆرە لەو خۆراکە کەمەی هەیانبووە تێر دەبوون، بەڵام هەر جارێك لەوێ نەبویتایە تێر بە سکی خۆیان نانیان نەدەخوارد. یان بە بۆنەی فەڕو پیرۆزیی تۆوە بوو بەرەکەت کەوتە ناو مەڕوماڵاتو حوشترەکانی حەلیمەی سەعدییەوە کە دایکی شیریت بوو. یان ئەوەی هەرگیز مێشت پێوە نەنیشتووەو بێزاریان نەکردوویت. کە بەم ڕووداوانەش دەوترێت ئیرهاصات. ئەمانەش پەیوەندیدارن بە پەیامەکەتەوەو، دەبن بە بەڵگە لە سەر پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ.

هەروەها لە پاش لە دایك بوونتو لە سەردەمی ژیانی پیرۆزی پڕ فەڕو بەرەکەتتدا، چەندین ڕووداوی لە عادەت بەدەر ڕوویان داوە، کە تەصدیقی پێغەمبەرایەتی تۆ ﷺ دەکەنو، پەیوەندیارن بە نبووەتەکەتەوە. کە ئەمانەش هەندێکیان لە خودی خۆتداو لە ژیانو شێوەو ڕەوشتو کەماڵی عەقڵێتدا دەرکەوتوون. وە هەندێکی تریشیان لەدەرەوەی زاتی پیرۆزتدا، واتە لە دەوروبەرو گەردوندا دەرکەوتوون، کە ئەوەشیان یان مەعنەویو قورئانی بووە، یان ماددیو گەردوونی. ئەم بەشەی دواییان کە ماددیو گەردوونییە، بەشێکیان لە سەردەمی بانگەوازەکەت دا دەرکەوتوون، ئەوەش یان بۆ شکاندنی فیزو دەماری کافران بووە، یان بۆ بەهێزکردنی ئیمانی

ئیمانداران. وەك لەت بوونی مانگو، هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانتو، تێربوونی خەڵکێکی زۆر لە خۆراکێکی کەم بە بەرەکەتو دوعای تۆ، قسە کردنی ئاژەڵو بەردو دار لە خزمەتتدا. بەشەکەی تریان ئەو ڕووداوانەن کە خواوەند تۆی لە بارەیانەوە ئاگادار کردووەتەوە. هەموو ئەو ڕووداوانە کە هەواڵیانت بە خەڵکی گەیاند پێش ڕوودانیان، چۆنت فەرموو ئاوا بە بێ کەمو زیاد هاتنە دی. ئەو هەواڵە غەیبیانەش ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن.

دەکرێ هەرچی حاڵەت هەیە کە لە تۆدا ڕوویان داوە بکرێن بە بەڵگەو شایەت لە سەر پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ، بەڵام هەرچی ڕەفتارو حاڵەتی تۆ هەیە هەموویان لەعادەت بەدەر نین. چونکە خوای گەورە وەکو (مرۆڤێکی پێغەمبەر ﷺ) ناردوویتی، بۆ ئەوەی بە کردارو ڕەفتارەکانت ببیت بە ڕابەرو پێشەنگی سەرجەمی مرۆڤایەتی لەگشت ڕەفتارو جموجوڵێکیاندا. خۆ ئەگەر هەرچی ڕەفتارو کرداری تۆ هەیە لە عادەت بەدەرو لە سەرووی توانای مرۆڤەوە بووایە، ئەوا نەدەگونجا ببیت بە پێشەنگو پێشڕەوێکی ئەوتۆ کە شوێن پێکانت هەڵبگیرێن، یان چاو لە هەڵسوکەوتو حاڵەتو کردارو ڕەفتارەکانت بکرێت.

هەر لەبەر ئەوەبوو جار جارو لەکاتی پێویست دا نەبوایە، ئەوەش بۆ چەسپاندنی پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ، لەبەردەم کافرە سەر سەختەکاندا، پەنات بۆ موعجیزە نەدەبرد. چونکە ئایین تاقی کردنەوەیەو مرۆڤیش خاوەنی ویستو ئیختیارە، خواوەند موعجیزەی بە سەر مرۆڤدا زاڵ نەکردووە، بۆ ئەوەی تەصدیقو باوەڕ لە مرۆڤدا بە

زۆر دروست نەبێت. چونکە نهێنی تاقیکردنەوەو حیکمەتی تەکلیف داخوازی ئەوەن کە دەرگای ویستو ئیختیار لەبەردەم ژیرییدا بخرێتە سەر پشتو ئەم ئیختیارو ویستەی لێ دانەماڵرێت.

خۆ ئەگەر موعجیزە بە شێوەیەکی بەدیهی دەربکەوتایە، ئەوا هیچ ئیختیارو ویستێك لەبەردەم ژیرییدا نەدەمایەوەو ئەو کاتە ئەبوجەهلیش وەکو حەزرەتی ئەبوبەکری صدیق ڕەزای خوای لێ بێت، تەصدیقی دەکرد. ئەوکاتە هیچ سودێك لە تەکلیفو هیچ ئامانجێکیش لە تاقی کردنەوەی مرۆڤدا نەدەماو خەڵوزی بێ بایەخو ئەڵماسی بە نرخ وەکو یەکیان لێ دەهات.

ئەوەتا ئەو شتەی مرۆڤ دەخاتە سەرسوڕمانەوە ئەوەیە کە هەزاران کەس لەوانەی کە ڕەگەزو زمانو کلتووریان لەوی تر جیایە، تەنها بە ڕێنماییەکی تۆ، یان بە فەرمودەیەکت، یان بە تەماشا کردنێکی دیداری پیرۆزت ﷺ، کە وەکو مانگ درەخشان بوو، یان بە شتێکی تری هاوچەشنی ئەمانە، باوەڕیان پێ هێنایتو تەصدیقیان کردیت. هەروەها زانا لێکۆڵەرە وردەکارە ڕۆشنبیرەکان، بە هۆی ئەو هەواڵە ڕاستو موتەواتیرانەی کە لە بارەی ڕاستیی پێغەمبەرێتی تۆوە ﷺو لە بارەی ڕەفتارە جوانەکانتەوە پێیان گەیشت، هەموو ئیمانیان پێ هێنایت.

ئایا جێی سەرسوڕمان نییە بەدبەختانی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەم هەمووە بەڵگە ڕوونو ئاشکرایە لە تۆدا دەبینن، کەچی هێشتا بەکەمی دەزاننو، هانیان نادات بۆ باوەڕهێنانو تەصدیق کردنت.

ئەوەتا کاروان لەدوای کاروان دێنو پێیان هەڵدەخلیسکێتو بەرەو شیوی گومڕایی‌و سەرگەردانی تلێر دەبنەوەو تیادەچن!

(١٢)

ئەی سەروەرم ﷺ.. تۆ مرۆڤیت، لە هەمان کاتیشدا پێغەمبەرێکی ئەمینیت ﷺ. بەوەی کە مرۆڤیت لە ڕوانگەی مرۆڤێتییەکەتەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکەیت، وە بەوەش کە پێغەمبەری ئەمینیت ﷺ و لەلایەن خوای گەورە ڕەوانە کراویت، بە ناوی ئەوەوە دەدوێیت، ڕاگەیەنەرێکی ڕاستگۆی فەرمانەکانی ئەویت، کەواتە پێغەمبەرێتییەکەت ﷺ پشت بە ڕاستیی سروش دەبەستێت.

قورئانی پیرۆزو چەند فەرموودەیەکی قودسی ئەو سروشە ڕاشکاوەن (الوحي الصريح)، کە تۆ تەنها ڕاگەیەنەریتو، هیچ دەستکارییەکی ئەو دەقانەت نەکردووە، بەڵام ئەو فەرموودانەی کە بە سروشی ناوەکی (الوحي الضمنى) دەڕژێنە سەر دڵت، درێژە پێدانو ڕوونکردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ تۆو، هەندێ جار پشتت بە ئیلهامو سروش بەستووەو هەندێ جار تریش بە فیراسەتی تایبەتی خۆت.

ئەوانەش کە بە ئیجتیهادی تایبەتی خۆت فەرمووتن، یان بەو هێزو توانا قودسیەی کە لە پێغەمبەرێتییەکەتدا هەن کردووتن، یان وەکو مرۆڤێکو بەپێی ئەو ئاستەی کە عورفو دابو نەریتو بیری خەڵکی تێدایە ڕوونت کردوونەتەوە. کەواتە نابێ لە ڕوانگەی سروشی ڕووتەوە سەیری گشت لایەنەکانی هەموو فەرموودەیەکت بکرێت، لەو

مامەڵەو بیرکردنەوەیەدا کە لە سەر خواستی مرۆڤێتییەکەت لە تۆ وەرگیراوە، نابێ بۆ ئاسەواری پێغەمبەرێتییەکەت ﷺ بگەڕێین.

جارێك لەناو کۆڕی یاراندا دانیشتبوویتو بە وتە شیرینەکانت برینە مەعنەوییەکانیانت ساڕێژ دەکردن، لەو کاتەدا زرمە دەنگێکی گەورە وەکو دەنگی تۆپی ئێستا هاتە بەر گوێی ئامادەبووان، کە دەنگی بەربوونەوەی مونافیقێکی بە ناوبانگی شاری مەدینە بوو، بۆ ناو بنکی دۆزەخی بچوك –کە کرۆکی زەوییەو، لە پاشەڕۆژدا دەڕژێتە ناو دۆزەخی گەورەوە– تۆش بەشێوەیەکی پڕ بەلاغەتو بەشێوەی کینایە ڕووداوەکەت بۆ ڕوون کردنەوەو، چواندت بە بەربوونەوەی بەردێك، کە ماوەی حەفتا ساڵە بەرێوەیە وا لەو کاتەدا گەیشتووەتە بنکی دۆزەخ.

هێشتا کاتژمێرێك بە حیسابی ئێستامان بە سەر وتە شیرینەکەتدا تێنەپەڕی بوو، یەکێ هاتە ناو کۆڕەکەو وتی: فلانە مونافیقی بە ناوبانگ کە تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ مردو، بەرەو دۆزەخ کەوتەڕێ. قوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوەیە تەشبیهـ، ئەوەیە بەلاغەت. بەڵی سووتەمەنی دۆزەخ مرۆڤو بەردەو چواندنی مرۆڤ بە بەرد چواندێکی زۆر جوانو شایستەیە.

فەرموودەکانت هەموو چەسپاونو دڵنیایی دەبەخشن، چونکە هەموو فەرموودەی موتەواتیرن، ( صەریح – سکوتی– مەعنەوی)، واتە کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمەڵێکی زۆری ترەوە دەماودەم هێناویانەو، بەو جۆرە لە هاوەڵانەوە هاتووە تا گەیشتووە بە تابیعی تابیعین، کە ئەو زەمەنە تەدوینی سوننەتی شەریفی تۆی تێدا کراوە. هەریەکە لەو

کۆمەڵانەش کە دەماودەمیان بە فەرموودەکانی تۆی خۆشەویست ﷺ کردووە، لەو کەسانەن کە هەرگیز ناکرێ‌و ناگونجێ لە سەر درۆکردن‌و هەواڵی دەم هەڵبەست یەکیان گرتبێت. کاتێ کە ئەمانە لە ڕاستگۆترینی پیاوانی ئوممەت بن‌و، درۆکردن بەلایانەوە شتێکی بێزلێکراوو قیزەون بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە وەکو وایە لە زاری خۆتەوە فەرموودەکانمان بیستبێت.

هەندێ لە فەرموودەکانیشت خەبەری ئاحادن، کە جیاوازییەکەی لە گەڵ موتەواتیردا ئەوەیە، کە ژمارەیەکی کەمتر لە ژمارەی تەواوتور گێڕاویانەتەوە. کاتی وا هەیە ئەم خەبەری ئاحادە لەناوەندی چەند مەرجێکی تایبەتیدا وەکو موتەواتیر بێ گومانی دەبەخشێت. هەندێ جاریش بە بۆنەی چەند نیشانەو بەڵگەیەکی دەرەکییەوە ئەم قەتعییەتە دەگەیەنێت.

جا ئەگەر چەندین زانای لێکۆڵەری زانستی فەرموودە کە پێیان دەوترێت فەرموودەناسان، وەك خاوەنانی صیحاحی ستتە، ئیمامە گەورەکانی وەکو (بوخاری‌و موسلیم‌و ئەبوداودو تیرمذی‌و نەسائی‌و ئیبن ماجە)، کە هەریەکەیان بەلایەنی کەمەوە سەد هەزار فەرموودەی لەبەر بووە. هەروەها ئیمامە بەڕێزەکانی وەکو (مالیك‌و ئەحمەدو دارەمی‌و بەیهەقی‌و تەبەرانی‌و حاکم‌و ئەبویەعلاو دارقوطنی‌و بەززارو قاضی عەیاضی مەغریبی) کەوەك صەڕڕافی شارەزاو کارامەیان لێ هاتبوو، فەرموودە ڕاستەقینەکانی تۆیان لەو خڵتانە پاك‌و جیاکردەوە کە تێکەڵی بوو بوون.

بەڵێ ئەوەندە پسپۆڕیو شارەزاییان لەو هونەرەدا پەیدا کردبوو کە بتوانن وتە شیرینە پڕ بەلاغەتەکانی تۆ لە وتەی غەیری تۆ جیا بکەنەوە. ئەو فەرموودەناسانە لەگەڵ زانایانی (جرحو تعدیل)دا بەچەشنێ پسپۆڕییان وەرگرتبوو، کە ئەگەر یەك وتەی هەڵبەستراو (موضوع) بە دەمی تۆوە لە ناو سەد فەرموودەی ڕاستەقینەی خۆتدا ببینن، یەکسەر جیای بکەنەوەو بیگێڕنە دواوە، دەیان وت ئەمە هەڵبەستراوە، هەرگیز ناکرێت فەرموودەی سەروەرمان بێت ﷺ. هەندێ لە زانا لێکۆڵەرەکانی چەشنی (ابن الجوزی) هێندە توندوتیژییان لە ڕەخنەسازیی فەرموودەکاندا نواند کە هەندێ فەرموودەی صەحیحی شیرینی تۆیان بە هەڵبەستراو لەقەڵەم دا.

ئەو زانا پایەدارانە ئەوەندە لە خواترس بوون، زۆر لەوە دوورتر بوون خۆیان بخەنە بەر هەڕەشەی ئەو فەرموودەیەی جەنابت کە فەرمووتە (هەرکەسێ بەئەنقەست درۆم بەدەمەوە بکات با جێگایەك لە ناو ئاگری دۆزەخدا بۆ خۆی خۆش بکات).

کاتێ سەنەدێکی دوورو درێژ دەبینین لە فلانی کوڕی فلانەوە، ئەویش لە فلانی کوڕی فلانەوە، ئەویش لە فلانی کوڕی فلانەوە، کە بوون بە گێڕەڕەوەی فەرموودەیەکی تۆ، شادو ئاسودەو کامەران دەبین، چونکە بەم ناو هاتنەی ئەو زنجیرە دوورو درێژە، جۆرە یەکدەنگییەکی تایبەتی دەردەخات لەناو ئەو زانایانەی کە ناویان لە سەنەدەکەدا هاتووە، کە تا بڵێی ڕاستگۆو جێی باوەڕو متمانەن، باس کردنی ئەوان لە سەنەدەکەدا وەکو ئەوە وایە هەر یەکێ لەوان مۆری

خۆی لەو فەرموودەیەت دابێتو، واژۆی صەحیح بوونی کردبێت.
خوای گەورە لەئەوانو ئێمەش ڕازی بێت.

(١٣)

ئەی سەروەرم ﷺ.. تۆ مامۆستای قوتابیانێك بوویت كە بە هۆی ئەو نوورەی لەگەڵ خۆت هێنات، چەرخی یەكەمی كۆچییان كرد بە چراخانو، سەرزەمینیان ڕووناك كردەوە. بەڕاستی مامۆستای ڕەوشتو جوامێریی بوون، پاڵەوانی مەیدانو گیانفیدای ڕۆژە سەختەكان بوون. لەكاتی ئەركو فەرماندا خۆیان دەكەوتەوە بیرو، لەكاتی كرێو پاداشتدا خۆیان لە بیر دەبردەوە.

زۆر كەس لەم ڕۆژگارەدا زەعمی ئەوە ئەكات، كە ئەگەر لە سەردەمی هاوەڵاندا بوونایە، لەوان زیاتریان دەكرد، بێ ئاگا لە ناسینی هاوەڵانو پلەو پایەیان. كاتێ كۆشكێك دروست دەكرێت، لەهەمووی گرنگتر بناغەو چینی یەكەمێتی، كە دەبێت زۆر تۆكمەو بە ئەندازەیەكی وردو ڕێكوپێك دروست بكرێت. هاوەڵان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، بناغەو چینی یەكەمی كۆشكی ئیسلامنو، هەڵگری ئیمانێكی پتەو و سەنگین بوون، كە هیچ زریانو ڕەشەبایەك نەیتوانی بیانچەمێنێتەوە. ئەوان بەشداری بەشێكی زۆری چاكەكارییەكانی ئوممەتی ئیسلامن تا ڕۆژی دواییو، ئەو كردەوە باشانەی سەرجەمی نەتەوە لەناو دەفتەری ئەوانیشدا دەنوسرێت. ئێمە لەم ڕۆژگارەدا

شاخی هەورامان بکەین بەئاڵتون‌و بیبەخشین ناگاتە مشتێك یان نیو مشتی هاوەڵان، ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

ئەی خۆشەویست ﷺ ئەوان کاتێ ئیمانیان پێت هێنا، تەنها لایەنە مرۆڤانەکەی تۆیان بینی بوو، وە هیچ پێشینەو پاڵپشتێکی تریان نەبوو سود بە ئیمانەکەیان بگەیەنێت، بەڵام ئێمەی بیروباوەڕ لەرزۆکی ئەم چەرخە، جگە لە باوەڕو یەقینی خۆمان، پاڵپشتێکی هەزارو ئەوەندە ساڵەی پێشینانی خۆمان هەیە، سود لەو نوورو ڕووناکیانەی ئەوان وەردەگرین‌و، هەریەکە لەوان دەبن بە کتێبێکی عەقیدەیی بۆمان، کەچی بە شك‌و گومانی فەیلەسوفێکی ماددی کاتێ قسەیەکی نابەجێ فڕە دەداتە بازاڕەوە ئیمانەکەمان لەق دەبێت‌و خەریکە پشکۆکەی بکوژێتەوە.

هاوەڵانی (بەدر)یش ئەو دەستەیە بوون، کە ئەگەر تیاچوونایە، ئەوا جارێکی تر خواپەرستی ڕاستەقینە لە سەر زەویدا نەدەماو، چرای تەوحید بۆ هەتا هەتایە دەکوژایەوە، هەربۆیە خوای گەورە لە گوناهی بەرو دوایان خۆش بوو، وە ئەوان بەشدارن لە چاکەکارییەکانی سەرجەم نەتەوەی ئیسلامدا هەتا ڕۆژی قیامەت.

بەڵێ هاوەڵان کاتێ نووری نبووەتیان لێ دەرکەوت، خۆیان خەریك نەکرد بە توێکڵەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ چوونە ناو کاکڵەی حەقیقەتەوەو، بوون بە کڕیاری مرواری گرانبەها. ئەوان پێش ئەوەی موعجیزەت لێ ببینن باوەڕیان هێناو بوون بە قوتابی دڵسۆزی تۆ، موعجیزەکانی تۆ تەنها پشکۆی باوەڕی ئەوانی گەش کردووەتەوە، چونکە خاوەنی موعجیزەکەیان ناسیوەو پاڵیان دابوو پێیەوەو

نوسابوون به حەقیقەتەوە. واتە هیچ بەرزەخێك لە نێوان ئەوانو قیامەتدا نەمابوو.

هەربۆیە گرنگییان زیاتر بە حوکمە شەرعییەکان دەدا کە فەرزی عەین بوونو، هەموو کەس پێویستیان بەو حوکمانە هەبوو، بەڵام مرۆڤ هەموو کات پێویستی بە موعجیزە نییە، ئەگەر واش دابنرێت کە پێویستیان پێی هەبێت، ئەوا یەك جار ببیسترێن سەروزیادە، پێویست ناکات هەموو کەس بیان بیستێت. واتە وەکو فەرزی کیفایەت وان، ئەوەندە بەسە کە هەندێ کەس ئەو موعجیزانە بزانن. هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێ جار دەبینیت ڕوودانی موعجیزەیەك چەندین ئەوەندەی حوکمێکی شەرعیو بەچەشنێکی بەهێزترو بێ گومانتر چەسپاوە، کەچی یەك کەس یان دووان ڕیوایەتیان کردووە. بەڵام ئەوانەی حوکمە شەرعییەکەیان ڕیوایەت کردووە دەگەنە دە کەس یان بیستیش.

ئەی خۆشەویست ﷺ، کاتێ گەوهەرێکت لەدەم کەوتووەتە خوارەوە، فەرموودەیەکت فەرمووە، هیچ کات ئەو فەرموودەیە قسەی بازاڕیو قالو قیلی ئەمو ئەو نەبووە. فەرمایشتی تۆ پڕە لە ئیعجازو دانایی، پڕە لە ئەسرارو نهێنی، پڕە لە دانستو حیکمەت. بەشێك لەو ڕووداوانە کە هەواڵت داوە لە ئاییندەدا دێنەدی، (هەمەکی)نو لە چەند کاتێکی جیاجیادا دووپات دەبنەوە. واتە هیچ کام لەوانە ڕووداوێکی تاکو (هەندەکی) نییە. کەواتە جاریوا هەیە تۆ چەند حاڵەتێکی هەندێ لەو ڕووداوانە ڕوون دەکەیتەوە، وە چەندین ڕووی زۆری تری هەیەو لە هەر جارێکدا تۆ یەکێك لەو ڕووانە باس دەکەیت. بەڵام ئەو

کەسەی فەرموودەکەی تۆ دەگێڕێتەوە ئەگەر لە یەك شوێندا هەموو ئەو ڕووانە کۆ بکاتەوە ئەوا بە ڕووالەت پێچەوانەی واقیع دەردەکەوێت.

بۆ نمونە کاتێ باسی مەهدی دەکەیت، پشت بە سروش دەبەستیت، ئەم باسکردنەشت بۆ ئەوەیە کە هێزی مەعنەوی ئەهلی ئیمان لە هەموو سەردەمێکدا بپارێزیت‌و، لەبەردەم ئەو ڕووداوە سامناکانەدا کە دێنە ڕێیان نائومێدی سەریان تێ نەکات‌و، نەتەوەی ئیسلام بە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی مەعنەوی بە زنجیرەی نوورانی ئالی بەیتەوە ببەستیتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە خەڵکی هەموو سەردەمێك جۆرە مەهدییەك بەڵکو چەندین مەهدییان وەك ئەوەی لە ئاخر زەماندا دێت، لە ئالی بەیتدا بەخۆیانەوە دیوە. بەڕادەیەك کە بەشێکی زۆری وەسفەکانی مەهدی گەورەی ئاخر زەمانیان لە خەلیفە مەهدی عەبباسیدا دیوە کە لە ئالی بەیت بووە.

بەم جۆرە وەسفەکانی ئەوانەی پێش مەهدیی گەورە هاتوون‌و دێن، لە سەردەمەکانی خۆیاندا نوێنەری مەهدیی گەورەن، (وەك خەلیفەو ئەقتابە مەهدییەکان)، لەگەڵ وەسفەکانی مەهدیی گەورەدا تێکەڵ بە یەکتری بوون، ئالێرەوە ئیختیلاف لە ڕیوایەتەکاندا دروست بووە.

ئەی خۆشەویست ﷺ ئەوەی خوای گەورە پێی نەفەرموویتایەو فێری نەکردیتایە هیچت لە غەیب نەدەزانی، چونکە خوای گەورە خۆی نەبێت کەس غەیب نازانێت. کەواتە زاتی حەق چیت پێ بڵێت تۆ هەر ئەوە دەگەیەنیت بە خەڵکی.

هەر لەبەر ئەوەیە خوای گەورە بە دانایی‌و میهرەبانی خۆی داخوازی ئەوەبوو زۆربەی شتانی غەیبی بشارێنەوەو ئاشکرا نەکرێن. چونکە زۆربەی ڕووداوەکانی دنیا دڵخۆشکەر نین، زانینی پێشوەختەیان ئازار بە دڵی مرۆڤ دەگەیەنێت. هە لەبەر ئەو حیکمەتەیە ئەجەل‌و مردن پەردەی غەیبیان بە سەردا دادراوەتەوەو، لە مرۆڤ شاراونەتەوە، تەمەنێکی بیست ساڵی ئەجەل نەزانراو خۆشترە لە تەمەنێکی سەد ساڵی ئەجەل زانراو.

جا یەکێك لە داخوازییەکانی ئەم دانست‌و میهرەبانییەی پەروەردگار ئەوەیە، کە هەرچی موسیبەت‌و ڕووداوی ناخۆش هەیە لە دوای خۆت بە سەر ئاڵ‌و بەیت‌و هاوەڵانتدا دێن، خواوەند لەیەك بەیەکیان ئاگادارت نەکاتەوە، بەڵکو لەبەر چەند حیکمەتێك تەنها لەچەند ڕووداوێکی گرنگ‌و دوور لە ئازاری دواڕۆژی نەتەوەکەت ئاگاداری کردوویتەوە، تاوەکو ئەو بەزەییە گەورەو فراوانەی بەرامبەر بە نەتەوەکەت‌و ئاڵ‌و بەیت‌و هاوەڵانت هەیە زامدار نەبن، هەروەها چەند مزگێنییەکی خۆشیشی پێ داویت.

بەڵگەی ئەوەش کە خواوەند لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی پێ ڕانەگەیاندبوویت، ئەوەبوو بە دایکمان حەزرەتی عەئیشەت فەرموو: دەبێ کامتان بێت کە سەگەکانی حەوئەب پیایدا بوەڕن؟ (حەوئەب گوندێگە لە سەر ڕێگای مەدینە– بەسرە)، لە لای ڕاست‌و چەپیدا کوشتارێکی زۆر دەکرێت، واتە لە جەنگی جەمەل دا بەشداری بکات.

ئەو ڕووداوە پەنهانانەی کە لە داهاتوودا دێنەدی، تۆ چۆن هەواڵیتان ڕاگەیاندبوو، ئاوا وەکو خۆی هاتنەدی. ئەوەبوو فەرمووت:

(بەدبەختیی بۆ عەرەب، لەبەر ئەو شەڕو ئاشوبەی لێیان نزیك بووەتەوە). بەمەش هەواڵی ئاشوبەکانی هۆلاکۆو جەنگێزخانت ڕاگەیاند، کە دەوڵەتی عەبباسی عەرەب لەناو دەبەنو، شارستانێتی بەغدای پایتەخت بۆ زەمەنێك کوێر دەکەنەوەو، هەرچی کتێبخانەکانی ئەو شارەیە دەسوتێننو، ڕووباری دیجلە بە خوێنی موسڵمانان سور دەکەن.

یان ئەو ڕۆژەی لە مەدینەوە نوێژی جەنازەت بە غایب لە سەر گیانی پاکی نەجاشی پادشای حەبەشە کردو، هەواڵی مەرگی ئەوت ڕاگەیاند، پاش هەفتەیەك هەواڵ هات، کە نەجاشی لەو ڕۆژەدا گیانی سپاردووە کە تۆ فەرمووتە.

پێت ئەڵێن محەمەد ﷺ مرۆڤێکی عەبقەری بووە، وا ئەم شتە غەیبییانەی زانیوە، ئەم هەڵیتو پەڵیتانە ئەڵێنو ئیتر لە ئاستی ڕاستیی پێغەمبەرێتی تۆدا ﷺ کە وەکو خۆر دەدرەوشێتەوە چاویان دەنوقێنن!

ئەو داماوە هەزارانە هێشتا چییان بیستووە، ئەگەر هەموو موعجیزەکانت باس بکرێن، ئەوا بە چەندین بەرگ کتێب دوایی نایەن.

باشە گریمان ئێمەش پێمان وتیت بلیمەت! ئەی باشە نابێت بیر لەوە بکەنەوە کە تۆ خاوەنی زیرەکییەکی وابیت، هەواڵی ڕابووردوو و ئاییندە ڕابگەیەنیت، چۆن سەرت لێ تێك دەچێتو، ئەو شتانەی دەیبینیت چۆن لێت دەئالۆزێن؟ یان ئایا لەو ئاستە بەرزەی خۆت دێیتە خوارەوە کە هەواڵی دوور لە ڕاستی بڵاو بکەیتەوە؟

ئایا ئەوپەڕی گەمژەیی‌و شێتی نییە کە پشت لەو هەواڵانەی تۆ هەڵبکەین، کە سەبارەت بەختەوەریی هەردوو دنیا پێت ڕاگەیاندووین؟ بێ گومان نەك گەمژەیی بەڵکو گەلحۆیی‌و کەودەنییەکی ئاشکراو ڕوونە، پشت بکرێتە هەواڵی کەسێك کە لە نەفسی خۆمان بۆ خۆمان دڵسۆزترو بەشەفەقەت ترە. قوربانت بم ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ.

(١٤)

ئەی سەروەرم ﷺ.. هەرچیت فەرمووبێ زیادوکەم هاتوونەتەدی، بە حەزرەتی فاتیمەی کچت فەرموو، (ئەی فاتیمە تۆ یەکەم کەس دەبیت پێم دەگەیتەوە)، واتە هەواڵی ئەوەتان پێدا کە دوای وەفاتی خۆت بەشەش مانگ فاتیمە وەفات دەکاتو، لەجیهانی بەرزەخو ڕەوزەی بەهەشتدا پێتان دەگاتەوە.

یان کاتێ بە حەسەنی چڵە ڕەیحانەت فەرموو: ئەم کوڕەم سەییدو سەردارەو خوای گەورە دەیکات بە ناوبژیوانی نێوان دوو کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان، ئەوەبوو فەرمایشتەکەت دوای چل ساڵ هاتەدی، ئەوەبوو دوو سوپای گەورەی موسڵمانان بەرامبەر بەیەك وەستان، ئەگەر صوڵحو ئاشتەوایی حەزرەتی حەسەن نەبوایە، کەوازی لە خەلافەت هێنا بۆ حەزرەتی معاوییە خوایان لێ ڕازی بێت، ئەوا خوێنێکی گەورە لەناو موسڵماناندا دەڕژاو کۆمەڵی موسڵمانان پەرتەوازەو سەر لێشێواو دەبوون.

یان کاتێ بە حەزرەتی عەلییت فەرموو: تۆ ئەی عەلی جەنگ لە گەڵ پەیمان شکێنانو ناحەقڕەوانو دەرچوواندا دەکەیت. بەمەش هەواڵی بەرپابوونی هەرسێ جەنگی (جەمەلو صیفینو خەواریج)ت پێ گەیاندووە. یان کاتێ حەزرەتی زوبێرو حەزرەتی عەلییت بینی

پێکەوە دەمەتەقەیان دەکردو یەکتریان خۆش دەویست، بە زوبێرت فەرموو: تۆ لەگەڵ عەلیدا دەجەنگیتو بەمەش ستەمی لێ دەکەیت.

فیدات بم ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ ، ئەوەبوو دوای سی ساڵ هەموو ئەم فەرموودە ڕاستگۆیانەت هاتنەدی، ئەوەبوو جەنگی جەمەل لە نێوان حەزرەتی عەلی لەلایەكو حەزرەتی عائیشەو تەلحەو زوبێر لەلایەکی ترەوە ڕوویداو، جەنگی صیفین لە نێوان حەزرەتی عەلیو حەزرەتی معاویەو، جەنگی نەهرەوانیش لە نێوان حەزرەتی عەلیو خەواریجەکاندا هەڵگیرسا.

پرسیار دەکرێتو دەوترێت: حیکمەت لەو ئاشووبە خوێناوییە سامناکەدا چی بوو، کە لە سەردەمی جێنشینیی خەلیفە ڕاشیدەکاندا کە چاکترین مێژووی سەردەمی موسڵمانانە، تووشی نەتەوەی ئیسلام بوو، خۆ ئەو بەڕێزانە شایانی ئەو گرفتو بەڵایە نەبوون کە هاتە ڕێیان؟ ئایا کامەیە لایەنی میهرەبانیی خواوەند لەم کارەدا؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە هەروەك چۆن هەورە بروسکەو بارانی زۆری بەلێزمەو تۆفی بەهار، تواناو لێهاتنی هەموو جۆرەکانی ڕووەك دەبزوێنێتو دەری دەخات، بەمەش تۆوەکان دەکرێنەوەو، گوڵەکانیان دەپشکوێنو، هەریەکەیان کاری سروشتیی خۆی پێ دەسپێررێت، هەر بەو جۆرەش ئەو فیتنەیەی کە هاتە ڕێی هاوەڵانو شوێنکەوتووانیان خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت، تۆوی تواناو لێهاتنی ئەوانی هەژاندو، هەموو دەستەو کۆمەڵێکی بێدار کردەوە کە ئایینی ئیسلام لە مەترسیدایەو، خەریکە ئاگر لە موسڵمانان بەردەبێت. ئەم بێدار کردنەوەیە وای لە هەموو دەستەو تاقمێکی

موسڵمانان کرد، کە فریای پاراستنی ئیمانو ئیسلام بکەون. ئەوەبوو هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی ئەرکێکی لەو ئەرکە زۆرانەی پاراستنی ئیمانو یەکێتی موسڵمانانی لە ئەستۆ گرتو، بەوپەڕی ئیخلاصو لێبڕانەوە ئەو ڕێیەی گرتەبەر.

دەستەو تاقمی وایان هەبوو پاراستنی فەرموودەو، هەندێکیان پاراستنی شەریعەتو، هەندێکی تریان پاراستنی ڕاستییەکانی ئیمانو، هەندێکی تریان پاراستنو لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزیان خستە ئەستۆی خۆیانەوەو، بەتەواوییش بۆ ئەم کارە لێبڕان.

کەواتە ئەو تۆوانەی کە گەردەلوولی فیتنەو ئاشووبەکانی ئەو سەردەمە بە هەموو لایەکدا وەشاندنی، چەندین گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان لە هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامدا بەرهەم هێنا. بەچەشنێ کە هەموو شوێنو جێگایەکی ئیسلام وەك باخچەی لێهاتو، بە گوڵو گوڵزار خەملاو ڕازایەوە.

هیچ باخچەو گوڵو گوڵزارێکیش بێ بەش نییە لە دڕكو داڵو گیاکەڵە، لەناو ئەو باخچەو گوڵزارە پشکووتووەی ئیسلامیشدا بەداخەوە دڕكو داڵی ئەهلی بیدعەت سەریان هەڵدا، وەك بڵێی دەستی توانستی خواوەند ئەو چەرخو سەردەمەی بە سامو شکۆمەندی خۆی بەتوندی ڕاتەکاندبێت، بەمەش هیممەتو هەستی کەسانی خاوەن هیممەتو غیرەتی جوڵاندووە. چونکە ئەو بزاڤەی کە لە ناو جەرگەی وڵاتی ئیسلامەوە تیشکی هاویشت، بەشێکی زۆر لە پێشەواو موجتەهیدو زانایانی فەرموودەو ئەقتابو ئەولیاو پیاوچاکانی بە هەموو لایەکی وڵاتی ئیسلامدا پرژاندو، بڵاوی کردنەوەو، ناچاری

کۆچو ڕەوی کردن، موسڵمانانیشی هان دا کە بەملاولادا بڕۆن‌و، دەرگای دڵانیان بکەنەوەو، لای ئەوان لە گەنجینەکانی قورئانی پیرۆز زانیاری هەڵبگۆزن.

(١٥)

ئەی سەروەرم صلى الله عليه وسلم.. دوای وەفاتی تۆی ئازیزو خەلیفە ڕاشیدەکان، گروپە جۆر بەجۆرەکان هاتنە مەیدانو کەوتنە ململانێی حەقو ڕاستیی. لە سەردەمی حوکمڕانی عەباسییەکاندا چەند دەستەو تاقمێکی گومڕای وەك موعتەزیلەو ڕافزیو جەبریو زەندیقو مولحیدانی پشتی پەردە پەیدابوونو، زیانیان بە موسڵمانان گەیاند. بەڵام پێشەوا گەورەو بەڕێزەکانی وەکو ئیمامی مالیكو ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلو ئیمامی غەزالیو شێخی گەیلانیو جونەیدی بەغدادی خوایان لێ ڕازی بێت، ئاگری ئەو فیتنەو ئاشوبانەیان کوژاندەوە، کە لەو سەردەمانەدا هەڵگیرسابوون.

ئەم گروپو دەستەو تاقمانە لەهەموو سەردەمێکدا بە ناوی نوێو بەکاڵای نوێوە پەیدا دەبنەوە، جارێك بە ناوی ژیرییەوەو، جارێك بە ناوی سروشت پەرستییەوەو، جارێکی تر خۆیان دەپێچن بە قورئانی پیرۆزەوەو بەویستی خۆیان مانای لێك دەدەنەوەو، دژایەتی سوننەت دەکەن، هەروەها جارێکی تر بە ناوی عەبەسییتەوە دێنو دەڕۆن. ماوەیەك خەڵکی ساویلکە چەواشە دەکەنو، پاشان شکستو نوشستی دەبێت بە بەشیان. ئاخر چاوێ کوێر بێت وەکو ڕۆژی ڕووناك بە ئاسمانەوە تۆ نەبینێت، دڵێك کرم بیخواتو لە خاکدا بڕزێت، کەمەندکێشی تۆ نەبێت ئەی سەروەری مرۆڤایەتی صلى الله عليه وسلم.

ئەم کۆمەڵە ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە کە لە سورەتی (الطور)دا هاتووە لە ئایەتی (٢٩)وە تاوەکو (٤٣)، هەموو دەستەو تاقمەکانی گومڕایان دەمکوت و بێدەنگ دەکاتو، گشت گومانەکانیان لە ڕیشەوە دەردەهێنێتو، دەرگاکانیان لەسەر دادەخات، ئەمەش تەنها بە وشەی (أم) کە پازدە چینی ئیستفهامی ئینکاریی یەك لەدوای یەکی لەم ئایەتەدا پێك هێناوەو، تەنانەت یەك دانەش لەو کەلێنو کەلەبەرانەی شەیتان ناهێڵێتەوە کە گومڕایان خۆیانی تێدا مەڵاس دەدەن، بەڵکو هەمویان دادەخاتو، گشت ئەو پەردانەش دەدڕێنێت کە خۆیانی لە پشتەوە دەشارنەوەو، سەرجەمی ئەو درۆیانەشیان پوچەڵ دەکاتەوە کە لە سەر زاریاندا دوپاتی دەکەنەوە.

کەواتە هەموو بڕگەیەکی ئەم ئایەتە پوختەو ناوەڕۆك و چەمکی کوفرێك بەتاڵ دەکاتەوە، کە یەکێك لە پێڕ و تاقمە گومڕاکان برەوی پێ دەدەن. ئیتر ئەم کارەی ئایەتەکان چ بە تەعبیرێکی پوختی کورت بێت، یان بە لێبێدەنگ بوونو حەواڵەکردنی بۆ حوکمی بەڵگەنەویستی ژیریی لە بەر ئاشکراییو ڕوونی بەتاڵییەکەی، یان بە ئاماژەیەکی پوخت بێت بۆ ئەو چەمکە کوفرییانەی کە لە شوێنی تردا بە درێژی پوچەڵ کراونەتەوە، هەمویان بەتاڵ دەکاتەوە.

ئەوەتا قورئانی پیرۆز پشتیوانی لێ کردیتو فەرمووی: فَذَكِّرْ فَمَا أَنْتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ (٢٩)، بۆ خۆت ئەحکامەکانی خواوەند ڕابگەیەنەو بزانە تۆ هەرگیز (کاهین) نیت، چونکە گوفتاری کاهین تێکەڵو پێکەڵو دەست هەڵبەستەو، لەوەهمو گومان تێناپەڕێت. چونکە ئەوان هەواڵیان لەو جننییانە وەردەگرت کە

سوسەیان دەکردو، گوێیان بۆ هەواڵەکانی ئاسمان هەڵدەخست، ئەوەش بە بچڕ بچڕو ناڕوونیو تێکەڵو پێکەڵ وەریان دەگرت. بەڵام گوفتاری تۆ: حەقی ڕاستەقینەیەو یەقینی بێگومانە، چونکە لەلایەن پادشای ئەزەلو ئەبەدەوەو بەدەستێکی ئەمین پێت دەگات.

هەروەها دەفەرموێت: ئەو ئەحکامانەی خواوەندیان یاد بخەرەوە، دڵنیابە کە هەرگیز تۆ گرفتاری (شێتی) نەبویت، چونکە تەنانەت دوژمنانیشت شایەتی لە سەر کەماڵی عەقڵت دەدەن.

ئەگەر شێت بویتایە (حاشا) نەیاندەکردیت بە ناوبژیوانی خۆیان، کاتیٚ لە نۆژەنکردنەوەی کەعبەدا ویستیان بەردە ڕەشەکە بخەنەوە جێگای خۆی، هەر تیرەو هۆزێك حەزیان دەکرد ئەو شانازییە بۆ ئەوان بێت، دەستیان دایە شمشێر بۆ یەکتریو، خەریك بوو ڕووبارێك خوێن لە نێوانیاندا بڕژێت، تا ئەوەبوو بەژیرییو سەلیقەی خۆت هەموویانت بەشداری پیٚ کردو، نەتهێشت دڵۆپێك خوێن لەپەنجەی کەسیان بێت.

یان بۆچی کەسێکی ژیری ئەمینی وایان دەست دەکەوت تا پارەوپولیان بە ئەمانەت لەلا دابنێن، جگە لە تۆی ئازیز ﷺ ؟ کاتیٚ وتیان شێت خۆشیان باوەڕیان بەو قسەیەی خۆیان نەبوو. شێت سەرپەرشتیار و بەخێوکەری دەوێت، خۆ تۆ سەرپەرشتیاری خۆیانو ئەمینی پارەوپولیان بوویت.

أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ (٣٠) قُلْ تَرَبَّصُوا فَإِنِّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُتَرَبِّصِينَ (٣١)، گەلیٚ سەیرە! ئایا ئەوان بە وێنەی ئەو عەوامانەی کە (ژیری)یان ناکەن بە دەمڕاستو تفەنگ بە تاریکییەوە

دەنێن پێت دەڵێن: شاعیر؟ یان ئایا چاوەڕوانی مردنو نەمانی تۆن؟ دە تۆش پێیان بڵێ: چاوەڕوان بن، وا منیش وەك ئێوە چاوەڕوانم. چونكە ئەو حەقیقەتە درەخشانو مەزنانەی كە تۆ هێناوتن گەلێ بەرزو خاوێنە لە خەیاڵو ئەندێشەی شاعیرو، هەرگیز پێویستی بە ئارایشتی شیعر نییە.

ئەوەتا عوتبەی كوڕی ڕەبیعە كە سەردارو قسەزانو ژیرو یەكێ لە داناكانی قورەیش بوو، لەهەمان كاتدا ئەدیبو دەوڵەمەند بوو، هاتە خزمەتت تا دەست لەو بانگەوازە هەڵبگریتو سوكایەتی بە خواكانیان نەكەیت كەبەدەستی خۆیان دروستیان كردبوو. عوتبە پرسی: ئەی موحەمەد ﷺ تۆ باشتری یان باوكت؟ تۆش بێ دەنگ بوویتو وەڵامت نەدایەوە. دواتر پرسی تۆ باشتریت یان باپیرت؟ تۆ دیسان وەڵامت نەدایەوە. مەبەستی عوتبە ئەوەبوو كە بڵێت: بۆچی سوكایەتی بە خواگەلێك دەكەیت كە باوكتو باپیرت پەرستویانە! ئایا تۆ لەوان ژیرتریت؟ بێ ئاگا لەوەی كە تۆ قورئانێكت بۆ دابەزیوە، عەرشو فەرش بەیەكەوە دەبەستێتەوەو ژیرییەكان ژێربار دەخاتو داناكان سەرسام دەكات.

پاشان كاتێ لە قسەكانی لێ بوویەوە، تۆش سورەتی (فصلت)ت بەسەردا خوێندەوە تا گەیشتن بە ئایەتی (فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي أَيَّامٍ نَحِسَاتٍ لِنُذِيقَهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ولَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَخْزَى وهُمْ لاَ يُنْصَرُون ١٦). لەوێدا عوتبە لەرزی لێ هاتو دەستی خستە سەر دەمی پیرۆزتو بەخوای خۆت سوێندی

دایت كه با بەس بێت. ئەبوجەهل دەیزانی عوتبه به هەواڵی خۆشەوه نایەتەوه، چونكه خۆیشی لەبەر ئیرەییو بەخالەت باوەڕی به تۆ نەهێنابوو، ئەگینا لێی سور بوو كه ڕاستگۆیتو به ناوی خواوه قسه دەكەیت.

عوتبه به لەرزو تاوه ڕووی كۆڕی قورەیشی نەبوو بێتەوه بۆ ناویان، ڕاستەوخۆ ڕۆشتەوه بۆ ماڵی خۆیان، خۆی خزانده ناو جێگا تا لەرزەكەی باش ببێت. بایەقوشی شوم خۆی گەیاند بەماڵیانو لەناو جێگا دەری هێنا، ئەبوجەهل چاك دەیزانی خاڵی لاوازی عوتبه چییه، پێی ووت: ها چییه سەرداری قورەیش، دەڵێن موحەمەد زۆری پێداویت، میوانداری كردویتو تۆش باوەڕت پێ هێناوه. عوتبه بەم قسانەی ئەبوجەهل گڕی گرت، لەناو جێگا هاته دەرەوەو وتی: نا سوێند به لاتو عوززا هەمووتان باش دەمناسن، كه من موحتاجی نانی موحەمەد نیم، بەڵام تۆفانو هەورەگرمەیەكی بەسەرمدا باراند، ئەو شتەی ئەو خوێندییەوه نه شیعر بوو نه كەهانەتو نه جادوو، ئەو كەسێكی ڕاستگۆیه، كاتێ كه گوێم لێ گرت ترسام لەوەی چی بەسەر هۆزی عادو سەموددا هات بەسەر خۆشماندا بێت.

أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلَامُهُمْ بِهَذَا (٣٢)، یان ئایا ئەوان پێیان عاره شوێنی تۆ بكەونو بەوێنەی ئەو فەیلەسوفانەن كه به ژیری بەتاڵی خۆیانەوه دەنازنو دەڵێن: (ژیریمان سەروزیاده)؟ له كاتێكدا كه خودی (ژیری) داخوازی ئەوەیه شوێنت بكەون. چونكه هەر گوفتارێك كه تۆ دەیڵێیت بەلای ژیریەوه گوفتارێكی پەسەنده، هەرچەنده به تەنها خۆی ناتوانێت پەی پێ بباتو پێی بگات.

هەر ژیرییە دەرك بە ڕاستییەكان دەكاتو پەی بە سروشی پەروەردگار دەبات. هاوەڵە بەرێزەكانت بە هۆی ژیرییەوەو لەئەنجامی تێڕامانو لێكۆڵینەوەوە، باوەڕیان پێ هێنایتو هیچ كام لەوان كوێرانە شوێنی قەرەباڵغی نەكەوتن. كاتێ موعجیزەكانی تۆیان بینیو سەرنجی حاڵەتەكانی تۆیاندا، دەستیان لە دوژمنایەتی كردنت هەڵگرتو، وازیان لە ڕێی چەوتی باو باپیرانیان هێناو، خۆیانو هەرچی شتی بە نرخیان هەبوو لە پێناوی حەقو ڕاستیدا بەخت كرد، بەمەش خوای گەورە دەرگای خێری لێكردنەوەو، ڕۆشتنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، وەك خالیدی كوڕی وەلید كە بەشمشێری هەڵكێشراوی خوا ناسراوەو، عەمری كوڕی عاصو، عیكریمەی كوڕی ئەبوجەهلو، هاوەڵانیان لەوانەی كە باوكو هۆزو تیرەكانیان بەجێ هێشت.

أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ (٣٢)فَلْيَأْتُوا بِحَدِيثٍ مِثْلِهِ إِنْ كَانُوا صَادِقِينَ (٣٣)، یان هۆی ئینكارییو مل نەدانیانە بۆ (حەق) بەوێنەی ستەمكاران؟ لە كاتێكدا كە پاشەڕۆژی فیرعەونو نەمروودە سەرسەختو ستەمكارەكان ئاشكرایەو لە كەس پەنهان نییە؟ ئەوەتا ئەبوجەهل لە ڕقو كینەی ئەوەی كە فەزڵو گەورەیی بۆ بنەماڵەی تۆ نەبێت كە پێغەمبەرێكی تێدا هەڵكەوتووە، باوەڕی پێ نەهێنایتو، خۆی كرد بە فیرعەونی ئەم ئوممەتە لە زوڵمو زۆرداریدا، تا سەری خۆی دا بە بڕینو تیاچوون.

أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُ بَلْ لَا يُؤْمِنُونَ (٣٤)،یان بەوە تۆمەتبارت دەكەن كە قورئان دەست هەڵبەستی تۆیەو لەلایەن خۆتەوە هێناوتە، وەك وتەی ئەو مونافیقە درۆزنانەی كە خاوەنی ویژدان نین؟ لە

کاتێکدا کە ئەوانە هەر خۆیان تا ئێستاش لەبەر ڕاستگۆیی گوفتارەکانت پێت دەڵێن (محمد الامین) ﷺ؟ کەواتە ئەوانە نیازی ئیمان هێنانیان لە دڵدا نیە، دەنا با بڕۆن لە ناو گوفتارو ئاسەواری مرۆڤ دا شتێك بدۆزنەوە لە قورئان بچێت.

ئەوەتا قورئان تەحەددای یەك بەیەکیان دەکاتو پێیان دەڵێت ئەگەر ڕاست ئەکەن، قورئان وتەی مرۆڤەو موحەمەد ﷺ خۆی دایناوە، دەفەرموون ئێوە کتێبێك لە هاوشێوەی قورئان بێنن، با کەسەکەش ڕەوانگۆو شارەزا بێت نەك نەخوێندەوار، ئەگەر ئەمەشتان پێ ناکرێت، فەرموو هەرچی مرۆڤی ڕەوانبێژو وتارخوێنە بەتواناکانتان هەیە کۆی بکەنەوە، یارمەتی هەموو کەس وەربگرن جگە لە خوا، کتێبێکی وەك ئەوەی قورئان بێنن با سورەتەکە کورتیش بێت، ئەگەر ئەوەش ناتوانن با لە ناوەڕۆکدا لە قورئان نەچێت، بەڵکو لەڕەوانبێژیو هۆنینی دا وەکو ئەو وابێت، ئەگەر ناتوانن بە بەئەندازەی دە سورەت بێت، خۆ کە لەمەشدا دەستەوسانن، تەنها با سورەتێك بێت، ئەگەر ئەمەشتان پێ ناکرێت ئەوە بزانن کە گرفتاری زەلیلی دەبنو، خۆتانو ماڵو منداڵو سامانتان لە دنیادا دەکەوێتە مەترسییەوەو، لە ڕۆژی دواییشدا لە گەڵ بتەکانتان دەبن بە سووتەمەنی دۆزەخ.

أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ (٣٥)، یان ئەوان خۆیان بە سەربەستو بەرباد دادەنێنو، پێیان وایە بە هەڕەمەکیو بێ ئامانج بەدیهێنراونو، هیچ کارمەندییەکیان لە ئەستۆدا نیەو، بێ خاوەنو بێ بەدیهێنەر هاتوونەتە ئەم دونیایەو، وەك فەیلەسوفە (عەبەسییەکان) لەو

باوەڕەدان: گەردوون سەرتاپا هەڕەمەکیو بێ مەبەستە؟ ئایا چاویان کوێر بووە کە نابینن گەردوون لەم سەرەوە بۆ ئە سەری بە چەندەها حیکمەت ڕازاوەتەوەو، بەری چەندین مەبەستو ئامانجی گرتووەو، سەرانسەری بوونەوەرانیش هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان چەندین کارمەندیو ئەرکی مەزنیان لە ئەستۆ نراوەو، ملکەچو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواوەندن؟

حاڵی ئێستای جیهان بە شێوەیەك گۆڕانکاری گەورە بەسەر فەلسەفەی ئیلحاددا هاتووە، مولحیدانی سەدەی بیستویەك هەگبەیان بەتەواوی خاڵی بووە، پێشتر هەموو زەعمێکیان لە سەر سروشتو بوونەوەر بوو، دواتر فەلسەفەی مارکسی وەك میراتگری تێکڕای فەلسەفەی ئیلحادی بوو بە جێگەداری. بە هۆی گەشەی زانستی گەردوونیو، بیردۆزی تەقینەوە گەورەکەو، گەشەی کیمیاو فیزیاو بایۆلۆجیو بیرکاری، ئەوانە هەموو بوون بە هۆی ئەوەی کە پێگە بنچینەییەکانی فەلسەفەی ئیلحاد لەبەرامبەر فەلسەفەی زانستیدا شکست بێنێت. لەئێستادا فەلسەفەی ئیلحادی لە ئاسمانو گەردوون دەرکراوەو، هاتووەتە سەر زەوی، لە سەر زەویش لەم سەدەیەدا بە نزیکیی هیچ دامو دەزگایەکی فەرمی نەماوە باوەڕی بەخوا نەهێنا بێت. لەهەموو دەستورەکاندا مادەیەکی تیایە کە باسی ئایینی وڵات دەکات، تەنها دەستوری فەرەنسا ماوە، دەستوری ئەمریکاش تیایدا نیە، بەڵام لە وەسیقەی جیفرسۆن هاتووەتەوە. هەروەها مەیدانی بەرگری ئیلحاد زۆر تەسك بووەتەوە، خەریکە لەبەر هەگبە بەتاڵی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ میژوو و ڕووداوە دروست کراوەکان.

یان وەکو سوفستائییەکان کە دەستەیەك بوون لە فەیلەسووفانی یۆنانی کۆن، دنیا بە بێ مەبەستو بێ ئامانج دەبینن‌و، چاویان تەنها لە ماددەیە. ئەم دەستەیە ئینکاریی حەقیقەتی شتانیان کردووەو، پێیان وابووە هیچ شتێك دارای حەقیقەت نییە. هەر ئەم فەلسەفەی سروشتییە بوو کە جێی بتەکانی لە مێشکی فەیلەسوفەکاندا کردەوەو، بتپەرستی هێنایە کایەوە. لە ڕاستییدا ئەو کەسەی پەردەی سروشت بەرچاوی گرتبێت‌و، لە بینینی نووری خوا بێ بەشی کردبێت، خوایەتی بە هەموو شتێك دەبەخشێت‌و، پاشان بەسەر خۆیشیدا زاڵی دەکات.

أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ (٣٥)، یان بەوێنەی مادییە فیرعەون ئاساکان لەو گومانەدان کە شتان بۆ خۆیان پێك دێن‌و، لە خۆیانەوە گەشە دەکەن‌و، بۆ خۆشیان پێداویستیەکانیان بەدی دەهێنن، تا وایان لێهاتووە سڵ لە ئیمان دەکەنەوەو، ملی بەندایەتی بۆ خوای گەورە نەوی ناکەن؟ کەواتە ئەوان بە پێی ئەو گومانە خۆیان بە خالیق (بەدیهێنەر) دادەنێن! لە کاتێکدا کە بەدیهێنەری هەر شتێك دەبێت بەدیهێنەری هەموو شتان بێت! کەسێك خاوەنی دەستێکی وا نەبێت کە بتوانێت زەوی‌و خۆرو ئەستێرەکانی پێ هەڵبگرێت‌و، وەکو دەنکی تەسبیح بیانجوڵێنێت، هەرگیز مافی ئەوەی نابێت لافی دروستکردن‌و بەدیهێنان لێ بدات، چونکە هەر شتێك لە گەردووندا هەیە بە شتانی ترەوە گرێ دراوە. هەر ئەم فەلسەفەیە بوو کە فیرعەون و نەمروودەکانی لە باوەشی خۆیدا گۆش کرد.

دیاره لە خۆبایی بوون‌و سەرسەختی‌و مل نەدانیان گرفتاری ئەوپەڕی نەفامی‌و نەزانی کردوون‌و، لەو گومانەدان کە ئەو کەسەی لەبەردەم لاوازترین بەدیهاتووی وەك مێش‌و میکرۆب دا دەستەوسانە، خاوەنی توانستێکی ڕەها بێت! جا مادەم ئەوان تا ئەم ڕادەیە دەستیان لە ژێری داشۆردووەو، لە مرۆڤایەتی داماڵراون، ئەوا لە ئاژەڵیش زیاتر سەریان لێ شێواوە، تەنانەت پلەی ئەوان لە ئاستی بێ گیانەکانیش گەلێ نزمترە، کەواتە گوێ بە ئینکاری‌و سەرسەختی ئەوانە مەدەو، لە ڕیزی ئاژەڵە زیانبەخشەکان‌و تەنانەت ماددەو کەرەسە گەنیوەکاندا دایان بنێیت‌و، پشت گوێیان بخەو هەر ئاوڕیشیان لێ مەدەرەوە.

أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَلْ لَا يُوقِنُونَ (٣٦)، یان بەوێنەی تاقمی نەفامی موعەتییلە (المعطلة) کە ئینکاری بوونی بەدیهێنەریان دەکرد، ئەمانیش ئینکاری بوونی دەکەن‌و، گوێ بۆ قورئان ڕاناگرن! کەواتە یان دەبێ ئینکاری بەدیهێنانی ئاسمانەکان‌و زەوی بکەن، یان دەبێ بڵێن: خۆمان بەدیمان هێناون‌و بەم پێیە خۆیان بە تەواوەتی لە ژێری دابماڵن‌و، دەست بەوڕێنەی شێتانەوە بگرن! چونکە بەڵگەکانی تەوحید لە هەموو شوێنێکی گەردووندا بە ڕوونی دەخوێنرێنەوەو، هێندە زۆرن کە بە ئەندازەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان‌و گوڵانی سەر ڕووی زەوی دەبن‌و، هەر هەموویان بە ئاشکرا بەڵگەن لە سەر بوونی بەدیهێنەری مەزن.

کەواتە نایانەوێت مل بۆ حەق‌و یەقین کەچ بکەن، دەنا چۆن لەو گومانەدا دەبن کە: ئەم کتێبە مەزنەی گەردوون کتێبێکی بێ

نوسەر بێت، کە کتێبێکە هەموو پیتێکی هەزاران کتێبی تێدا نوسراوە! لە کاتێکدا زۆر بە باشی دەزانن هیچ پیتێکی نوسراو نیە نوسەری نەبێت.

أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ (٣٧)، یان ئەوان بەوێنەی هەندێ فەیلەسوفی گومڕا نەفی (ئیرادەی خوا) دەکەن‌و، وەك بەرهەمیەکانیش ئینکاری خودی (پێغەمبەرایەتی) دەکەن‌و، ئیمانت پێ ناهێنن؟ کەواتە یان دەبێ ئینکاری هەموو ئاسەوارەکانی حیکمەت‌و ئامانجە مەزنەکان‌و ڕێکوپێکییە ناوازەو سودبەخشەکان‌و ئاسەواری میهرەبانی فراوان‌و بایەخ‌و چاودێری لە ڕادەبەدەر بکەن، کە بە ئاشکرا بە سەر ڕووی سەرجەمی بوونەوەرانەوە دەبینرێت‌و بەڵگەن لە سەر (ویستی خوای گەورە).

هەروەها ئینکاری سەرجەم موعجیزاتی پێغەمبەرانیش بکەن (سەلامی خوایان لێبێت) یان دەبێ بڵێن: گەنجینەی ئەو چاکەو ئیحسانانەی کە بەسەر گشت بوونەوەراندا دەبارێت، لای ئێمەیەو بەدەست خۆمانەو ئیتر بەمە ڕووی ڕاستەقینەیان دەربخەن‌و، لای خەڵکی ئاشکرا ببێت کە شایانی تەنانەت گفتوگۆ لەگەڵ کردنیش نین! کەواتە خەم بە ئینکاری ئەوانە مەخۆ چونکە خواوەند گەلێ ئاژەڵی سەرلێ شێواوی زۆری لە شێوەی مرۆڤدا هەیە.

أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ (٣٧)، یان لەو وەهمەدان کە ئەوان چاودێر بن بەسەر کردارەکانی خواوەندەوە؟ ئایا دەیانەوێت خوای گەورە بکەن بە بەرپرسیاری کارەکانی بەوێنەی بۆچونی تاقمی موعتەزیلە، کە ژێری مرۆڤیان کردبوو بە حاکم‌و دەمڕاست؟ کەواتە بایەخیان پێ

مەدە، چونکە ئینکاری ئەو لە خۆباییانەو کەسانی هاوچەشنیان هیچ نرخو بایەخێکی نییەو هیچی لێ ناوەشێتەوە.

أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُمْ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ(٣٨)، یان ئەوان لەو گومانەدان کە ڕێیەکی تریان بۆ جیهانی غەیب دۆزیبێتەوە، وەك لافو گەزافی ئەو کاهینانەی کە شوێن جننیو شەیتان کەوتوونو، بەوێنەی درۆو دەلەسەی جادووگەرانی (تحضير الارواح)؟ یان لەو گومانەدان پلیکانەیەکیان لایە بۆ ئەو ئاسمانەی کە دەرگاکانی لە ڕووی شەیتانەکاندا داخراوە، هەتا باوەڕ بەو هەواڵەی ئاسمان نەکەن کە تۆ وەریدەگریتو ڕایدەگەیەنیت؟ کەواتە ئینکاری ئەو فاجیرو درۆزنانەو هاوچەشنیان لە حوکمی عەدەم دایە.

أَمْ لَهُ الْبَنَاتُ وَلَكُمُ الْبَنُونَ (٣٩)، یان ئەوان بەناوی (دە ژیرییەکان) (العقول العشرة)و خاوەنی جۆرەکان، هاوبەش بۆ خواوەندی تەنیای صەمەد دادەنێن، وەك ئەوەی کە هەندێ فەیلەسوفی موشریك لەو باوەڕەدان؟ ئەوان پێیان وابوو گەردوون نوقسانەو خوای گەورە کامڵو تەواوە، وە کامڵ خۆی خەریك ناکات بە نوقسانەوە! هەربۆیە خوای گەورە ژیریی یەکەمی دروست کردووەو ژیری یەکەم ژیریی دووەمی دروست کردووەو ئەویش سێهەمو تا دەگاتە ژیریی دەهەم، وە بە هەموویانەوە گەردوونیان دروست کردووەو پێك هێناوە. بەمەش چەندین خوای هاوبەشیان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە.

یان جۆرە خوایەتییەك دەدەنە پاڵ مەلائیکەتو ئەستێرەکان بەوێنەی (صابیئیەکان)؟ یان بەوێنەی مولحیدانو گومڕایان (منال)ی دەدەنە پاڵ؟ کە ئەمەش پێچەوانەی (پێویستی بوون)ی خوای گەورەو

(یەکتایی)و (صەمەدانیەتی) ئەوە، کە خوایەکە لەوپەڕی مەزنی دایەو پێویستی بە هیچ شتێك نییە؟ یان مەلائیکەتان بە مێینە لە قەڵەم دەدەن، کە ئەمەش پێچەوانەی بەندایەتیو عیصمەتو ڕەگەز (سروشت)یانە؟ یان پێیان وایە بەم گومانەیان چەند تکاکارێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە تا شوێنت نەکەون؟ خۆ مرۆڤ تەنها لەبەر (فانی) بوونیەتی کەوا بەدوای میراتگری جێگەداردا دەگەڕێتو، تا ڕادەی شەیدابوونیش دنیای خۆش دەوێتو دەستەوسانەو، پێویستی بە مانەوەی هاوڕەگەزەکەی هەیەو، وەچەکەوتنەوە (التناسل)و زۆربوونو دابەش بوونی جیسمانی لە باردایە، ئەو وەچەکەوتنەوەیەی کە هۆکاری مانەوەو پەیوەندی دەری ژیانی سەرجەم بوونەوەرانە، جا نیسبەت دانی ئەم وەچە کەوتنەوەیەی کە سیفەتی بوونەوەرە فانییەکانە، لە کەسێك کە (واجب الوجود)و باقیو هەمیشەییو ئەزەلیو ئەبەدیو زاتیو خاوێن لە جیسمانیەتو دابەشبوونی ماهییەتەو، دەستی کۆڵەواریی هەرگیز بە داوێنی توانستی ناگاتو، تەنیاو مەزنو شکۆمەندە، هەروەها نیسبەت دانی منداڵ بۆ لای ئەو بە تایبەت لاوازە دەستەوسانەکانی وەك کچان، کە غرووری ئەوانە بۆ خۆیان پێی قایل نابێت، دیارە هەموو ئەمانە ئەوپەڕی سەفسەتەو شێتیو وڕێنەیەکی وەهان کە پێویست بەوەڵام دانەوەو پوچەڵ کردنەوەو دەرخستنی بەتاڵییان ناکات! دەسا تۆش گوێیان لێ ڕامەگرەو بایەخیان پی مەدە، چونکە گوێ بۆ سەفسەتەی هەموو مەستێكو وڕێنەی هەموو شیتێك ڕاناگیرێت!

أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْرًا فَهُمْ مِنْ مَغْرَمٍ مُثْقَلُونَ (٤٠)، یان ئەو ئەرکانەی بەندایەتیان بەلاوە قورسە کە تۆ داوایان لێ دەکەیت؟ بەوێنەی ئەو ستەمکارانەی کە بە هەڵپەوە دەستیان لە دنیا گیر کردووەو، لە سەر نزمایەتی ڕاهاتوونو، لە هەڵگرتنی ئەرکەکان هەڵدێن؟! ئایا نازانن کە تۆ نە لەوانو نە لە هیچ کەسێك جگە لە خوای گەورە داوای پاداشت ناکەیت؟ ئایا پێیان گرانە صەدەقەو خێر لەوماڵو سامانە بدەن کە خوای گەورە پێی بەخشیون بۆ ئەوەی بەرەکەت بکەوێتە ئەو ماڵەوەو، پەرە بسێنێتو، لە حەسودی هەژاران بپارێزرێتو، دوعای خراپیش لە خاوەنەکەی نەکرێت؟ خۆ ئەندازەی زەکات یەك لە دە یان یەك لە چلەو بە هەژارەکانی خۆیان دەدرێت، ئایا ئەم کارەیان هێندە بەلاوە قورسو گرانە تا لە ئایینی ئیسلام هەڵبێن؟ کەواتە ئەوانە شایانی تەنانەت ئەوەش نین کە وەڵامی بە درۆخستنەوەکەیان بدرێتەوە، چونکە ئەو وەڵامە تابڵێی ڕوونەو، تا بیشڵێی ئاسانە، بەڵکو ئەوانە شایانی تەمێ کردنن نەك وەڵام دانەوە!

زۆر جار ئەو زەکاتەی کە دەبێ بە ڕێژەی یەك لە چل یان یەك لە دە لەماڵو سامانیان دەربکرێت، لەبەر چاوچنۆکیو لاوازی باوەڕیانەوە ناتوانن لێی دەربکەن، بەڵام قەدەری خوا، بە هۆی بەلاو موسیبەتەکانەوە زۆر لەو ڕێژە زیاتریان لەچنگ دەردەهێنێتو سەرمایەکەیان مایە پوچ دەکات، بێ ئەوەی بتوانن سودی لێ وەربگرن. یان لەبەر تەمەڵییو سستییان بۆ نوێژکردن، کە هەموو فەرزەکان لە بیستوچوار کاتژمێردا تەنها یەك کاتژمێری سەروزیادە، خۆیان بە کاری ترەوە سەرقاڵ دەکەن، بەڵام توشی بەڵای وا دێن کە

بیستو سێ کاتژمێر دەبێ خەریکی خۆحەشاردانو ڕاکردنو شەڕو هەرا بن بۆ پاراستنی خۆیان. یان لە ساڵێکدا ناتوانن مانگێك بەڕۆژوو بنو خۆیان برسی بکەن، تا بەڵای وایان بۆ دێت کە سەرتاسەری ساڵ لە برسێتیو قاتیدا بناڵێنن.

أَمْ عِنْدَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ (٤١)، یان ئەوان حەزیان لەو هەواڵە غەیبیانە نیە کە بەدەستی تۆ دەگەنو، دەچن بەوێنەی (بوذییەکان) ئیدیعای غەیبزانی دەکەنو، وەك (عەقڵانیەکانیش) گومانەکانیان بە یەقین دەزانن؟! یان کتێبێکی کراوەی غەیبیان لەلایەو لەبەری دەنووسنەوە، تاکو بەرپەرچی کتێبە غەیبییەکەی تۆی پی بدەنەوە؟ خۆ پەردەی ئەو جیهانە تەنها لە ڕووی پێغەمبەرانی وەحی بۆ هاتوودا لا دەدرێتو، کەس ناتوانێت بۆ خۆی سەری پێدا بکات! کەواتە هەرگیزاو هەرگیز بە درۆخستنەوەی ئەم لە خۆباییو خۆ بە گەورەزانانەی کە سنوری خۆیان شکاندووە لە بانگەوازەکەت ساردت نەکاتەوەو، پشتێنت پێ شل نەکات، چونکە بەم نزیکانە ئەو حەقیقەتانەی کە تۆ هێناوتن هەموو خەیاڵەکانی ئەوان وردوخاش دەکاتو، ئەندێشەیان بە با دەداتو ئاسەواری ناهێڵێت!

أَمْ يُرِيدُونَ كَيْدًا فَالَّذِينَ كَفَرُوا هُمُ الْمَكِيدُونَ (٤٢)، یان دەیانەوێت وەك ئەو مونافیقانە وابن کە سروشتیان تێك چووەو ویژدانیان گەنیوە، یان ڕێی ڕاستی هیدایەت لە خەڵکی بگرن، بەوێنەی ئەو زەندیقە فێڵبازانەی کە بە فڕوفێڵ بەربەستی ئەو هیدایەتە دەکەن کە خۆیانی لێ بێ بەشن؟ بە ڕادەیەك کە ناوی (کاهین)و (شێت)و (ساحیر)یان لە تۆ ناوە، لە کاتێکدا نەك خەڵکی بەڵکو خۆشیان باوەڕ

بە دەعواکەیان ناکەن؟ دەسا تۆش بایەخ بەو درۆزن‌و فێڵبازانە مەدەو، لەڕیزی مرۆڤدا دایان مەنێ ! بەڵکو بۆ خۆت لە بانگەوازی خەڵکی دا بۆلای خوای گەورە بەردەوام بەو هیچ شتێك لەم کارەت ساردت نەکاتەوە، سەرکەوتنیشیان لە کاروباری فێڵ‌و فەساددا شتێکی کاتی‌و کەم خایەنە، تەنانەت تەڵەو داوێکە خوای گەورە خۆی بۆی ناونەتەوە ! الحق یعلو ولا یعلی علیە.

أَمْ لَهُمْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٤٣)، یان ئەوان بۆ ئەوە دژت ڕادەوەستن‌و پێویستیان پێت نیە چونکە گومانیان وایە: جگە لە خوای گەورە خوایەکی تریان هەیەو پشتی پێ دەبەستن وەکو (مەجوسەکان) کە گومانیان وابووە، دوو خوا هەیە یەکێکیان بە ناوی بەدیهێنەری خێرو، ئەوی تریشیان بە ناوی بەدیهێنەری شەڕ؟

یان بەوێنەی (هۆکارپەرستان)و (بت پەرستان) کە جۆرە خوایەتیەك بە هۆکارەکان دەبەخشن‌و، بە مایەی پشت پێ بەستنی دادەنێن؟ کەواتە ئەوانە چاویان بە تەواوی کوێر بووە، چونکە ئایا ئەم ڕێکوپێکییە هەرە کامڵ‌و لەگەڵ یەك گونجانە هەرە جوانەی ئەم گەردوونە مەزنە نابینن کەوەك ڕۆژ دەدرەوشێتەوە ؟ !

خۆ بە پیی داخوازی ئایەتی (لَوْ كَانَ فِيهِمَا لِهَةٌ إِلا اللَّهُ لَفَسَدَتَا) گەر دوو کوێخا لە گوندێك داو، دوو پارێزگار لە پارێزگایەکداو، دوو پاشا لەوڵاتێکدا هەبێت، ئەوا بە حەتمی ڕێساو ڕێکوپێکی ئەو شوێنە تێك دەچێت‌و، پێکەوە گونجان (الانسجام)یش بە تەواوی لە گۆڕێدا نامێنێت. کەچی ڕێکوپێکی تا بڵێی ورد لەم گەردوونەدا هەر لە باڵی مێشولەوە تا ئەستێرەکانی ئاسمان ئاشکراو لەبەرچاوە. کەواتە

تەنانەت بە ئەندازەی باڵی مێشولەیەکیش جێی هاوبەش لەم گەردوونەدا نابێتەوە. جا مادەم ئەوانە لە چوارچێوەی ژێری دەردەچن‌و، لە دانایی‌و مەنتیق هەڵدێن‌و، بە تەواوی پێچەوانەی هەست‌و شعور ڕەفتار دەکەن، ئەوا بە درۆخستنەوەی ئەوانە ڕێگای ڕێنمایی‌و یادخستنەوەی خەڵکیت لێ نەگرێت.

ئێستاش لەم سەردەمە جەنجاڵەی بەناو شارستانێتیدا، چەندین گروپگەلی جۆراوجۆر بۆ دژایەتی تۆو ئەو شەریعەتەی کە تۆی خۆشەویست ﷺ هێناوتە هاتونەتە مەیدان‌و، کاریگەرترین‌و ترسناکترین چەکی خۆیان لەو پێناوەدا بە کار هێناوە، موسڵمانانیش لە خەوی غەفڵەت‌و تێرکردنی سک‌و فەرجیاندان. لەپێشدا هاتن تەقەیاندا لە دەرگای فەرمودە لاوازەکان، بەڵام هیچ بەرگریکارێکی لێ نەبوو، ئەو دەرگایەیان شکاند، دواتر هاتن بۆ فەرمودە صەحیحەکان، موسڵمانان لەوێش خەوتبوون، ئەویشیان شکاند، دواتر هاتنە ناو قودسییەکانەوە، لەوێش کەسی لێ نەبوو، ئەوێش داگیرکرا، دواتر تەقە لەدەرگای قورئان درا، ئێستا قورئان بەتەنها خاوەنەکەی خۆی دەیپارێزێت، ئەگینا موسڵمان سەرگەردان وەکو مەست‌و سەرخۆش پیایدا دەڕوانێ‌و هیچی لێ تێ ناگات‌و لێی حاڵی نابێ.

## (١٦)

ئەی سەروەرم ﷺ.. پەیامەکەت ئەوەندە حەق بووە، بەڵێنەکانت ئەوەندە ڕاستگۆیانەو پشت ئەستوور بووە بە خوای خۆت، بەرچاوت ئەوەندە ڕوون بووە، ئاییندەی نەتەوەکەت وەکو ڕۆژی ڕووناك لێ دیار بووە، ئا لەو کاتەدا کە کافرەکان لە شاری مەککە وەدەرتان دەنێن‌و دەیانەوێت شەهیدتان بکەن، سوراقەی کوڕی مالیك بۆ تەماحی سەد ووشتر شوێنتان هەڵدەگرێت، تا ڕادەستی سەرانی قورەیشتان بکات، ئا لەو کاتەدا تۆ بەڵێنی تاج‌و بازوبەندی کیسرا بە سوراقە دەدەیت‌و دەفەرموویت: پێت چۆنە سوراقە خشڵ‌و بازنەکانی کیسرای پادشای گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی ئەو سەردەمە کە ڕۆمەکانیان بە چۆکدا هێنابوو، بۆ تۆ بێت‌و لەدەستی بکەیت؟ سوراقە سەری لەوەها بەڵێنێك سوڕ مابوو! ئەو هێشتا نووری هیدایەتی وەرنەگرتووەو لە ناو لیتەی نەفامیدایەو، بەشوێن دەستکەوتنی ماڵی دنیاوەیە، ئەویش لە سەر خوێن‌و گیانی کەسانی تر، چۆن باوەڕ بە وەها بەڵێنێك دەکات ! خۆ ئەگەر هەر چوار پەلی ئەسپەکەی لە ناو لمی بیاباندا نەچەقیایە، کۆڵی نەدەداو شوێنی تۆی خۆشەویست ﷺ و هاوەڵی ئەشکەوتتی ئاشکرا دەکردو سەد ووشتری خۆی نەرمەقووت دەکرد.

تۆ هەرگیز نەت دەفەرموو (وا گومان دەبەم) یان (لام وایە) یان (لەوانەیە) ئەو کارە ڕووبدات. بەڵکو بەو پەڕی زانین‌و دڵنیاییەوە، وەك

ئەوەی لەشاشەیەکەوە چاوت لێی بێت ئاوا ئەو هەواڵەت ڕادەگەیاندو چۆنیشت دەفەرموو ئاوا دەهاتنە دی.

تۆی خۆشەویست ﷺ لەو کاتەدا کە سوپای ئەحزاب خۆیان کۆکردبوویەوە بێنە سەر شاری مەدینەو خۆتو یارانت تەفروتونا بکەنوماڵو سامانی موسڵمانان بە تاڵان ببەن، ئا لەو کاتە پڕ مەترسییەدا کە ناخۆشترین ڕۆژی موسڵمانان بوو، بێ کەسو بێ دەر تەنها چاوتان لای سۆزو بەزەیی پەروەردگار بوو کۆمەکتان بکات، لەکاتی هەڵکەندنی کەناڵی چوار دەوری مەدینەدا، کە بۆ پاراستنی خۆتان هەڵتان دەکەند، ئا لەو کاتەدا پاچەکەت دا لە زەویو بەردێك هاتە ڕێت، بە نوکی پاچەکە هەر جارەی پارچەیەکت لێ دەکردەوە، بەڵێنی گەورەو مژدەی خۆشت بە یارانت دەدا. مزگێنییەك کە لەوپەڕی یەقینو باوەڕ بەخۆبوونو متمانەبوو بە خوای پەروەردگار. پارچەیەك لە بەردەکە لێ دەبوویەوە بە بزەو خەندەوە باسی فەتحی مەککەت دەکرد. پارچەیەکی تری لێ دەکەوتو فەتحی بەیتولمەقدیست ڕادەگایاند، پارچەیەك یەمەنو شامو عێراقو پارچەیەك قەڵای خەیبەرو یەکێکی تر فارسو یەکێکی تر ڕۆم، کە ئەم دوو دەوڵەتەی دوییان گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی ئەو سەردەمە بوون.

فیدات بم ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ، هەموو ئەم مزگێنیو بەڵێنانە وەکو خۆی هاتنە دی، موسڵمانان سەرکەوتن بە سەر هەموویانداو گەنجینەکانی کیسراو قەیسەریان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد.

یان کاتیٚ فەرمووت ئەهلی بەیتەکەم (منالٚو نەوەو وەچەکانم) دوای خۆم لە سەر دەستی نەتەوەکەم توشی بەلاٚ دێنو دەکوژرێنو دەربەدەر دەکرێن، ئەوە بوو ئاماژەت بۆ حەزرەتی حسێن کرد کە لە ئەلتەف واتە لە کەربەلا شەهید دەبێت، چۆنت فەرموو وا هاتەدی.

بە حەزەتی عەلییت فەرموو: ئەو کەسەی دەتکوژێت، دەکێشێت بە سەرتداو بەخوێنی سەرت ڕیشت تەڕ دەکات، ئیمامیش بەفیراسەتی تیژبینی خۆی ئەو کەسەی دەناسی کە خوێنڕێژ عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجیمی خاریجی بوو، بەلاٚم خۆ ناکرێت پێش بەقەدەر بگرێتو پێش وەختە حوکمی بە سەردا بدات. چەندین کەسیوا بە نییەتو مەرامیان دەناسرانەوە کە چەند خوێنەخۆرو دوژمنی ئەم ئایینە بوون، بە ڕوواڵەت پەردەی ئیسلامیان دابوو بە خۆیاندا، لەژێرەوە وەکو ماری کوشندە هەرکات بۆیان بکرایە ژەهری خۆیان دەڕشت.

یان کاتیٚ فەرمووت تاقمێکی لەڕێ لادەر جیا دەبنەوە پێیان دەوترێت (خەواریج). ئەو تاقمە شەڕی موسڵمانان دەکەنو تۆوی فیتنەو ئاشوب دەچێنن، نیشانەی جیاکەرەوەی ئەوان پیاوێکە شەڕیان بۆ دەکات لەناو کوژراوەکانی ئەواندا دەبێت، کەسێکی ڕەش پێستەو قۆڵی وەکو مەمکی ئافرەت وایە. فیدات بم فەرموودەکەت وەکو خۆی هاتە دی، ئەوەبوو کاتیٚ شەڕ تەواو بوو، حەزرەتی عەلی ئەو موعجیزەیەی ئاشکرا کردو، کردی بە بەڵگەی حەق بوونی خۆی لەبەرامبەر ئەو تاقمە سەرلێشێواوەدا.

تۆی ئازیز ﷺ بە هۆی نووری نبووەتو هاوڕازی غەیبزانی خۆتەوە ئەوەت زانی کە لە دوای خۆت ئاشوبێکی گەورە لەنێو هاوەڵانو شوێنکەوتووانیاندا ڕوودەداتو، گەلێ خوێنی خاوێنیش لەو ڕووداوانەدا دەڕژرێن. دیارترین ئەو کەسانەش ئیمامی عەلیو فاتیمە خێزانیو حەسەنو حسێن بوون، کە ڕەگو بنجی ئەو درەختە نورانییەن کە ئالی بەیتیان پێك هێناوە. هەربۆیە ئەو چوار کەسەکەت خستە ژێر عەباکەی خۆتەوەو دوعات بە سەردا خوێندن، بەمەش حەزرەتی عەلییت لەبەرچاوی نەتەوەی ئیسلامدا تەبرییە کردو، دڵی حەزرەتی حسێنت دایەوەو، پیرۆزباییشت لە حەزرەتی حەسەن کرد بۆ ئەو کارە باشەی ئەنجامی دەدات، وەکو سوڵحی نێوان دوو تایەفەی گەورەی پڕ چەكو تفاقی ئیسلامو کوژاندنەوەی ئەو ئاگری فیتنەیەی بەرۆکی هاوەڵانو شوێنکەوتوانیانی گرتبوو. هەروەها بۆ دەرخستنی خاوێنیی وەچەی فاتیمەی کچت کە وەکو مەریەمی کچی عیمران وایە لە بەهەشتدا، زنجیرەی ئالی بەیت لەوەوە درێژبوویەوەو بوو بە دارێکی هەمیشە سەوزی بەرداری پێگەیشتوو، کە جیهانی ئیسلام لەبەروبوومی ئەو دارە شەرەفمەند ببن. لەبەر ئەم حیکمەتە بوو ئەو چوار کەسەت خستە ژێر عەباکەتو، دوعات بە سەردا خوێندنەوە، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت تا ڕۆژی قیامەت زامداریان بکات.

تۆ چونکە پێغەمبەر بوویت ﷺ، بڕوانامەی پێغەمبەرێتیش پڕپەتی لە زانستی خوای گەورە، ئەوا لەخۆتەوە هیچت نەدەفەرموو. بەدیهێنەرت زەوی بۆ هێنایەتەوە یەكو، وەکو (جامی جەم)

خۆرهەڵاتو خۆرئاوات تێدا بینی. ئەو موڵكو جێگایانەت بینی كە نەتەوەكەت دەست دەگرن بە سەریداو خاوەندارێتی دەكەن. هەرچیت فەرمووە هاتووەتە دیو، هەموویان تەصدیقی پێغەمبەرییەكەت ﷺ دەكەن. ئەوەتا كاتێ فەرموت: لەپاش خۆم شوێنی ئەبوبەكرو عومەر بكەون، مرۆڤی بەرچاو ڕوون ئەوە دەخوێنێتەوە كە مەبەستت جێنشینیی ئەو دوانەیە لە دوای خۆت، هەروەك چۆن قورئان ئاماژەی بە ڕیزبەندی خەلیفە ڕاشیدەكان كردووە، خوای گەورە لێیان ڕازی بێت، ئەوەتا لە سورەتی (فتح) بەو سیفاتەی لە هەریەكەیان دا هەیە لەدوای خۆتەوە ڕیزی كردوون، (**مُّحَمَّدٌ** رَّسُولُ اللَّهِ) پێغەمبەری خوا ﷺ، (وَالَّذِينَ مَعَهُ)، حەزرەتی ئەبووبەكر **یاری** غارو یاری ڕەوزەو باخی بەهەشت، كە هیچ كات لێت جیانەبووەتەوە، (أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ)، تایبەتمەندیی حەزرەتی عومەرە، كە توندوتیژ بووە بەرامبەر بە كافرانو ملهوڕان، لە سەردەمی خەلافەتەكەیدا عەرشی دەوڵەتە بەهێزەكانی فارسو ڕۆمی هێنایە لەرزەو، ترسی خستە دڵیانەوە. سیفەتی (رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ) تایبەتمەندیی حەزرەتی عوسمانە كە ئەوەندە بەسۆزو شەفەقەت بوو، تەنانەت لە كاتی شەهیدبوونیشیدا ئامادە نەبوو كەس بەرگری لێ بكات، بەخوێنی خۆی گیانی موسڵمانانی پاراستو، نەیهێشت دڵۆپێك خوێن بڕژێت. (تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا ) ئەوەش تایبەتمەندی حەزرەتی عەلییە كە گەورەو سەرداری ئەولیاكانەو لەكاتی حوكمڕانییەكەیدا ڕەوتی بەردەوام بوونی كڕنۆشو سوجدەی بۆ خوای گەورە كرد بە مەساری ژیانی.

هەموو ئەم نیشانە جوداکەرەوانە ئاماژەی ڕوونو ڕەوان بوون بۆ ڕیزبەندی خەلیفە ڕاشیدەکان، کە ئەمەش ئاماژە بۆ زانستی پێش وەختەی قەدەری خوا دەکات، بە کاروباری مرۆڤەکان.

هەر دەم وەردانێك لە بابەتی جێنشینییدا کە بۆچی ئیمام عەلی یەکەم خەلیفە نەبووەو ئیمام ئەبوبەکر پێشی کەوتووە، قسەگەلێکی زیادەیەو، مایەی فیتنەو هەڵگیرساندنی ئاشووبە لە ناو نەتەوەی ئیسلامدا. لەهەمان کاتدا بێ ڕێزی کردنە بەرامبەر شێرێکی گەورەی وەکو ئیمام عەلی، کە خاوەن ئازایەتییەکی بێوێنە بووە. چونکە ئەگەر ئیمام بە هەر سێ خەلیفە ڕاشیدەکەی پێش خۆی ڕازی نەبوایە، کەس نەیدەتوانی بەزۆر بەیعەتی لێوەربگرێتو، ملی بۆ هیچ کەسێك کەچ نەدەکرد، با هەموو سوپای سەرزەوی لە پشتیان بوایە.

ئیمام عەلی وەزیرو ڕاوێژکارو دادوەری گشتیی هەریەکە لەو سێ خەلیفەیەی پێش خۆی بووەو بە حوکمو خەلافەتیان ڕازیو ئاسودە بووە، کچی خۆی داوە بە ئیمام عومەری کوڕی خەتتابو زاواو خەزووری یەکتر بوون. ئەو چۆن ڕیاو مەرایی بۆ کەسانێك دەکات ئەگەر بە دڵی نەبنو بەشیاوی ئەو پێگەو شوێنەیان نەزانێت.

ئیمام عەلی چەند ڕەوشتێکی هەبووە وەك: تەقلید نەکردنی کەسو، شوێن پێ هەڵنەگرتنی خەڵكو، زوهدێکی زۆرو، ئازایەتییەکی بێوێنەو، پێویستی نەبوونی بە هیچ کەسێك، جا ئەگەر بهاتایە ئیمام عەلی بەم ڕەوشتانەوە ببوایە بەیەکەم جێنشین، ئەوا ئەم ڕەوشتانەی ئیمام دەماری مونافەسەی لای گەلێ کەسو لە ناو زۆر دەستەو تیرەدا دەجوڵاندو، بەم جۆرە دووبەرەکیو ناکۆکی لەناو موسڵمانانندا دروست

دەبوو، بەوێنەی ئەو ئاشوبو ڕووداوانەی کە لە سەردەمی خەلافەتەکەی خۆیدا ڕوویاندا. ئەو کاتەی ئەو بوو بە جێ نشین نەتەوەی ئیسلام چەندین نەتەوەو کۆمەڵی جۆراوجۆر بوونو هەریەکەشیان تۆوی دووبەرەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. وەکو تۆی خۆشەویست ﷺ هەواڵت دابوو دەگەیشتە حەفتاو سێ بەشی جیا جیا. ئا لەم کاتەیشدا گەردەلوولی ئاشوبو فیتنە لە هەموو لایەکەوە هەڵی کردبوو، موسڵمانان پێویستیان بە کەسێتییەکی گەورەو بەرزی وەهابوو کە خاوەنی چەندین سیفەتی وەك: هەیبەتو ئازایەتی زۆرو، فیراسەتی ڕاست بێتو، خاوەنی نەسەبێکی ڕەسەنو لە ئالی بەیتو نەوەی هاشم بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەبەردەم ئەو هەموو فیتنەو ئاشووبانەدا خۆی ڕابگرێت. ئەم کەسێتییە گەورەیەو ئەو سیفەتانە تەنها لە ئیمام عەلی دا هەبوون خوا لێی ڕازی بێت. ئیمام توانی لەبەردەم ئەو هەمووە گەردەلولانەدا خۆی ڕابگرێت.

پاشان ئەگەر ئیمامی عەلی نەبوایە، ئەوا دەسەلاتداریی دنیا ئەمەویەکانی بە تەواویی لە ڕێی ڕاست دەترازاندو لە خشتەی دەبردن. بەڵام کاتێ کە ئیمامی عەلیو ئالی بەیتیان لەبەرامبەری خۆیانەوە بینی، ئەوانیش هەوڵیاندا بگەنە ئاستیانو، هاوشانی پلەو پایەیان بن، تاوەکو ئەو ڕێزەی کە لە لایەن نەتەوەی ئیسلامەوە دەستیان کەتبوو، لەدەستی نەدەن. ئەوەبوو زۆربەی خەلیفەکانی دەوڵەتی ئەمەوی ناچار بوون کە شوێنەکەوتووانی خۆیان هەڵبنێنو هان بدەن، بۆ پاراستنی ڕاستییەکانی ئیمانو ئەحکامەکانی قورئانو ئیسلام، هەرچەندەش خەلیفەکان خۆیان هیچ کارێکیان لەم ڕووەوە ئەنجام

نەداو مەستی خۆشییەکانی دنیا بوونو سیاسەتی نسبییان پەیڕەو دەکرد. بەڵام لە سایەی دەوڵەتو خەلافەتەکەیاندا سەدان هەزار لە زانا لێکۆڵەرەکانو موجتەهیدانو ئەولیاو پیاوچاکانو لێبڕاوان بۆ ئایینی خوا پەیدا بوونو سەریان هەڵدا. کەواتە ئەگەر ئەوان ئەو کەماڵاتو صەڵاحەتو ئاییندارییە نەبوایە لە ئالی بەیتدا دەیانبینی، ئەوا پێیان دەترازاو بەتەواوی لەڕێی ڕاست لایان دەدا، هەروەك لە کۆتایی حوکمڕانیی ئەوانو عەباسییەکاندا ڕوویدا.

(١٧)

ئەی سەروەرم صلى الله عليه وسلم.. کاتێ سوپای ملهوڕی قورەیش بە هەزار جەنگاوەرەوەو بە سەرکردایەتی فیرعەونی ئەم ئوممەتەوە عەمری کوڕی هیشام (ئەبوجەهل)، ویستیان بدەن بە سەر موسڵماناندا، کە تۆی سەروەری مرۆڤایەتی صلى الله عليه وسلم سەرکردایەتیت دەکردن. بە بێ ترس‌و شڵەژان، بەئەوپەڕی متمانەو باوەڕبەخۆبوونەوە، کەئەوەش لە باوەڕ بەخوای گەورەوە سەرچاوەی گرتبوو، شوێنی سەرکردەو ملهوڕەکانی قورەیشت دیاریی کردو ئاماژەت بەو جێگایانە کرد کە ئەوانی تێدا دەکوژرێن. فەرمووت: عوتبە لێرەدا دەکوژرێت، ئومەییە لێرەدا دەکوژرێت، فلان لێرەداو فیسار لەوێدا. جەختیشت لە سەر کوژرانی ئوبەی کوڕی خەڵەف کردەوە، چۆنت فەرموو ئاوا بەو شێوەیە هاتە دی.

یان ئەو ڕۆژەی کە لە مەدینەی مونەوەرەوە بە نووری نبووەت پەردەی هۆکارەکانت لاداو، ڕاستەوخۆ تەماشای گۆڕەپانی ئەو شەڕەت دەکرد کە لە موئتەی وڵاتی شام لە نێوان جەنگاوەرە تێکۆشەرەکانی ئیسلام‌و ڕۆمیەکاندا بەرپابوو، ئەو جێگایە یەك مانگ ڕێگا لە مەدینەوە دوور بوو، لە نێو کۆڕی هاوەڵاندا (انا لله وانا اليه راجعون)ت دەوتەوەو، بە فرمێسکی چاوەکانتەوە هەواڵی شەهید بوونی هاوەڵە تێکۆشەرەکانت بەوانەی چواردەوری خۆت دەدا.

فەرمووت: زەیدی کوڕی حاریسە ئاڵاکەی هەڵگرت، ئینجا پێکرا. پاش ئەو جەعفەر ئاڵاکەی هەڵگرت، ئەویش پێکرا. پاشان عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت، ئەویش پێکرا. پاشان فەرمووت: وا شمشێرێك لە شمشێرەکانی خوا ئاڵاکەی هەڵگرتو سەرکەوتیان بەدەست هێنا.

لەپاش چەند هەفتەیەك یەعلای کوڕی مونەبیهـ لە گۆڕەپانی شەڕەکەوە گەڕایەوە بۆ مەدینەو، هاتە خزمەتی تۆی خۆشەویست ﷺ، پێش ئەوەی ئەو هیچ بگێڕێتەوەو قسە بکات، تۆ باسو خواسی گۆڕەپانی جەنگت وەکو خۆی بۆ یەعلا گێڕایەوە. یەعلا سوێندی خواردو ووتی: بەو کەسەی تۆی بە حەق ناردووە بۆلای مرۆڤایەتی، یەك وشەت لە قسەکانی ئەوان نەپەڕاند. واتە هەرچی بووەو ڕوویداوە تۆ بەچاوی خۆت هەموویت دیوە ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ.

وا ئێمەش لە سەر منارەی چەرخی پازدەهەمی کۆچییەوە، پەردەی کاتو شوێن دەدڕێنینو دێینە خزمەتی کۆڕەکەتان، هەردوو قاچو هەردوو دەستەکانت ماچ دەکەینو دەڵێین: سوێند بەخوای گەورە هەرچیت فەرمووە ڕاستو دروستەو بەچاوی خۆت بینیوتە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

ئەی خۆشەویست ﷺ تۆ فەرمووت لە دوای خۆم خەلافەت سی ساڵ بەردەوام دەبێت، پاشان دەبێت بە پاشایەتییەکی گەزندە. بەمەش تەمەنی خەلافەتی ڕاشیدینت بە سی ساڵ دانا، ئینجا ئەوەت ڕاگەیاند کە دوای ئەوان دەبێت بە پاشایەتیو، ستەمی تێدا دەکرێتو، گەندەڵیی بڵاو دەبێتەوە. ئەوەبوو خەلافەتی هەر چوار خەلیفە

ڕاشیدەکەو شەش مانگەکەی حوکمڕانی حەزرەتی حەسەن سی ساڵەکەی تەواو کردو، ڕاستی فەرموودەکەی تۆ هاتەدی.

قەدەری خوا وابوو لە دوای ئیمامی عەلیو حەزرەتی حەسەنی کوڕی خوالێیان ڕازی بێت، ئالی بەیت لە حوکمڕانی دوور بکەونەوە، چونکە دەسەڵاتداریی دنیا مرۆڤ لە خشتە دەبات. ئەهلی بەیتیش لە ڕاستیدا ئەرکی پاراستنی ڕاستییەکانی ئیسلامو ئەحکامەکانی قورئانیان پیێ سپێرراوە. ئەو کەسەش کە کاروباری جێنشینی دەگرێتە دەست دەبێ بە هیچ جۆرێك دنیا نەیخەڵەتێنێت، واتە یان وەك تۆ پێغەمبەرو ﷺ مەعصوم بێت، یان وەکو خەلیفە ڕاشیدەکانو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ئەمەویو، مەهدی عەبباسی، تەقوایەکی گەورەو زوهدێکی زۆری ببێت، بۆ ئەوەی لە خشتە نەبرێتو لەخۆی بایی نەبێت.

هەر لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵاتداریی دنیا بۆ ئالی بەیت دەست نادات، چونکە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆیان لە بیر دەباتەوە کە بریتییە لە پاراستنی ئایینو خزمەتکردنی ئیسلام. نمونەش بۆ ئەوەی دەوڵەتداریی بۆ ئالی بەیت دەست نادات، خەلافەتی دەوڵەتی فاتیمی لە میسر کە بە ناوی ئالی بەیتەوە دامەزراو حکومەتی مووەحییدەکان لە ئەفریقیاو دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران، هەریەکەیان باشترین بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە دەسەڵاتدارییو حوکمڕانی بۆ ئالی بەیت دەست نادات.

ئالی بەیت مکوڕترین توێژی موسڵمانانن کە زۆر بە توندوتۆڵی دەستیان بە ئایینەکەیانەوە گرتووەو، پارێزگاری لیێ دەکەن. ئەو

کاتانەی دوورن لە دەسەڵاتداریی دنیا هەوڵو کۆششو تەقالآیەکی زۆر لە پێناوی ئایینی ئیسلامدا دەدەنو، خزمەتێکی بەرچاو دەکەن. نمونەی ئەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی ئیسلام کە لە ئالی بەیت بوون: ئیمام جەعفەری صادق، ئیمام موسای کازم، ئیمام زەینولعابیدین، شێخی گەیلانیو دەیانو سەدان قوتبی گەورە، کە لەنەوەی ئیمام حەسەنو ئیمام حوسێن بوونو، هەریەکەیان وەکو مەهدیی سەردەمی خۆیان جیهانی ئیسلامیان ڕووناك کردووەتەوە.

کەواتە ئەو کەسەی لە ئیسلام بێ ئاگایەو دەیەوێت بێتە ناو بازنەی ئیسلام، با یەکەم جار نەچێت تەقە لە دەرگای مێژوو بدات، چونکە مێژوو چەواشەکارەو، وەکو ئەو دڵۆپە ڕەنگە وایە کە حەوزێك ئاوی پاك تەڵخو ناشیرینو لیخن دەکات.

لە مێژووی (هەزارو چوارسەد) ساڵەی ئیسلامدا، بە هەموو خەلافەتەکانی ئیسلامەوە هەر لە ڕاشیدەکانەوە تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی (سەدو یەك) یان کەمێك لەو ژمارەیە زیاتر خەلیفەو فەرمانڕەوا هەبوون، بەڵام سەد و بیست هەزار هاوەڵی مەلائیکەت ئاسا، کە بەرزەخ لە نێوان ئەوانو قیامەتدا نەبووە، سەدان هەزار تابیعی، دە ئەوەندە تابیعی تابیعی، ملیۆنان وەلیو خواناسو عاریفو صۆفیو زاهیدو، هەزاران زانای پاکی خاوەن وەرعو تەقوا، هەموو ئەمانە کە لەژمارە نایەن مەگەر تەنها خوای گەورە خۆی بزانێت ژمارەیان چەندە، هەموویان بە ڕقو کینە بێت یان نەزانی، لە بیری خەڵك براونەتەوەو، ئاراستەی زەینی خەڵك بەرەو ئەو (سەدو یەك) خەلیفەو فەرمانڕەوایە وەرچەرخێنراوەو، ئەو مێژووە دوورو

درێژە بە پەردەیەکی ڕەشی تاریك داپۆشراوە. لەکاتێکدا هەر لەناو ئەو (سەدو یەك) کەسەشدا، پێنج کەسیان لە ڕاشیدەکانو دەیانی تر لەمانەی دوایی، خەلیفەی خاوەن تەقواو خواناسو عاریف بوون.

مێژووی پڕ سەروەری ئیسلام کە پڕیەتی کە ئەستێرەی درەوشاوە لە ڕاستگۆیانو پیاوچاکانو ئەولیاو ئەصفیاو شەهیدان، بە چەند سەد کەسێکی حوکمڕانو فەرمانڕەوا کە خەلیفەو ئەمیرو والیو کاربەدەست بوون، تەڵخو لێڵ نابێتو، ئەو نوورە درەوشاوەیە سەد پەردەی بدرێت بە سەردا، تیشكو ڕووناکی خۆی پەخش دەکاتو ناتوانرێت بشارێتەوە.

ئیسلام ئەو جۆگە گەورەو فراوانەیە کە ماوەی هەزارو چوارسەد ساڵە ڕێ دەکات، هەزاران هەزار میوەو بەروبومی بەتامو لەزەتی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووەو، سەدان هەزار هێکتار زەوی ئاودێری کردووە. نەیارانیش بۆ پیس کردنی ئەو ئاوە بەدرێژایی مێژوو چەندین لقو جۆگەی پیسیان خستووەتە سەر ئەو شاجۆگەیە، بۆ لێڵ کردنو شێواندنی تامو بۆنەکەی، بەڵام هەر بەپاکی ماوەتەوەو دەمێنێتەوەو، لەخوارەوە سەرچاوەی ژیاندنەوەی ملیۆنان کەسەو، هەموو ساتێك تینوێتیان دەشکێنێت.

(١٨)

ئەی سەروەرم ﷺ.. کاتیٚ کە تۆ باشترینو جوانترینو پێگەیشتووترین بەری ئەم درەختەی گەردوون بیت، خۆشەویستی خوای میهرەبان بیت، ئەوا ئەو گەردیلانەی کە جەستەی تۆیان پێك هێناوە، ناسکترینو نیان ترینو پیرۆزترین گەردیلەکانی وجوودنو، نە ئاگر دەتوانێت بیانسوتێنێتو، نەخاکیش دەتوانێت بیانرزێنێت، چونکە نوورو ڕووناکین. هەرکەسیش تالێك لەمووی تۆ، دلۆپێك لە خوێنت، ماچێکی ڕووخسارت، پارچەیەك لەو قوماشەی کە بەر جەستەت کەوتووەو بووە بە سیپاڵی بەری تۆ، تەنانەت خاكو خۆڵی بەرپێت، بە نسیبی بێت، سەرفرازی دنیاو قیامەت دەبێتو، ئاگری دۆزەخ و زەفەری پیٚ ناباتو ناتوانێت بیسوتێنێت.

کاتیٚ حەزرەتی عەبدوڵای کوڕی زوبێر لەو خوێنە موبارەکەی تۆی خواردەوە کە بە کەڵەشاخ لێیان گرتبوویت، پێت فەرموو: وەیل بۆ ئەو کەسەی تێت دەپێچێتو بۆ ئەو کەسەش تێی دەپێچیت. بەمەش بە نووری نبووەت هەواڵی ئەوەت ڕاگەیاند کە عەبدوڵا کاروباری خەڵکی دەخاتە ئەستۆی خۆیەوەو، هێرشێکی سەختی دەکرێتە سەرو، بە هۆی ئەوەوە دوژمنانی توشی بەڵاو موصیبەت دێن. ئەوەبوو لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا عەبدوڵای کوڕی زوبێر لە شاری مەککەدا جێنشینی خۆی ڕاگەیاندو، حەججاجی کوڕی یوسفی

ستەمكاریش بە خۆیو سوپایەكی زۆر گەورەوە ئابلۆقەی شاری مەككەی دا، لە پاش چەند شەڕێكی سەختو چەند جەنگێكی خوێناویو، پاش دەرخستنی ئازایەتییەكی بێ وێنە، عەبدولا شەهید كرا.

هەروەها بە سەردارمان حەزرەتی معاوییەت فەرموو، ئەگەر حوكمڕانییت گرتە دەست نەرمونیانو لێبوردەبەو ئامۆژگاری باش بكە. بەمەش هەواڵی پەیدا بوونی دەوڵەتی ئەمەویو هاتنە سەر تەختی معاوییەت ڕاگەیاند.

حەزرەتی موعایەی هاوەڵو نوسەرەوەی سروشی پەروەردگار، كاتێ بوو بە یەكەم خەلیفەی دەوڵەتی ئەمەوی، سیاسەتی نیسبیی پیادەكرد، كە ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی خەلافەتی ڕاشیدەكان بوو، كە سیاسەتی ڕەها(محض)یان پەیڕەو دەكرد. لە سەردەمی حوكمی معاوییەدا دەوڵەتی ئیسلام فراوان بوو، نەتەوەو ڕەگەزی جۆربەجۆر كەوتنە ناو سنووری دەوڵەتەكەوە، نەدەتوانرا سیاسەتی (محض) پەیڕەو بكرێت. هەربۆیە پەنایان بۆ سیاسەتی نیسبی بردو، وردە وردە خەلافەت كاڵ بوویەوەو، ڕەنگی پاشایەتی لێ نیشت، تا ئەوەی لە دوای خۆی پاڵیان دا بە ڕێبازی نەتەوایەتیو ڕەگەزایەتییەوەو، فەرمانڕەواو دەمڕاستی كاروباریش ئەو یاسا قەومییە ستەمكارانەیە بوو كە پێی وابوو: هەموو شتێك لە پێناوی پارێزگاریی ئاسایشی نەتەوەدا بەخت دەكرێت.

یاسای دادگەریی، تاكی نەدەكرد بە قوربانی كۆمەڵ، بەڵام لە سیاسەتی ئەمەوییەكاندا ئەو دەستوورە ستەمكارانەیە پەیڕەو دەكرا

کە لە پێناوی پاراستنی دەوڵەتو باڵ کێشانی ڕێسا بە سەر وڵاتدا قوربانی بە کەسانو خەڵکی ناو وڵات دەدرا. وە تەنها پشتیان بە نەتەوەی عەرەب دەبەستو، نەتەوەکانی تریان پەراوێز خستو چەوساندەوەو، بە چاوێکی سوك تەماشایان دەکردنو، پێیان دەوتن (مەوالی).

(١٩)

ئەی سەروەرم ﷺ.. دووركەوتنەوەو دابڕان لە ئازیزانو خۆشەوستان دەردێكی بێ دەرمانە، ئەی ئەگەر ئەو خۆشەویستە تۆ بیت ﷺ ، چ لەوە سەختو دژوارترە بەجێی بهێڵیت! ئەوەتا ئەو بنە دارەی كە بنمیچی مزگەوتەكەی مەدینەی لە سەر دانرابوو، بە دووركەوتنەوەی تۆ كەوتە ناڵەناڵو نركەو گریان. تۆ هەموو جار پشتت پێوە دەناو، ووتارت بۆ خەڵكی دەدا، ئەم جارە مینبەریان بۆ دروست كردیت، ئەو زانی چی تر پاڵ بەوەوە نادەیتەوە، خەریك بوو شێتو هار ببێتو پارچە پارچە ببێت، ئای چەند غەمباری ئەوەبوو، كە تۆ پاڵی پێوە نادەیتەوەو، چی تر بۆنی جەستەی موبارەكت ناكات.

ئای چەند بێ ئۆقرە بوو بۆت، هەرچی دەكرد نەیدەتوانی لە تۆ جیاببێتەوە، دەنگی گریانی وەكو دەنگی حوشتری ئاوس وابوو، هەموو ئامادەبووانی مزگەوت گوێیان لە دەنگی بوو، لەگەڵ ئەودا كەوتنە گریان. سوێند بەو كەسەی گیانی هەموومانی بەدەستە ئەگەر باوەشت پێدا نەكردایەو دڵت نەدایەتەوە، هەتا ڕۆژی قیامەت دەگریا، ئەمە فەرمایشتی خۆت بوو ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

ئێمەش وا لێرەوە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئیمام حەسەنی بەصری گەورە تابیعین، كاتێ دەگریاو بە قوتابییەكانی

دەفەرموو:"ئەی بەندەکانی خوا، تەختەدار لە تاسەی پێغەمبەردا ﷺ تاقەتی دەچێتو، بۆی دەگری، بەڵام خۆ ئێوە زیاتر شیاوی ئەوەن تامەزرۆی دیدارو بەخزمەت گەیشتنی بن". خەجاڵەت بین ئێمە وەکو ئەو بنەدارەشمان لێ نایەت!

وترا بە قەعقاعی ئەوسی باسێکی بەهەشتمان بۆ بکە کە حەزو شەوقمان بجووڵێنێت بۆی! ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: "بەهەشت پێغەمبەری خوای تیایە ﷺ"واتە ئەوەندە بەسە بۆ خۆشی بەهەشت کە تۆی تێدایە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

جا چ خۆشییەك لەوە خۆشتر هەیە کە دراوسێی تۆبینو لەگەڵ تۆ هاتووچۆ بکەینو بچینە گەشتو گەڕانو لەگەڵ تۆ بخۆینو لەگەڵ تۆو هاوەڵانی پایە بەرزتان بە ناو باخو بێستانەکانی بەهەشتدا گەشت بکەین.

ئەوە چ خۆشەویستییەكو چ ناسینێکە هەندێ موسڵمانی ئەم ڕۆژگارە بەرامبەر بە تۆ دەینوێنن، کە هەردوو خۆشەویستی خۆشەویستەکەی خوا ﷺ کە دایكو باوکی بەڕێزتن بە ئەهلی ئاگرو دۆزەخ بزانن!

نا هەرگیز خوای گەورە دڵی خۆشەویستەکەی ئازار نادات کە تۆی بەڕێزیت ﷺ، ئەو شەفەقەتە ناسکەش زامدار ناکات کە دڵە پیرۆزەکەی تۆی لێ پڕ بووە. هەربۆیە هەردوو خۆشەویستی تۆو سورمەی چاوانت ئەهلی نەجاتو بەهەشتنو، هەرگیز ناخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

ئەهلی فەترەت ئەهلی نەجاتن‌و، بەدەقی قورئان خوای گەورە لێپرسینەوەیان لە سەر تاوانەکانیان لەگەڵدا ناکات. ئیمامی شافیعی‌و ئیمامی ئەشعەری لایان وایە کە ئەگەر ئەهلی فەترەت گوناهباریش بن‌و، توشی کوفرو بتپەرستیش بووبن، هەر ئەهلی نەجاتن، چونکە خوای گەورە تا پێغەمبەرێك بۆ قەومێك نەنێرێت سزای ئەو قەومە نادات. ئەهلی مەککەش هیچ ئایینێکیان نەبوو جگە لە پاشماوەی ئایینەکەی حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت، کە ئەویش بێ ئاگایی‌و تەپوتۆزی زەمەن داپۆشی بوو، چەند کەسێکی تایبەتمەند پەیڕەویان لێ دەکرد یەکێ لەوان تۆی خۆشەویستی خوا بوویت ﷺ.

هۆکاری کۆچی دوایی دایك‌و باوکیشت پێش ناردنی سروش، سۆزو میهری پەروەردگار بوو بەرامبەر بەوان، بۆ ئەوەی دایك‌و باوك بن‌و نەبنە ئەولادی مەعنەوی کوڕەکەی خۆیان، وە نەکەونە ژێر کۆڵی قورسی منەتەوە، هەروەها بۆ ئەوەش بوو چاودێری هەست‌و نەستی تۆی پێ بکات‌و، ڕازیتان بکات، وە ئەوانیش بنێرێت بۆ ژێر سایەی منەتی خۆی.

ئەگەر ئەبوتالیبی مامیشت پێش دابەزینی سروش کۆچی دوایی بکردایە، ئەهلی نەجات‌و بەهەشت دەبوو، بەڵام دوای هاتنی تۆو دابەزینی سروشی پەروەردگار، سەرەڕای خۆشەویستی‌و پارێزگارییان بۆ تۆو، پاڵپشتی کردنت وەکو سیلەی خزمایەتی‌و، ماندوو بوونیان لە وەدەرنانتان بۆ شیوی دەرەوەی مەککەو، ئابلوقەی ئابووری‌و برسێتی‌و نەبوونی، سەرەڕای هەموو ئەو چاکەکارییانەی کە دەرهەق بە تۆی خۆشەویست ﷺ هەیبوو، ئەهلی ئاگرو دۆزەخەو ئەهلی

نەجات نیە. تەنها ئەوەیە مەگەر سۆزو میهرەبانی خوای گەورە لەبەر خاتری خزمەتەکانی بە خۆشەویستەکەی ﷺ لە ناوەندی دۆزەخدا بەهەشتێکی بچوکی تایبەتی بۆ فەراهەم بێنێت، وەکو چۆن هەندێ جار لە ناوەندی سەختیی زستاندا بەهارێکی ڕەنگین بەدیدەهێنێت، یان لە ڕێی بینینی خەونەوە بەندینخانەی تەسکو تاریکی دنیا دەکات بە کۆشکێکی ڕەنگین.

ئەی خۆشەویست ﷺ بوونی تۆ بۆ گرۆی مرۆڤ وەکو بوونی خۆر وایە بۆ ئەم گەردوونەو، بەتایبەت بۆ گۆی زەوی. بە پەرستشێکی هەمەکی خوایەتی خواو پەروەردگارییەکەیو نیعمەتە لە ژمارە بەدەرەکانیت ناساندو، پێشوازیت لە پەیامەکەی کردو، نوورو ڕووناکیت بۆ گرۆی مرۆڤایەتی هێنا.

هەروەك حەقیقەتی بوونو بەدیهاتننت بوو بە هۆی بەدیهێنانی گەردوون، بە هۆی ئەو حەقیقەتەو لەبەر پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ، کەماڵاتی ڕاستەقینەی سەرجەم بوونەوەرانیش هاتنەدی.

تۆ بە هۆی بەندایەتییە بێگەردەکەت بۆ خوای گەورەو، بە هۆی بەدەستهێنانی چاکەکارییەکانی نەتەوەکەتو، تۆمارکردنیان لەناو دەفتەری چاکەکارییەکانی تۆدا، پلەو پایەیەکی هێندە بەرزت بەدەست هێناوە، بەهرەمەندی بەندایەتییەکی هەمەکی (کلی)و چەندین ڕێژنەی پەروەردگاریی ئەوتۆ بوویت، کە لە ڕاستیدا بوویت بە ملیارەها مرۆڤی چاکەکار.

وێڕای ئەوەی کە نەخوێندەوار بوویتو، نوسینو خوێندنەوەت نەزانیوە، کەچی ئایینێکت لەگەڵ خۆدا هێنا کە عاقڵانو فەیلەسوفانی

چوارده سەدەت تووشی سەرسوڕمان کرد، پێش هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی تر کەوتیتەوەو، بێ ئەوەی ئەزمونێکی پێشووترت هەبێت، بە تەنها یەکجار سەرکەوتنت بە دەست هێنا، کە ئەمەش وەکو حاڵەتێکی بێ وێنەو ناوازە باس دەکرێت.

هەروەها ئەو ئایینی ئیسلامەی کە لە گوفتارو کردارو حاڵەتەکانی ژیانی خاوێنی تۆ سەرچاوەی گرتووە، ڕێنمایی سێ سەدو پەنجا ملیۆن کەسی کردووە لەهەموو کاتو سەردەمێکدا، بەشێوەیەك کە بووە بە پەروەردەی گیانو، پاکژکردنی دەروونو، ڕووناك کردنەوەی ژیرییانو، بەرەو پێشکەوتنی مەعنەوی بردوونی، کە زۆر بایەخی زیاترە لە پێشکەوتنی ماددی. ئەمەش حاڵەتێکی تری بێ وێنەو ناوازەی تۆ بوو ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ.

هەروەها ئەو شەریعەتەی کە تۆ هێنات، هێندە خاوێنو مەزنە، بە یاسا دادگەرەکانی پێنج یەکی گرۆی ئادەمیزادی لە ماوەی چواردە سەدەدا هێندە بە دادگەرانە بەڕێوە برد، پێشکەوتنی ماددیو مەعنەوی هێنایە دی، ئەمەش حاڵەتێکی تری ناوەزی تۆ بوو.

هەروەها بە ئیمانێکی هێندە قایمو مەحکەمو توندوتۆڵەوە هاتیتە مەیدان، ئەهلی حەقیقەت، بە بۆنەی ئەو ڕێژنەی نوورەوە کە لە تۆ وەریان گرت، بەهرەمەندو بەرەکەتدار بوونو، هەموویان بە یەك دەنگی تەصدیقی ئەوە دەکەن کە تۆ لەبەرزترین پلەو پایەدایت. وە هیچ شكو گومانێکت لە دڵی دوژمنە زۆرو لەژمارە بەدەرەکانی ئەو سەردەمەدا بەجێ نەهێشت. ئەمەش ئەوەی دەرخست کە تۆ ئەوەندە

ئیمانەکەت بەرزو بڵندو بەهێز بووە، کەس نەبووە پێت بگاتەوەو هاووێنەت نییەو نابێت.

(٢٠)

ئەی سەروەرم ﷺ.. گەر بێتوو باس لەو موعجیزانەت بکەین کە لە خواردنو خواردنەوەدا لێت دەرکەوتوون، ئەوا کتێبێکی سەربەخۆی دەوێت. لەبەر ئەوەی کە نیوەدوورگەی عەرەب شوێنێکی بێ کشتوکاڵو کەم ئاو بووە، بە چەشنێ کە دانیشتووانی بە تایبەت لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا، لە ژیانێکی کولەمەرگیو بێ ئاوییو تینوێتیو برسێتیدا دەژیان. جا لە سەر بناغەی ئەم حیکمەتە گرنگترین موعجیزە ڕوونو ئاشکراکانت لە بواری خواردنو ئاودا دەرکەوتوون. ئەم موعجیزانەش ڕێزلێنانی خوایی بووە بۆت، تا ئەوەی موعجیزەی پێغەمبەرێتی بن. هەروەها میوانداریو سەخاوەتو بەخششو کەرەمی خوایی بووەو، لەبەر چاوی هەموو ئەو کەسانەدا ڕوویداوە کە ئیمانو باوەڕیان پێت هەبووەو، دامەزراو بوون لە سەر ئایینەکەیان. دیارە موعجیزەش هەتا زیاد بکات ئیمانیش پتر زیاد دەبێت.

هاوەڵە بەریزەکانت لە چڵەپۆپەی حەقو ڕاستیدا بوونو، لە چاکترین سەدەو سەردەم دا ژیاونو، هەرگیز چاوپۆشییان لە شتی ناڕەوا نەکردووە. بە چەشنێ ئەگەر خوانەخواستە هەرکامیان هەستیان بە درۆیەك بکردایە، با ئەو درۆیە بچوکیش بوایە، بێ دەنگ دانەدەنیشتو، بە بێ هیچ گومانێك بەرپەرچی دەدایەوە. جا کاتێ

یەکێکیان لەناو هەزار کەسدا موعجیزەیەکی تۆ دەگێڕێتەوە کە پەیوەندیدار بووە بەو هەزار کەسەوە، هەموویان بە بێ دەنگ بوونیان تەصدیقیان کردووە، خۆ ئەگەر خوانەخاستە درۆ بوونایە ئەوا کەسیان بێ دەنگ نەدەبوونو، بەرپەرچیان دەدایەوە. کەواتە وەکو تەواوتوری مەعنەوی بێگومانو چەسپاون.

مێژووی ئیسلام بەتایبەت مێژووی پڕ بەرەکەتو بەسەرهاتی ژیانت شایەتە لە سەر ئەوەی، کە هاوەڵە بەرێزەکانت دوای پاراستنی قورئانی پیرۆز، خۆیان بۆ پاراستنی سوننەتو فەرموودە پیرۆزەکانت تەرخان کردووە. واتە هەموو حاڵەتو گوفتارێکی تۆ، کە پەیوەندییان بە ئەحکامە شەرعییەکانەوە هەبووبێت یان بە موعجیزاتەوە، ئەوان بێ جیاوازی پاراستوونیانو، هیچ ڕەفتارێکی پیرۆزی بچوکیشتیان فەرامۆش نەکردووە. بەڵکو بایەخیان پێ داوەو، گێڕاویانەتەوەو، لەلای خۆشیان نوسیویانەتەوە، بە تایبەت حەوت عەبدوڵا ناوەکان کە بە(العبادلة السبعة) بەناوبانگنو، لە ناو ئەوانیشدا بەتایبەت عەبدوڵای کوڕی عەبباسو، عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، چونکە لای خۆیان ئەو فەرموودە پیرۆزانەیان نوسیوەتەوە.

بەم جۆرە لە سەردەمی هاوەڵە بەرێزەکاندا فەرموودەکان پارێزران، ئینجا سی چل ساڵ دوای ئەوان هەزاران کەس لە زانا لێکۆڵەرەکانی (تابیعین) هاتنو، لەوانیان وەرگرتنو، ئەم کارەیان بەوپەڕی ئیخلاصو ئەمانەتەوە گرتەئەستۆو، فەرموودەکانیان پاراستو نوسینیانەوە. پاش ئەوانیش پێشەوا موجتەهیدەکانو هەزاران زانای لێکۆڵەرو، زانایانی فەرموودە لەوانیان وەرگرتنو، لەڕێی

نوسینەوەو تۆمارکردنەوە ئەم فەرموودانەیان پاراست. ئینجا دوای تێپەڕبوونی دووسەد ساڵ لە کۆچی پیرۆزی تۆوە لە مەککەوە بۆ مەدینە، خاوەنانی هەر شەش کتێبە صەحیحو سوننەتە بەناوبانگەکانی فەرموودە، لە پێش هەموویانەوە ئیمام بوخاریو ئیمام موسلیم کە بە (شیخین) ناسراون، ئەو فەرموودەو موعجیزانەیان لەوانی پێش خۆیان وەرگرتو، ئەرکی پاراستنی سوننەتیان خستە ئەستۆی خۆیانەوە.

پاش ئەمانەی باسمان کردن ڕۆڵی زانایانی ڕەخنەسازیو (جرح‌و تعدیل) هاتە پێشەوە، کە ئەوانیش زانای توندوتیژی وەك (ابن الجوزی)یان تێدا هەڵکەوتو، توانییان ئەو گوفتارانەی هەڵبەستراو (موضوع)ن‌و، چەند مولحیدو نەزانێك تێکەڵی فەرموودە پیرۆزە صەحیحەکانیان کردوون، جیابکەنەوەو، فەرموودەیان لێ پاڵفتە بکەن. پاش ئەمانیش چەند زانایەکی لە خواترس‌و خاوەن‌وەرع‌و هەڵکەوتوو هاتن، وەك جەلالەدینی سیووتی کە وەکو پیاوچاکانی ئەهلی کەشف لە بارەیەوە دەڵێن: هەر لە حاڵەتی بێداریدا واتە لە دەرەوەی جیهانی خەوەوە، حەفتا جار بە خزمەتی تۆی خۆشەویست ﷺ گەیشتووەو پێت شەرەفمەند بووە. ئەم زاتەو چەندین زانای تری وەکو ئەم هاتن‌و، گەوهەرو مرواری فەرموودە صەحیحەکانی تۆیان لە هەموو ووتەیەکی درۆو دەست هەڵبەست کە بەدەمی تۆوە کرابێت، یان هەر قسەیەك درابێتە پاڵی تۆ جیاکردەوە. ئیتر نابێ مرۆڤ ئەوەی بە دڵدا بێت‌و بڵێت: ئایا چۆن دەزانین ئەم ڕووداوانەی کە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویانداوە، بە سەلامەتی بە دەستمان گەیشتوون‌و، دەستکاری

نەکراون؟ بەڵی نابێ ئەمە بڵێت، چونکە بۆمان دەرکەوت کە چۆن لەو دەستە ئەمینو خاوێنە لە ژمارە بەدەرەوە بەپاکیو ڕاستی بە دەستمان گەیشتوون. تەنها دەبێ بڵێین (هذا من فضل ربي)و شوکرانەی لە سەر بکەین. لەبەر بەرەکەتی ئەو موعجیزانە لێردا چەند نمونەیەکیان لێ باس دەکەین.

کاتێ زەماوەندنی گواستنەوەی یەکێ لە دایکانی ئیماندارانت ئەنجام دا، ئوم سولەیمی دایکی ئەنەسی هاوەڵو خزمەتگوزارت، خواردنێکی بەو بۆنە پیرۆزەوە بۆ دروست کردن، کەپێی دەوترێت (حەیس)، ئەو خۆراکە لە خورماو ڕۆنو کەشك دروست دەکرێت. ئینجا خستییە ناو دەفرێکەوەو بە ئەنەسدا لەگەڵ ڕێزو سڵاودا ناردی بۆ خزمەتی ئێوە. وە ووتبووی عەرزی خۆشەویست ﷺ بکە کە خواردنەکە کەمەو هەر ئەوەندەیە با گلەیی نەکات.

ئەی خۆشەویست ﷺ کاتێ ئەنەس خواردنەکەی بۆ هێنایت فەرمووت : ئادەی ئەنەس، برۆ فلانو فلانو فلانو هەرکەسی تریشت توش بوو لە ڕێگادا بۆم بانگ بکە. ئەنەسی دڵسۆزو خزمەتگوزار ئەوانەو هەرکەسی تریشی پێ بگەیشتایە بۆ خزمەتی تۆ بانهێشتی کردن. کاتێ گەڕایەوە خزمەتت ئەزانێ ماڵەکە جمەی دێت لە خەڵك. تۆش بە فووی موبارەکی دەمتو وتنی دوعای بەرەکەت، دەستت لە سەر خواردنەکە دانا، تا دەرگای گەنجینەکانی غەیب بە سەر ئەو سفرەو خوانەدا بکرێتەوەو میواندارییەکی سەخاوەتمەندانە بۆ میوانەکانت ساز بکەیت. بەڵی دە کەس دە کەس، بە نۆرە هەریەکەو لە قاپە خۆراکەکەی دەخوارد تا تێر دەبوونو دەگەڕانە دواوە،

ئەوەندەی تر دەهاتن‌و تێر دەبوون‌و دەڕۆشتنە دەرەوە، دەستە لەدوای دەستە ناوی خوایان دەبردو دەیانخواردو تێر دەبوون. کاتیٚ کەس نەما بە ئەنەست فەرموو: ئادەی ئەنەس کۆی بکەرەوە. ئەنەس دەڵێت: نازانم ئەو کاتەی دامنا زۆری تێدا بوو یان ئێستا، واتە قاپە خۆراکەکە وەکو خۆی وابوو هیچی لیٚ کەم نەکرابوو.

یان لە یەکیٚ لە غەزاکاندا کە تەشریفی موبارەکت ﷺ لەویٚ بوو، برسێتی زۆری بۆ خۆت‌و سوپاکەت هێنا. تۆش داوات کرد، هەرکەس خواردنی پێماوە با کەمیش بێت بیهێنن. هەرکەس هەرچی پێمابوو لە مشتێك یان زیاتر هێنایان‌و، تۆش بە دەستە پڕ فەڕو پیرۆزەکانت لە سەر پارچەیەك کۆتکردنەوە، کە قەبارەی بزنێك بە چۆکدا کەوتبێت ئەوەندە جێگای گرتبوو. دواتر فەرمووت: ئادەی وەرن دەفرەکانتانی لیٚ پڕ بکەن، هیچ دەسماڵ‌و تورەکەو دەفرێك نەما لێی پڕ نەکرێت، سەرەڕای ئەوەش خواردنەکە هەروەکو خۆی یان زیاتری لیٚ مابوویەوە. خۆ ئەگەر خەڵکی سەر زەوی هەموو بهاتنایە بە دڵنیاییەوە بەشی دەکردن.

قوربانت بم ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ دەستە پیرۆزەکانت وێنەی کانی‌و کارێز، بوون بە سەرچاوەی ئاوی سازگارو ڕەوان، کاتیٚ لە نزیکی بازاڕو لەلای زەورائدا ئاوی دەستنوێژیان بۆ هێنایت، تاوەکو دەستنوێژی پیٚ بگریت. کاتیش کاتی نوێژی عەسر بوو، خەڵکیش ئاوی دەستنوێژیان دەست نەدەکەوت‌و بۆی دەگەڕان. تۆش دەستی موبارەکت خستە ناو ئاوەکەو، بانگی خەڵکەکەت کرد بێن دەستنوێژ بگرن. ئەنەس دەڵێت: ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانتەوە وەکو

کانیو کارێز هەڵقوڵاوە، تا ئەوەی ئەو خەڵکە زۆرە هەموو دەستنوێژیان گرتووە، کە نزیکەی سێ سەد کەس دەبوون.

ئایا دەگونجێ ئەنەس بە ناوی ئەو ژمارە زۆرەوە ئەو ڕیوایەتە بگێڕێتەوەو، خوانەخواستە وا نەبێتو، ئەوانیش بێ دەنگ بن؟ ئایا دەگونجێت بەدرۆی نەخەنەوە؟ نا هەرگیز شتیوا لەناو دەستەو تاقمی هاوەڵاندا ناوەشێتەوە کە درۆیەك ببینن‌و لێی بێ دەنگ بن، سەردەمی ئەوان ڕاستیی کاڵایەکی بەنرخ بووەو، درۆ قیزەونو ناشیرین، ئەوان بە دەست گرتن بە ڕاستییەوە بوون بە مامۆستاو ڕابەری نەتەوەکانی جیهان.

یان ئەو ڕۆژەی لە حودەیبییەدا ویستت دەستنوێژ لەو کوندەیەی بەردەستت بگریت، هاوەڵان هاتنو داوای ئاویان لێ کردیت. تۆش فەرمووت چییە چی ڕوویداوە؟ ئەوانیش وتیان ئاومان دەوێت، هیچمان لا نییە نە بۆ دەستنوێژو نە بۆ خواردنەوە. پاشان تۆ دەستە پیرۆزەکانت خستە ناو ئاوەکەو وەکو کانیو کارێز ئاو لە نێوان پەنجەکانتەوە هەڵدەقوڵی. ئەوانیش تێریان لێ خواردەوەو دەستنوێژیان لێ گرت.

سالمی کوڕی ئەبولجوعد ئەم فەرموودەیەی لە جابیری کوڕی عەبدوڵاوە گێڕاوەتەوە، پرسیاری لێ کردووە ئایا چەند کەس بوون، جابیر فەرموویەتی ئەگەر سەد هەزار کەسیش بووینایە بەشی دەکردین، هەزارو پێنج سەد کەس بووین. کەواتە ئەوانەی ئەم موعجیزەیان گێڕاوەتەوە دەگەنە هەزارو پێنج سەد کەس. چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە درۆ دەردەخاتو دەڵێت: ئەمە درۆیە.

نەخوازەڵا ئەو هاوەڵە بەرێزانەی کە گیانو سامانو باوكو كوڕو خزمو هۆزی خۆیان لە پێناوی حەقو ڕاستیدا بەخت کرد، چ جای ئەوەی کە لە ئاستی درۆدا بێ دەنگ ببن، بە تایبەت ئەو هەڕەشە ترسناکەی تۆیان بیستووە کە فەرمووتە: هەرکەسێ بەئەنقەست درۆم بەدەمە بکات با جێگایەك بۆ خۆی لە ناو ئاگری دۆزەخدا خۆش بکات.

جا مادەم ئەوان بەم هەواڵدانەی جابیر ڕازی بوونو بەدرۆیان نەخستەوە کەواتە هەموویان لە ناوەڕۆکدا بەشداری ئەم ڕیوایەتە بوونو تەصدیقیان کردووە. زۆربەی موعجیزەکانت بەم شێوەیە هاتووەو پێمان گەیشتووە، لەناو کۆمەڵێکی زۆردا ڕوویداوەو، تەنها کەسێ ڕیوایەتی کردووەو، ئەوانی تریش بە بێ دەنگییان بەشداربوونو تەصدیقیان کردووە.

(٢١)

ئەی سەروەرم ﷺ.. جا تۆ لەگەڵ چیدا موعجیزەت نەبووە، بوونەوەران هەر لە فریشتەو جیننیو مانگو خۆرو ئاوو ڕووەكو خۆراكو چیاو دارو بەردو، تەنانەت ئاژەڵەكانیش تەصدیقی پێغەمبەرایەتی تۆیان كردو، بەشدار بوون لە موعجیزەكانتدا.

پاڵەوانێكی وەكو سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص، كە فاتیحی وڵاتی فارسە، جیبریلو میكائیلی لە سەر شكڵو شێوەی دوو پیاوی بەرگو پۆشاك سپیدا بینیوە پارێزگاریان لێ كردوویت.

جا ئایا دەگونجێت پیاوی وەكو سەعد كە مژدە پێدراوی بەهەشتەو، یەكێ بووە لەوانەی دوعای لای خوای گەورە گیرابووەو ڕەت نەكراوەتەوە، ئایا دەگونجێ كەسێكیوا بڵێ ئەو فریشتە گەورەیەمان بینیوەو لەڕاستیشدا نەیبینێبێت؟! نا هەرگیز گاڵتەوگەپ نزیكی وتەكانی سەعد نابێتەوە، چ جای ئەوەی (حاشا) وتەی درۆی لە دەم دەربچێت! ئەوانە ڕاستگۆترین پیاوی ئەم ئوممەتە بوونو درۆ لەزەمەنی ئەواندا ناشیرینترین كاڵا بووەو، لەگەڵ ڕاستیدا نێوان ئاسمانو زەوی دووربوون لەیەكەوە.

هەر بە هەمان شێوەی فریشتە، جننییەكانیش هاتوونەتە خزمەتتو تەصدیقی دەعواكەیان كردوویت.

ئەو کەسانەش کە بە نووری تۆ ڕووناك بوونەوەو، لە سەر بەرنامەکەی تۆ پەروەردە بوون، هەزاران کەس تێپەڕ دەکەن، لە ئەولیاو ئەقتابو زانایانو پیاوچاکانی وەکو شێخی گەیلانی، هەموو ئەمانە بە مەلائیکەتو جننی گەیشتوونو قسەیان لەگەڵدا کردوون. هەموو ئەو ڕیوایەتانەش کە باس لەو چاوپێکەوتنانە دەکەن موتەواتیرو بێ گومانن.

جنۆکەکان لە ئێمەی مرۆڤ بەتاییەت مرۆڤی ئەم سەردەمە ژیرترو داناترو وورياتر بوون، ئەوان بە تەنها یەك موعجیزە باوەڕیان پێت هێناو گومانو دوودڵیان ڕەواندەوە، بەڵام ئێمەی مرۆڤی سەرسەختو بەدگومان سەدان موعجیزەی تۆ دەبیستین، هیچ داناچڵەکێینو، بەشوێن بەڵگەی تردا دەگەڕێین، وەك بڵێی ئەمانە کەم بن. ئەوەتا ئەو شەوەی جنۆکەکانی نوصەیبین لە(بطن النخلة) کە ڕۆژە ڕێیەك لە باکووری خۆرئاوای مەککەوە دوور بوو، هاتنە خزمەتتو، داوای بەڵگەو شایەتیان لێ کردیت، کە تۆ پێغەمبەری خوا بیت ﷺ؟ بۆ ئەوەی بڕوات پێ بهێننو موسڵمان ببن. تۆش بەو درەختەت فەرموو کە پێشتر هەواڵی جنۆکەکانی بۆ هێنابوویت، درەختەکە وەرە بۆلام. ئەو درەختە هەر کە گوێبستی فەرمانی تۆ بوو، ڕەگەکانی لەگەڵ خۆیدا کێش کردو، دەنگە دەنگێکی وەکو دەنگی چەکی لێ هاتو، هاتە خزمەتت. بەم شێوەیە جنۆکەکان هیدایەتیان وەرگرتو باوەڕیان پێت هێنا. بەڵی تۆ پێغەمبەری ڕەوانەکراویت ﷺ بۆ لای ئەوانو تەواوی مرۆڤایەتی.

درەختی بێ زمان دێتە قسەو شایەتی دەدات کە تۆ پێغەمبەری خودایت ﷺ و دەتناسنو سلاٌوت لێ دەکەنو، بە غەیری خۆشیانت دەناسێننو، زیارەتت دەکەنو، گوێڕایەڵیی فەرمانەکانت دەبنو، پێغەمبەرییەتییەکەت ﷺ دەسەلمێنن، ئەمە حاڵی ئەوانە کە درەختن، ئەی دەبێ حاڵی ئەو بێ گیانەی کە خۆی ناو ناوە مرۆڤ چۆن بێت، کە هێشتا تۆ ناناسێتو باوەڕت پێ ناهێنێت؟! ئایا ئەو کەسە لە دڵو ژیریی بێ بەش نییە؟ ئایا لەو درەختە وشکو تەختە ڕەقانەی تەنها شایستەی سوتاندنن بێ بایەختر نییە؟

ئەوەتا حەزرەتی عەبدوڵای کوڕی عومەر بۆمان دەگێڕێتەوە کە جارێك لە سەفەرێکدا توشی پیاوێکی دەشتەکی بوون، پێت فەرموو: بۆ کوێ دەڕۆیت؟ کابرا ووتی: بۆ لای ماڵو منالّم. تۆش فەرمووت حەز دەکەیت تووشی خێرێك بیت؟ کابرا ووتی: خێری وەکو چی؟ تۆش فەرمووت: شایەتومان بهێنیت کە تەنها خوای گەورە خوایەو هاوبەشی نییەو محەمەدیش ﷺ واتە من پێغەمبەرو نێرراوی ئەوم. کابرا ووتی: جا کێ شایەتە لە سەر ئەوەی کە وتت؟ تۆش فەرمووت: ئەم درەختی سەموورەیە کە لە لێواری ئەو شیوەدایە، درەختێکی دڕکاوی گەورە بووە. کە ئەمەت فەرموو درەخت تەکانی بەخۆیداو، لە جێگای خۆی هاتە دەرەوەو، بەرەو ڕووی تۆ هات، تا هاتە بەردەمت. تۆش بە درەختەکەت فەرموو: شایەتومان بێنە، درەختەکەش بەو شێوەیەی تۆ فەرمووت، شایەتی دا کە تۆ پێغەمبەری خوایت ﷺ، ئینجا ڕۆشتەوە بۆ شوێنی خۆیو، ڕیشووەکانی خستەوە ناو خاكو خۆڵی زەویو جێگیربوویەوە. پیاوە

دەشتەکییەکە ووتی ڕووخستەم بدە با سوژدەت بۆ بەرم، تۆش فەرمووت نا شتیوا نابێت، ئەگەر ڕێگام بە سوژدەبردنی کەسێك بۆ کەسێك بدایە، ئەوا فەرمانم بە ژن دەدا سوژدە بۆ مێردەکەی ببات. دەشتەکییە داوای کرد با قاچەکانت ماچ بکات، تۆش ڕێگات داو هەردوو قاچی ماچ کردنو شایەتومانی هێنا.

بەڵێ ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ لە دوو توێی ئەم فەرموودە شیرینەتدا جگە لە گوێرایەڵی بوونەوەران بۆ فەرمانەکانت، شتێکی ترمان خوێندەوە، ئەویش پایەی پیاو بوو لە ناو کۆمەڵگاداو، قەووامیەتی ئەوانە بە سەر ژناندا. بەڵێ ژنو پیاو دوو درەختی جیاوازنو لەدوو جۆر هەویری جیاواز شێلراون. تەنها لە قاڵبو شێوەی جەستەدا لەیەکتر دەچن، ماهییەتو ناوەڕۆکیان زۆر جیاوازە لەیەکتریو یەکسان نابن. هەرکەسو تاقمێك زەعمی یەکسانییان بکاتو بیەوێت لە تەنیشتی یەکەوەو لەناو یەك گۆلدا بیاننێژێت، ئەوا وشکیان دەکاتو لەبەرو پەلوپۆیان دەخات.

کردنی پیاو بە ژنو، ژن بە پیاو، کوشتنی تواناو لێهاتنی ئەوانەو تێکدانی فیترەتیانە. ئەو دوو ڕەگەزە هەرگیز نابن بە یەکتریو هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە. ئافرەتان کانگای سۆزو شەفەقەتنو فیداکارو خۆنەویستن، هەرچی لەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا بکەن بێ بەرامبەرەو داوای کرێو پاداشتیان لێ ناکەن. هەروەها گەر پێویست بکات گیانی خۆیان دەبەخشن لەپێناوی مانەوەی جگەرگۆشەکانیاندا. گەر ئەم گیانفیدای خۆشەویستیو شەفەقەتە بەرزە، بە نەزانیو بێ حیکمەت لەماڵ دەربهێنرێتو بخرێتە بازاڕەوە، لەوێ بکرێت

بەشۆفێری گەلاَبەو کرێکاری کارگەو بزنسمان، ئەوا شیرازەی خێزان دەبچڕێتو، بەو دەردەی ئێستا دەبرێین کە جیهان تێی کەوتووەو پێوەی دەتلێتەوە. چار نییە جگە لەوەی کە دەبێ ئافرەتەکان بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بەو مانایە نییە کە دەبێ لە چوارچێوەی خانویەکدا زیندانی بکرێن، نا بەڵکو مەبەست پەروەردەو پێگەیاندنی منالّو نەوەکانی ئایندەیە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر مێیینە لە سەر زەویدا هەنو منالّیان دەبێت، بەلاَم ڕێژەیەکی کەمیان دایكو قوتابخانەن. پرچ بەسەرمان زۆرە، بەلاَم ڕێژەیەکی کەمیان ژنن، بەڵکو ناوەڕۆكو ماهییەتیان گۆڕاوە بۆ پیاو، وە زۆر لە پیاوانیش لە ڕوخساردا پیاون بەلاَم لە ماهییەتو ناوەڕۆکدا بوون بە ژنو، وەکو ژن ڕەفتار دەکەن.

دایکان قوتابخانەی پێگەیاندنی منالّو نەوەکانی ئاییندەن، هەر منالّێك لە قوتابخانەی دایکی ڕاسب بێت، خێر بۆ کۆمەڵگا ناداتەوەو دەبێت بە بار بە سەر شانی مامۆستای قوتابخانەو گەڕەك و ولاَتەوە.

جیاوازی نێوان دایكو دایکایەتی ئەمەیە، کاتێ مریشك جوجەڵەکانی گەورە دەکات، گەنمەکەی خۆی دەکات بەدەمی جوجەڵەکانەوەو ئامادەیە بەگژی شێردا بچێت بۆ پاراستنیان، ئەمە پێی دەوترێت دایکایەتیی. بەلاَم کاتێ جوجەڵەکان گەورە دەبن، هەر ئەو دایکە دانی بەردەم جوجەڵەکان دەفرێنێتو دەیخوات، وە بە کشەیەك بە باڵە تەپە ڕادەکاتو دوور دەکەوێتەوە، ئەمەیان دایکە بە بێ دایکایەتی.

ئەو دایکەی کە قوتابخانەیە بۆ پەروەردەی مرۆڤ، ئەمڕۆ بە هۆی شارستانێتی ساختەو قەڵبەوە دایکایەتی لیٚ وەرگیراوەتەوەو تەنها وەکو دایك مامەڵە دەکات.

هەرکات ئەم دوو درەختە پێگەیشتووەی گەردوون کە خاوەن هەستو ڕێزلێگیراون، جێگای خۆیان بۆ یەکتر چۆڵکردو لەشوێنی یەکتر دانیشتن، ئەوا شیرازەی کۆمەڵگا دەبچڕێتو، خێرو بێر لەو وڵات دوور دەکەوێتەوەو، شەڕو بشێویو ئاژاوە جێگایان دەگرێتەوە. بەجیٚ گۆڕینیان هەردوو درەختەکە لە ناوەڕۆكو مانادا وشكو زڕ دەبنو، بەرەکانیان پوچو کرمۆڵ دەبێتو، لەبری مرۆڤ مارو دووپشكو مەیمونو بەراز دەخەنەوە. حاڵی ئەمڕۆی جیهان شایەتی ئەم وتانەیە.

کاتیٚ شەرعی خوا بڕیاری داوە دوو ئافرەت بەشاهیدێك وەر بگیرێن لەبەرامبەر پیاوێکدا، ئەوە ئەوپەڕی سۆزو میهرەبانی خواوەندە بەرامبەر بەو ڕەگەزە بەشەفەقەتە، کە سروشتیان نەرم ونیانو ناسکەو، نابێت تێکەڵاو بە کێشمەکێشی دادگاو بنکەکانی پۆلیس بکرێنو، لەگەڵ تاوانباراندا بەتەنیا بوەستێنرێن، ئەگەر پێویستی کردو پیاو لەگۆڕێدا نەبوو بۆ شایەتیدان با دووان لەوان لە جێگای پیاوێك، بەناچاری ئەو شایەتییە بدەن.

تەماشای سۆزو میهرەبانی خوای گەورە بکە، ئەوەتا ئادەمو حەوا پێکەوە لەبەری درەختی وەچەخستنەوە دەخۆنو لەزەت وەردەگرن، کەچی بەتەنها باوکە ئادەم تاوانبار دەبێتو، هەر ئەویشە داوای لێخۆش بوون دەکاتو، خوای گەورە لێی خۆش دەبێت. نە

دایکە حەوا تاوانبار کراو نە داوای لێخۆش بوونیشی کرد، بەڵکو ناوی لە دۆسیەی عیسیانەکەشدا نەبوو.

کاتێکیش بەشی پیاوێك دوو هێندەی بەشی ژنێکە، ئەوە یەکپارچە دادگەریی‌و میهرەبانی خوای گەورە دەگەیەنێت، چونکە زۆربەی ڕەهای پیاوان کاتیٚ ژن دەهێنن، خەرجی‌و بژێوی ژنەکانیان دەگرنە ئەستۆو، چاویان لەکارو کەسابەت‌و ئیشی ئەوان نییە، زۆر بە سەربەرزی‌و بیٚ منەت بەخێویان دەکەن. بەپێچەوانەوە ژن کاتیٚ شوو دەکات، خەرجی‌و بژێوی خۆی دەخاتە سەر پیاوەکەی، لەم ڕێگایەوە ناتەواوی میراتەکی پڕ دەکاتەوە.

پاشان فەرمانەکەی قورئان میهرەبانی لیٚ دەچۆڕێت، چونکە کیژان پێویستیان بە شەفەقەت‌و سۆزی باوك‌و میهرەبانیی براکەی هەیە. ئەم سۆزو شەفەقەتەی باوك‌و براکانی لەژێر سایەی ئەم حوکمە شەرعییەدا دەستگیر دەبێت، چونکە ئەگەر یەکسان بوونایە لە بردنی بەش لەگەڵ براکەیدا، ئەوا باوك‌و برا ئەرخەیان نەدەبوون لەوەی کە کچەکەیان ماڵ‌و سامانێکی زۆر دەباتو، دەیکاتە دەستی پیاوێکی بێگانەوە، بەمەش لەبری خۆشەویستی‌و میهرەبانی ڕق‌و کینەیان بە سەردا دەباراندو، ئەو کچە داماوە بیٚ بەش دەبوو لە هەموو سۆزێك‌و، بە میرات بەرێکی ڕەزا تاڵ دەمایەوە. ئەوەتا حاڵی ئەمڕۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەبینین، کە چۆن لەناو ماددەو خۆشەویستیی دنیادا نغرۆ بووە، ئەو نیوە بەشەش بە ئافرەت ڕەوا نابینن‌و زۆر جار ئەوەشیان پیٚ نادەن‌و قۆرخی دەکەن. لەبری ئەم بەشە لەدەست چووە بەشێکی گەورەتری لە سۆزو مەحەبەتی ماڵە باوان دەستگیر بووە،

کەئەگەر نەبێت، ئافرەت لەلای ماڵە خەزوورانی بەکەم تەماشا دەکرێت.

ئەوە چ خۆشەویستییەکە کە دەیانەوێت لە میهرەبانیی خوای گەورە میهرەبانتر بن! پێم ناڵێن خەریکی چین، دەیانەوێت بە ناوی یەکسانییەوە بەشی زیاتر لە بەشی شایانی خۆی پێ بدەن‌و، قوڕ بکەن بە سەر ئافرەتی داماوداو، بێ بەشی بکەن لە هەموو شتێك! هەرگیز ئەم کارەی نەفامەکان‌و لافلێدەرانی یەکسانیی بەزەیی‌و میهرەبانی نییە بەرامبەر بە ئافرەتان، بەڵکو ستەمێکی ناڕەواو ناهەموارە لێیان دەکەن. ئەگەر ئەو عەدالەتی خواییە بکرێت بە یەکسانیی کە ستەمێکی ئاشکرایە، ڕێ بۆ ئەو هەڵپە دڕندانەیە خۆش دەکات کە لەم ڕۆژگارەدا بەسەر دەروونەکاندا زاڵ بووە، ستەمێکی گەلێ ناهەموارتر ئەنجام بدات‌و ئەو غیرەتە دڕندانەیە بخاتەوە یاد کە بە سەر دەروونی خەڵکانی سەردەمی جاهیلییەتدا زاڵ بوو بوو، تا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کچانی خۆیان زیندەبەچاڵ بکەن.

کەواتە هەموو حوکمەکانی قورئان بەوێنەی ئەم حوکمی میراسە تەصدیقی فەرمایشتی خوای گەورە دەکەن، سەبارەت بە سۆزو ڕەحمەت‌و میهرەبانیی تۆی خۆشەویست ﷺ بۆ لای تەواوی مرۆڤو جیننی‌و تەواوی جیهان. وما ارسلناك الا رحمة للعالمين.

(٢٢)

ئەی سەروەرم ﷺ.. موعجیزەکانی پێغەمبەرانی پێشووتر بە باشترو فراوانترو گەورەتر لە دەستی تۆدا هاتوونەتە دی، ئەوەتا دارەکانی دەستت کاتێ دەیانبەخشیت بە هاوەڵانت، جارێك لە دەستی یەکێکیاندا دەبێ بە گڵۆپو بلاجکتۆری گەورە لەشەوی تاریكو نوتەکدا، دە گەز پاشو دە گەز پێشی خۆی بۆ ڕووناك دەکاتەوەو، جارێك لە دەستی هاوەڵێکی تردا دەبێت بە شمشێری سپی درێژی ئەستورو تا کۆتایی تەمەنی شەڕی پێ دەکات، جارێکی تریش دەبوون بە ڕمو تیرو دەچەقین بە جەستەی کافراندا.

دەستە پیرۆزەکانت جارێك دەبن بە گۆشەی زیکر لە نێو هاوەڵەکانتدا بە چەشنێ ئەگەر بەردی تێ بڕوات ئەوانیش دەست دەکەن بە زیکرو تەسبیحات. جارێکی تر ئەو دەستە دەبنەوە بە دەرمانخانە بۆ زامداران‌و بیماران‌و، دەست بهێنیت بە سەر هەر دەردو هەر شکستەیەکدا شیفای بۆ دێتو چاك دەبێتەوە. هەر ئەو دەستە کاتێ ڕوو دەکاتە مانگ دوو لەتی دەکاتو، خۆر بە ئاسمانەوە ڕادەگرێت. جارێکی تر ئەو دەستانە وەکو کانیی‌و کارێز دەبن بە جێگای هەڵقوڵانی ئاوی سازگاری مایەی ژیان. هەر ئەو دەستە پیرۆزانەت کاتێك دەیهێنیت بە سەر دڵو سنگە مردووەکاندا، ئاوی مەعنەوی ژیان ــ کە ئیمانە ــ تیایاندا هەڵدەقوڵێتو ئەو دڵە مردووانە

زیندوو دەبنەوەو، بە نووری ئیمانو خواناسی گەش دەبنەوە. جارێکی تر دەبنەوە بە مایەی جوانیی ڕوخسارو بەری هەرکەس بکەوێت پیر نابێتو دەموچاوی بە گەنجی دەمێنێتەوە. کاتێك بەری سەریش دەکەوێت، تا کۆتایی تەمەنی مووەکانی بە ڕەشی دەمێنێتەوە.

دوعاکانت بۆ بارینی باران ئەوەندە خێرا گیرا دەبوون، زۆر جار پێش ئەوەی لە سەر مینبەرەکە تەشریف بێنیتە خوارەوە، باران دەباری. ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لێ بێت لە دوای وەفاتی خۆتەوە دوعای تەوەسولی بە حەزرەتی عەبباسی مامت دەکردو دەیوت: خوایە تاکو پێغەمبەر ﷺ مابوو، ئێمە بە هۆی خۆیەوە داوای بارانمان لێ دەکردیتو تۆش بۆت دەباراندین، وا ئێستا بە هۆی مامی پێغەمبەرەکەمانەوە ﷺ داوای بارانت لێ دەکەین، بەمەش بارانیان بۆ دەباری.

ئەم دوعای تەوەسولە کە حەزرەتی عومەر پێی پاڕایەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تەوەسسول کردن بە کەسانی خواناسو ئەولیاو ساڵحەکانەوە دروستە، چ زیندوو بن یان مردوو، لەم سەردەمەی خۆماندا بەنەزانیی پێی دەوترێت (شیرك)و گوناهـ. پیاوێکی وەکو حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت بە دروستی بزانێت تەوەسسول بکات، کە پایەو مەقامی ئەو لای خوای گەورە هەزاران هەزار جار لە پایەی ئێمە بەرزترە، بۆچی بۆ ئێمەی گوناهبارو ڕووو سییا دروست نەبێت؟

مووە پیرۆزەکانی سەرو ڕیشت تا ئێستاشو تا دنیا دنیایە مایەی بەرەکەتو ڕێژنەی ڕەحمەتن بۆ ئێمە. ئەوەتا هەر کات بێ

بارانیو قاتو قڕی ڕوومان تیٚ بکات، مووی پیرۆزت پیشانی کەشو هەوا دەدەین بۆ ئەوەی لە تاسەو شەوقی ئەو شوێنەوارە پیرۆزەی تۆدا خۆیان بۆ نەگیرێتو بە هەڵەداوان لە دەریاو زەریاکانەوە خۆیان کۆبکەنەوەو بێنە خزمەتت، بە ڕاسەرتەوە لە تاسەو خۆشیدا تێرتێر بگرینو فرمێسکەکانیان وەکو سێڵاو بڕژێننە سەر زەوی.

جارێك دەستی پیرۆزت هێنا بە سەر عومەیری کوڕی سەعداو دوعای بەرەکەتت بۆ کرد. کاتیٚ کە عومەیر کۆچی دوایی کرد، تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، هێشتا نیشانەی پیریی لیٚ دەرنەکەوتبوو.

یان کاتیٚ دەستی پیرۆزت خستە سەر سەری قەیسی کوڕی زەیدی جوزامیو دوعاتان بۆ کرد، کاتیٚ ناوبراو لە تەمەنی سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، جێگا دەستەکەی تۆ هەر بە ڕەشی مابوویەوەو پێیان دەوت (الاغر) واتە سەر ماشو برنج. بەڵیٚ ئەی سەروەرم ئەو تۆقە مووەی بە ڕەشی خستنە ژێر دەستی پیرۆزتەوە شەرمیان کردبوو سیپاڵی ڕەشی بەریان بگۆڕنو بیکەن بە سپی.

ئەو کەسانەی کە ناوی پیرۆزی تۆیان بیستووەو شارەزای بانگەوازەکەت بوون، گەر تەصدیقت نەکەن، ئەوا دەچنە ڕیزی ئەوانەی کە خوا ناناسنو باوەڕیان پێی نییە. وتنی (لااله الا الله) لەلایەن ئەو چەشنە کەسانەوە، هەرگیز ئەو تەوحیدەیان پیٚ نابەخشێت کە مایەی نەجاتو ڕزگاربوون بێت. چونکە ئەو حاڵەتەی ئەوان ئەنجامی نەبوونی قبوڵ کردنێك نییە کە لە نەزانییەوە سەرچاوەی گرتبێتو بە عوزر دابنرێت، وەکو زۆرێك لە خەڵکانی ئەوروپاو هەردوو کیشوەری ئەمریکاو ڕۆژهەلاتی ئاسیاو باشوری

ئەفریقیاو ئوسترالیا، کە ئەمانە لەلایەن ماسۆنییەتەوە بەربەستێکیان بۆ دروست کراوە تا تۆی خۆشەویست ﷺ بناسنو تەسلیمی بانگەوازەکەت ببن، بەڵکو قبوڵکردنی نەبوونەو ئینکارییە. خۆ ئەو کەسەش ئینکاری تۆ بکات کە بە موعجیزاتو ئاسەوارەکانت بوویت بە مایەی شانازی گەردوونو، شەرەفمەندیی گرۆی مرۆڤ، بێ گومان هیچ ڕووناکییەکی دەست ناکەوێتو ئیمانیشی بە خوا نابێت.

هەموو حاڵەتێکی ئەحمەدی ﷺو گشت ڕەوشتێکی محەمەدی ﷺو هەریەك لە ڕەفتارە نەبەوییەکانی تۆ، وەك موعجیزەیەك لە موعجیزەکانت وانو، ڕوونی دەکەنەوەو دەیچەسپێنن: کە پلەو پایەت لە بەرزترین پلەدایە هەرگیز لە قوڵاییو تاریکیدا نییە.

مادەم تۆ دواهەمین پێغەمبەریت ﷺ و خوای گەورەش وەکو نوێنەری هەموو گرۆی مرۆڤ بۆی ڕوانیویتو، گوفتاری خۆی ئاراستە کردوویت، ئەوا دەبێ مرۆڤایەتی جگە لەو ڕێیەی کە تۆ ڕوونت کردووەتەوە، بە هیچ ڕێگایەکی تردا هەنگاو نەنێن. کەواتە پێویستە مرۆڤەکان بێنە ژێر ئاڵاکەتەوە.

(٢٣)

ئەی سەروەرم ﷺ.. مەقامی تۆ، مەگەر خوای گەورە خۆی بزانێت چەند بڵندو باڵایە، لەم سەردەمو چەرخی بێ باوەڕییەدا لای موسڵمانان زۆر نزم کراوەتەوەو، وەکو کەسێکی ئاسایی بۆت دەڕوانن و، تەنها ڕووگە مرۆڤانەکەت دەبینن. ئەوەی ئەوان بۆتی ڕەوا دەبینن ئێمەی ئەهلی دڵ بۆ شێخێکی تەریقەتیشی ڕەوا نابینین چ جای تۆی خۆشەویست ﷺ.

ئەگەر بە دەستووری ( السبب کالفاعل) بۆت بڕوانین و، بەو چاویلکەیە تەماشات بکەین، ئەوا تۆ ئەو درەختە گەورە نوورانییەیت کە ڕەگو بنجو بێخت لە ناخی زەویدایەو، قەدو لق و پەل و گەڵاو گوڵەکانت بەفراوانیی ئاسمانەکان پەرش و بڵاوو بەرزبوونەتەوە. تۆ جگە لە چاکەکارییەکانی خۆت ڕۆژانەو لەماوەی هەزارو چوارسەد ساڵ و تا ئێستاو تا دنیاش دنیایە، هەر چاکەیەک و، هەر پەرستشێک موسڵمانێک ئەنجامی بدات لە نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، خێر، حەج، عەمرە، زیکرو، ویردو، پاڕانەوەو، جیهادو، ئێشکگرتن لەپێناوی خواو، قورئان خوێندن و لەبەرکردن و، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست و، وتاردان و، ئامۆژگاری کردن و، هەتیو بەخێوکردن و، کەفالەتی هەژاران و، صەدەقە جارییەکانی وەکو دروستکردنی مزگەوت و، قوتابخانەو، پردو، جۆگەو، نەخۆشخانەو، لانەی بێ نەوایان و، جادەو بان و، ژینگەپارێزیی هەیە، هەموو ئەمانە لە تاک بە تاکی

موسڵمانانەوە لەم ماوە دوورو درێژەدا دەچێتە ناو دەفتەری چاکەکارییەکانی تۆوە، بەبێ ئەوەی ئەوان کەم بکات. واتە هەر چاکەیەك لەسەر زەویدا بکرێت لەو ڕۆژەوە بە حەق نێردراویت، تا ڕۆژی قیامەت کۆپییەکی دەچێتە ناو دۆسیە کەسییەکەی تۆی خۆشەویستەوە ﷺ.

ئایا چ درەختێك دەتوانێت ئەوەندە بەر بگرێت؟ ئایا پاداشتی ئەم هەمووە چاکەکارییە لای خوای گەورە تەنها فیردەوسی باڵا نییە؟ ئەی مرۆڤ فەرموو تەماشا بکەو ببینە، ئەوە مەقامو پێگەی سەروەرمانە ﷺ، چۆن دەتوانیت ئەم پێگە گەورەو شایستەیە لە مرۆڤێتی ئەودا بدۆزیتەوە؟ ئایا ئەگەر سەر بەرز نەکەیتەوەو ئەم پێگە باڵایەی نەبینیت کە لە نبووەتەکەیدا هەیە، بێ ڕێزی نانوێنیت بەرامبەری؟ یان پێت هەڵناخلیسکێت بۆ ناو شیوو دۆڵی بێ بڕوایی‌و بەدگومان بوون بەرامبەری؟

بەڵێ خۆشەویستم ﷺ، کاتێ دوعای باران‌و بەرەکەتت کردبێت، یان بۆ کەسێك پاڕابیتەوە فەرمووتە: خوایە باران ببارێنە، خوایە نوری پێ ببەخشیت، خوایە هیدایەتی بدەیت، خوایە شارەزای دین‌و فیقهی بکەیت، خوایە ماڵ‌و مناڵی پێ ببەخشیت، خوایە دوعای قبوڵ بکەیت، خوایە دەمی هەڵمەوەشێنە، خوایە سەرماو گەرمای لەکۆڵ بکەرەوە، خوایە بەرەکەت بخەرە پێستو موویەوە، خوایە برسی مەکە، خوایە زانستی پێ ببەخشە. هەموو ئەم دوعایانە کە بە تەواتووری صەریح پێمان گەیشتوون، وەکو خۆی هاتوونەتەدی‌و، هەر

له دنیادا قبولْ بوون. نمونەی زۆرمان هەیە لە سەر ئەو دوعایانەو لە کتێبە صەحیحەکانی فەرمووده تۆمار کراون.

کاتێکیش دوعای شەڕت لە هەرکەس کردبێت، وەکو ئەوەی فەرمووتە: دەسا یاخوا هەر نەتوانیت دەستت بجولێنیت، خوایە لەتو پەتی بکە، خوایە بیانکوژە، خوایە یەکێ لە سەگەکانی خۆت بە سەریدا زالْ بکە، خوایە لێی خۆش مەبە. هەموو ئەم دوعا شەڕانە وەکو خۆی هاتوونەتەدیو کابرا نەیتوانیوە دەست بەرێت بۆ دەمیو ئەوی تر لەتو پەت بووەو ئەویان شێر پەلاماری داوەو خواردوویەتیو ئەوی تر گۆڕ فڕەی داوەتە دەرەوەو وەری نەگرتووە.

ئەی خۆشەویست ﷺ تۆ ڕەحمەتیت بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی، بۆ جنو فریشتەکان، بۆ هەموو زیندەوەرانو تەنانەت بێ گیانەکانیش، کەی لە تۆ دەوەشێتەوە دوعای شەڕو نەهامەتی لە خەڵکانێك بکەیت، گەر شایستەی نەبن؟ بەڵێ تۆ بە نووری نبووەتو بەو هێزەی لە ئیمانەکەتدا هەیەو، بەو زانستانەی خوای گەورە پێی بەخشی بوویت لە مرۆڤ ناسیو دەروونزانیو کۆمەڵناسی، یەك بەیەکی تاكو کۆمەڵگای مرۆڤت وەکو خۆیان دەناسیو، بەدانیشتنێكو چاوپێکەوتنێکت لەگەڵیاندا شارەزای تەواوی سروشتو ناخیان دەبوویتو، دەتزانی کە ئایا شایستەی هیدایەتو ڕێنمونیین، یان سەرکەشو یاخیو لە ڕێ لادەرن؟ لە خۆتەوە دوعای شەڕت لەیەکێ نەکردووە تا نەزانیت ناخی چی تێدایە، کاتێ ئەو کەسەی ئینکاری کردیتو پێت فەرموو: بە دەستی ڕاستت بخۆ، ئەویش وتی ناتوانم، تۆش فەرمووت: دەسا هەر نەتوانیت، ئەویش چیتر نەیتوانی ئەو

دەستەی بەرز بکاتەوە، بەو دانیشتنە بۆت دەرکەوت کە ئەمە مرۆڤێکی عینادو سەرکەشەو نوێنەرایەتی نەفسە یاخییەکان دەکات، دەبێ پەندو عیبرەت وەربگرێتو، ببێت بە وانەو ئامۆژگاری بۆ کەسانی تریش. واتە و بەو نووری نبووەتەی خوای گەورە پێی دابویت، دەتزانی ئەو کەسە لە داهاتوودا دەبێتە ژەهرێکی کوشندە بۆ کۆمەڵگاو، کەسانێکی زۆر بە هۆیەوە تووشی گومڕایی‌و هەڵدێرو تیاچوون دەبن، بۆیە پێوستە هەر لە ئێستاوە ئەو ژەهرە لە ناو کۆمەڵگادا بنبڕ بکرێت. دەنا ئەو میهرو شەفەقەتە بەرزەی لە تۆدا هەیە، کە خواوەند بە (رؤوف رحيم) وەسفی کردوویت، هەرگیز ڕێگە بەوە نادات دوعای شەر لە ئوممەتەکەت بکەیت. ئەوەتا دەیان کەسی خراپکارو گومڕای تر هەبوون، هیچ کات دوعای شەرت لێ نەکردن، جا یان لەبەر ئەوەی دەتزانی ئەمانە لە داهاتوودا بەو جۆرە نابن بە ژەهرو دەردو بەڵا بۆ خەڵکی، یان لەبەر ئەوەی دەتزانی ئەو کەسانە لە دواییدا بە نووری ئیمان بەهرەمەند دەبن‌و، دەبنە هەڵگری ئاڵای ئیسلام.

کاتێ نەتویستووە دوعای شەڕ لەیەکێ بکەیت یان هاوەڵانت ویستوویانە بیکوژن‌و تۆ ڕێگریت لێ کردوون‌و پێت فەرموون: نزیکە ئەم کەسە لە دوا ڕۆژدا هەڵوێستێك بنوێنێت دڵخۆشتان بکات. یان پلەو پایەو لێپرسراویت بە کەسێ داوەو بە یەکێکی ترت نەداوەو زانیوتە دنیا دەیخەڵەتێنێت. یەکێکت کردووە بە سوپاسالار کە تازە موسڵمان بووەو کەسێکی تریشت کردووە بە سەربازی ئەو کەسە کە لە سەرەتای بانگەوازەوە موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاندووە.

کەسێکت ناردووە بۆ کارێکی گرنگو زانیویشتە کە ئەو کەسە نایەتەوەو شەهید دەکرێتو ئەو کەسە خۆشی ئەوەی زانیوەو بەئەوپەڕی ئیخلاصو ئیمانەوە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە. سەد ووشتر دەدەیت بە کەسێكو هیچ نادەی بەکەسێکی تر، عوزرت لەیەکێ قبوڵ کردووە کە نامەی نهێنی ناردووە بۆ دوژمنەکانتو لێی خۆش بوویت. هەموو ئەم کارانەت بە خۆڕاییو گۆترەو هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو بە نووری نبووەتو هێزی ئیمانەکەت، بەو سیفەتو ناوانەی کە هی خوا خۆی بوونو خستبوونیە ناو بڕوانامەی نبووەتەکەتەوەو پێی کەرەم کردبوویت، بە هەموو ئەوانە یەك بەیەکی دۆستەکانو دوژمنەکانت دەناسییەوەو، دەتزانی چی لە بارياندايەو، چی دەتوانو چی ناتوانو، چییان پێ دەکرێتو چییان پێ ناکرێت. دەتزانی گەر دوعای دەوڵەمەند بوونی بۆ بکەیت لە خۆی بایی دەبێتو ناتوانێت زەکات بداتو، ووردە ووردە پێی دەخلیسکێت بۆ ناو نەفامیو، بێ دینیو، ڕەنجەڕۆی دنیاو ئاخیرەت دەبێ. یان پلەو پۆستی دنیاییت بۆ هەڵسوڕانی کاروباری موسڵمانان پێ نەدەدا، چونکە ئاییندەیت لەبەرچاو بوو کە پاش ماوەیەکی کەم ڕەنجەڕۆ دەبێت. لە یەکێکی تر خۆش دەبویتو عوزرت بۆ دەهێنایەوە چونکە دەتزانی شیاوی لێ خۆش بوونە.

بەڵێ خۆشەویستم ﷺ ئەگەر ئیمان بوو بە هەوێنی گیانمان ئەوا شتی نادیارو شاراوە دەبینین، بەرچاومان ڕوون دەبێتەوە، دوورمان بۆ نزیك دەبێتەوەو قورسمان بۆ سوك دەبێت، گەرممان بۆ سارد دەبێتو ساردمان بۆ گەرم دەبێتەوە، ئاومان بۆ ڕادەوەستێتو

ئاگرمان بۆ دەکوژێتەوە. هەوامان بۆ ژێربار دەخرێتو هارمان بۆ هێمن دەبێتەوە.

کاتێ لەبێ نرخیو پووچی خۆم دەڕوانم کە چۆن لەم کەشتییەدا نەمتوانی خزمەتێکی شایستە پێشکەش بکەم، ئاوات بەوجالّجالّۆکەیە دەخوازم کە توانی دەرگای ئەشکەوتەکەتان بۆ بتەنێت، کاتێ لە لەگەڵ یاری غارداو لەکاتی کۆچتان لە مەککەوە بۆ مەدینە لەوێ خۆتان شاردبوویەوە، حەزم ئەکرد یەکێ لەو کۆترانە بوومایە، کە هێلانەیان لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکەدا کرد بۆ ڕێ ونکردنی بێ باوەڕان. چەند خۆش بوو وەکو هەر بوونەوەرێك بمتوانیایە خزمەتێك پێشکەش بەتۆی خۆشەویست ﷺو بەرنامەکەت بکەم.

(٢٤)

ئەی سەروەرم ﷺ.. کاتێ مرۆڤە بەناو دانشمەندو بەناوبانگەکانی مەککە بەدەم بانگەوازەکەتەوە نەهاتن‌و، لەوێ دەریان کردیت، خۆ دەیانزانی تۆ حەقت پێیەو لە دەعواکەتدا ڕاست دەکەیت‌و پێغەمبەریت ﷺ، بەڵام بە هۆی عینادی‌و سەرسەختییانەوەو، لەبەر مەترسی نەمانی پێگەو ناوبانگیان، باوەڕیان پێ نەهێنایت‌و، ئازاریان دەدایت‌و، خەڵکیان لە دژت هان دەدا، تا ئەوەبوو لەو شارە هەڵیان بڕییت‌و ئاوارەو دەربەدەریان کردیت.

ڕۆژێك ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب‌و صەفوانی کوڕی ئوممەیە گورگێکیان بینی بە شوێن ئاسکێکەوە بوو، تا ئەوەی نزیکی حەرەمی کەعبە بوویەوە، لەوێ وازی لێ هێنا، ئەبوسوفیان‌و صەفوان هەردوکیان سەریان لەم کارە سوڕما، تا ئەوەی گورگەکە هاتە زمان‌و ووتی: بۆچی سەرتان سوڕ دەمێنێت؟ لەمە سەیرتر ئەوەیە کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵا ﷺ لە مەدینە بانگتان دەکات بۆ بەهەشت‌و، ئێوە بەدەم بانگەکەیەوە ناچن! ئەبوسوفیان بەصەفوانی ووت: سوێند بە لات‌و عوززا، ئەگەر ئەمە لە مەککەدا باس بکەیت کەسی تێدا نامێنێت‌و چۆڵ دەبێت. واتە ترسی ئەوەی هەبوو هەموویان بێن بۆ لای تۆی خۆشەویست ﷺ‌و موسڵمان ببن.

بەڵێ ئەو گورگە لە ڕاستیدا هاتووەتە زمانو ئاخاوتن. بۆچی لای مرۆڤی ئەم چەرخە، سەیرە کە گورگ یان هەر گیاندارێکی تر کە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، وەکو ئێمەی مرۆڤ قسە بکەن؟ ئایا ئەوانیش لە هەمان ئەو مەوادانە دروست نەبوون کە ئێمەی لێ پێك هاتووین؟ ئایا پێکهاتەی ئەوانیش بریتی نییە لە (گڵ)و (ئاو)و (هەوا)و (ڕووناکی)؟ ئایا وەکو مرۆڤ چاوو دەمو لوتو زمانو گەروییەکیان نییە؟ هەرکات خوای گەورە بیەوێت دەنگە ژێکانیان بەشێوەیەك دەخاتە کار کە وەکو مرۆڤ قسە بکەن. بۆچی باڵندەیەکی وەکو تووتی کاتێ ڕاهێنانی پێ دەکرێت لاسایی مرۆڤ دەکاتەوەو، هەمان ووشەکانی ئێمە دەڵێتەوە. کاتێ تووتی وابێت، گیاندارو باڵندەکانی تریش بە هەمان شێوە دەگونجێ قسە بکەنو بێنە ئاخاوتنی مرۆڤانە.

بەڵێ ئەی خۆشەویست ﷺ، وەکو پێشتر ووتمان دارو بەردو ئاژەڵەکانیش هەموو دەتناسنو دەزانن تۆ کێیت، بەدەم داواو بانگەوازەکەتەوە دێنو فەرمانبەردارتن. کاتێ نامەیەك دەدەیت بە سەفینە بیبات بۆ موعاذ لە یەمەن، شێرێك دێتە ڕێگای، ئەویش نامەکەی تۆی پیشان دەداتو خۆی پێ دەناسێنێت، دەڵێ من نێردراوی ڕەسولی خوام ﷺ. شێرەکە دەنگێکی لێوە دێتو ڕێگای بۆ ئاوەڵا دەکات. کاتێکیش سەفینە لەو سەرەوە گەڕایەوە هەمان شتی بە سەر هات، ئەوەبوو ڕێگای وون کردبوو، شێرەکەی پێ دەگات، بە شان هەڵتەکاندن ڕێنمایی سەفینە دەکات تا دەیخاتەوە سەر ڕێگاکەی خۆی.

بەڵێ گورگو شێرو بزنمژەو حوشترو باڵندەو جاڵجاڵۆکەو تەواوی گیاندارەکان، بگرە بێ گیانو مردووەکانیش، هەموویان تۆ دەناسنو، شایەتی بۆ سەلماندنی دەعواکەت دەدەن، کە لە ڕاستیشدا ئەو شایەتییەیان داوە. ئایا ئەوانەی باوەڕت پێ ناهێننو تەصدیقت ناکەن لەو ئاژەڵانە کەمتر نین؟ ئایا لە مردووی ناو گۆڕستان بێ گیان تر نین؟ ئەی مرۆڤ وورپابە دانەبەزیت بۆ ئاستی خوارتر لەو ئاژەڵانە.

کاتێ تۆی خۆشەویست ﷺ ئەم بانگەوازەت ڕاگەیاند، بە تەنها تەحەددای تاقمێك یان نەتەوەیەك یان چەند پێشەوایەکی ڕامیاری، یان چەند کاربەدەستێکی دیاریی کراوت نەکردووە، بەڵکو تەحەددای هەموو دەسەڵاتدارانو خاوەن ئاییەکانت بە گشتی کردووە. وە جگە لە خوای گەورە هیچ پارێزگارو پاسەوانێکت نەبووە، تەنانەت خزمو کەسەکانی خۆت وەکو مامو ئامۆزاو تیرەکەی خۆت دوژمنت بوون. کەچی سەرەڕای ئەم هەمووە دوژمنە زۆرو زەبەندەیەو، بۆ ماوەی بیستو سێ ساڵی ڕەبەق، بە بێ پاسەوان ژیانت بە سەر برد، کە لەو ماوەیەشدا چەندین هەڵمەت کراوەتە سەرت، کە مەبەستیان کوشتنو لەناوبردنت بووە، سەرەڕای هەموو ئەمانە گوێت بەکەس نەدەداو پشت ئەستوور بوویت بە خوای خۆت، کە بەڵێنی پێدا بوویت بتپارێزێت لە خەڵکی. ئەوەبوو هەموو قورەیش کۆبوونەوە بۆ کوشتنت، لە نێوان خۆیاندا دە کەسیان لە دە تیرە هەڵبژارد پەلامارت بدەن، خوای گەورە چاوی هەموویانی کوێرکرد لە ئاستتدا، تا لە بن دەستیانەوە دەرچوویت.

بە هەمان شێوە لە ئەشکەوتەکەش هاتنە سەرتان، چاویان کوێربوو لە ئاستتان. سوراقەی کوڕی مالیك هەرچوار پەلی ئەسپەکەی لە زەوی نوقوم بوو، نەیتوانی زەفەرتان پێ ببات. چەندین جار بە شمشێرەوە هەڵیان کوتاوەتە سەرت کە لەو کاتانەشدا تەنیا بوویت، نەیانتوانی زەفەرت پێ ببەنو بە فەرمانی خوا شمشێر لە دەستیان کەوتووەتە خوارەوە.

ئەگەر بۆ هەر سەرکردەیەك گونجا پەیامێك بڵاو بکاتەوە کە دژو پێچەوانەی بەرژەوەندی تەواوی وڵاتانی جیهان بێتو، خۆیانو تەختو بەختیان بێنێتە خوارەوەو، ئابوورییەکانیان هەرەس پێ بهێنێتو، بیروو باوەڕو پیرۆزییەکانیان لەناو ببات، ئەوانیش بێ دەنگ دابنیشنو دەستەوسان بن بەرامبەری، ئەوا دەبێت ئەم سەرکردەیە کەسێکی لە عادەت بەدەر بێت، ئەگینا ئەوە بۆ هیچ کەس مەیسەر نابێت.

دەی خۆ پەیامەکەی تۆ چقڵی چاوی دوو ئیمپراتۆرییەتی گەورەی وەکو فارسو ڕۆم بوو، تەختو بەختی ئەوانی هێنایە خوارەوەو سوپای چەند ساڵەی ئەوانی هەڵوەشاندنەوەو، دەرگای خەزێنەکانی ئەوانی شکاندو، ئابوورییەکەیانی لەناو بردو، تەواوی سەروەتەکەیانی خستە دەستی موسڵمانان. هێزی تۆ هێزێکی قودسی بوو، هیچ لەمپەرێك نەیتوانی ڕایبگرێتو بیوەستێنێت.

(٢٥)

ئەی سەروەرم ﷺ.. کتێبە ئاسمانییەکانو ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانەش کە ئەو کتێبانەیان بۆ هاتبوو، پاڵپشتو تەصدیقی پێغەمبەرایەتی تۆیان کردووە، هەروەها مژدەی هاتنی تۆیان بەنەوەی دوای خۆیان گەیاندووە. ئەمەش بۆ ئەوەی ئایینەکەی خۆیان لە هەڵوەشانەوەو تیاچوون بپارێزن. چونکە ناکرێت ئەو کتێبە گرنگانە کە ڕووداوە جوزئییەکانیان لەبیر نەکردووەو باسیان کردوون، ڕووداوێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتی کە خۆتو ئایینەکەتە باس نەکەنو تۆماری نەکەن. ئەوەتا کاتێ بە قورئان تەحەددای پێڕەوانی ئەو ئایینانە دەکەیتو دەفەرموویت: وەرن تەماشای تەورات بکەنو بیهێنن بزانن باسی منی نەکردووە؟ یان بانگهێشتی ئەوەیان دەکەیت کە خۆیانو ژنو ماڵو منداڵیان، لەگەڵ خۆت و ماڵ و منداڵت موباهەلەو مولاعەنە بکەن، گەر دۆڕاندیان، بێگومان کە دەیدۆڕێنن، دەبێ یان موسڵمان ببن، یان جیزیە بدەنو لەژێر سایەی دەوڵەتی موسڵماندا بژین.

لەگەڵ ئەم تەحەددا ڕوونو ئاشکرایەدا هیچ کام لە زاناو قەشەکانی جولەکەو گاورەکان نەهاتن هیچ شتێك دەربخەن کە پێچەوانەی ئەو ڕاگەیاندنەی تۆ بێت. خۆ ئەگەر هەر شتێکیان پێچەوانەی فەرموودەکەی تۆ لەبەردەستدا بوایە با زۆر کەمیش بوایە،

ئەوا ئەو جولەکەو گاورو مونافیقە یەکجار حەسودو سەرسەختانەی کە لە هەموو کاتو جێگایەکدا هەن، دەریان دەخستو ئاشکرایان دەکرد.

ئاشکراو ڕوونە کە یان دەبوایە شتێکیان بهێنایە پێچەوانەی ئەم تەحەددیەی تۆ بوایە، یان ئەوەیە دەبێ خۆیان بۆ شەڕو کوشتاروماڵکاولی ئامادە بکەن، کە تۆ وەکو لەمپەر لە سەر ڕێگای خۆت هەڵیان دەگریتو لایان دەبەیت.

جیهادی تۆ بریتیی بوو لە لابردنی ئەو لەمپەرە گەورانەی کە دەبوون بە ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی پەیامە بە نرخەکەتو، گەیشتنی بە دەستی خەڵکیی. دیارە ئەگەر شتێکیان دەست بکەوتایە تۆی پێ بێ دەنگ بکەن، دەیان هێناو خۆیان لە کوشتارو جەنگو کاولکاریو دەربەدەری قوتار دەکرد، ئەو کاتەش گیانی خۆیانو ماڵو منداڵیان پارێزراو دەبوو.

ئەو کتێبە ئاسمانیانەی پێشوو وەکو تەوراتو ئینجیلو زەبورو زوبورەکانی پێشینو، صحوفە ئاسمانییەکانی تر، لەکاتی هاتنی تۆدا سەرەڕای دەستکاری کردنی لەلایەن خەڵکەوە پڕبوون لە بەڵگەو تەصدیقی بانگەوازەکەت. زاناکانیشیان دانیان بەوەدا ناوە کە وەسفەکانی تۆ لە کتێبەکانی ئەواندا هەیە، وەك هەرقەلی پادشای ڕۆم، موقەوقیسی پادشای میسر، ئیبن صۆیاو، ئیبن ئەختەبو، کەعبی کوڕی ئەسەدی برایو، زوبەیری کوڕی باتیاو، غەیری ئەمانەش لە زانایانی جولەکەو سەرکردەکانیان، دانیان بەمەدا ناوەو وتویانە: وەسفەکانی تۆ لە کتێبەکانماندا هەیە.

زۆر کەسی بەویژدانو حەق ویست لەو زانا جولەکانە پاش بینینی ئەو بەڵگانەی کە لە کتێبەکانیاندا هەیە باوەڕیان پێ هێنایتو، موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، ئەوانیش عەبدوڵای کوڕی سەلام، وەهەبی کوڕی مونەبیهـ، ئەبویاسر، شامولی هاوڕێی توببەع، هەروەها توببەع خۆیشی پێش هاتنت باوەڕی پێت هێنابوو.

تیاچوونو بەربادی بوو بە بەشی جولەکەکانی بەنی نەضیر، چونکە ئیبن هەیبانی خواناس پێش هاتنی تۆ ئاگاداری کردبوونەوەو پێی ووتبوون: بەم نزیکانە پێغەمبەرێك پەیدا دەبێتو، کۆچ بۆ ئێرە دەکات، واتە کۆچ بۆ مەدینە، بەڵام ئەوان هیچ گوێیان بەو هەواڵە نەدابوو، لەئەنجامدا تیاچوونوماڵکاولی بوو بە بەشیان.

کۆمەڵێك زانای گاوریش بە هەمان شێوەی زانا جووەکان باوەڕیان پێ هێنایت، وەك نەستووری حەبەشەو، نەجاشیو، زەعاتیرو، حاریسی کوڕی ئەبوشەمری غەسسانی، کە زاناو سەرگەورەی ڕۆحانییەکانی شام بوو، هەرقەلو، ئیبن ناطوورو، جاروودو هاوچەشنیان. هەروەها سەلمانی فارسیو، ئوسقوفەکانی ناوچەی نەجران دوای ئەوەی وەسفی تۆیان لە کتێبەکانیاندا بینی باوەڕیان پێ هێنایتو موسڵمان بوون.

ناوی تۆ لە کتێبەکانی ئەواندا بە (مقيم السنة)و (فارقليت) واتە جیاکەرەوەی حەق لە ناحەقو، بەمانای محەمەدو ئەحمەد دێت. وەرگێڕەکانی ئینجیل ئەم وشەیەیان لەزۆربەی وەرگێڕانەکاندا لابردووە، چونکە زانیویانە بۆ موسڵمانەکان دەرکەوتووە کە مەبەست لەو وشەیە (محەمەدە) ﷺ. هەروەها بە ناوی موشەففەح،

مونحەمنا، حمیاطا، مازمار، ئوحەید، موامیت، کە هەموویان مانای محەمەد صلى الله عليه وسلم دەگەیەنن ناوی پیرۆزت هاتووە.

ئەوەتا ئەم ئایەتەی تەورات (سفر التثنیة ٢/٣٣) ئاماژەیەکی ڕوونی تێدایە بۆ هاتنت: ووتی پەروەردگار لە سیناوە هاتو لە ساعیراوە هەڵهاتو درەوشایەوە، لە چیای فارانیش حەق ئاشکرا دەکرێتو، لەلای ڕاستییەوە هەزاران مرۆڤی پاکی لەگەڵ دەبێت. فاران ناوی چیاکانی حیجازە.

حەزرەتی عیسا لە هەموو پێغەمبەرانی پێشین زیاتر باسی لە تەشریف هێنانی تۆی کردووە بۆ لای تەواوی مرۆڤایەتی بە گشتی، چونکە ئایینەکەی تۆ کە ئیسلامەو کتێبەکەی تۆ کە قورئانەو لەلای خوای گەورەوە پێت خەڵات کراون، حەزرەتی عیسا لە وتە نەشیاوەکانی یەهوودو بوهتانەکانیان بەرامبەر بە خۆیو دایکی پاك داوێنی ڕزگار دەکات. هەروەها ئایینەکەشی کە شەریعەتێکی لێبووردەیەو، شوێن شەریعەتە قورسە دەستکاریکراوەکەی ئەوانی گرتبووەوە، لە دەستکاریی کردنە ناشیرینو ناڕەواکانی ئەوان پاراست.

ئەو ئینجیلەی لەلایەن گەشتیاری بەناوبانگی تورك ئەولیا چەلەبی لە گۆڕستانی (شمعون الصفا) بینراوە کە لە پێستی ئاسکدا نوسراوەتەوە، ئەم ئایەتەی تێدابووە کە مژدەی هاتنی تۆ دەدات: (ئیتون) منالێك لە دایك دەبێت (ئازەربیون) لەنەوەی ئیبراهیم (بروفتون) دەبێتە پێغەمبەر (لۆغسلین) درۆزن نییە (بنت ئەفزولات) لەمەککە لەدایك دەبێت (کەکالوشیر) چاکەو ڕێنمایی بۆ خەڵك

دەهێنێت (تونومنین) ناوی پیرۆزی (موامیت) ئەحمەد، محەمەدە (ئیسفیدوس) ئەوانەی لەگەڵی دەبنو شوێنی دەکەون (تاکردیس) بناغەی ئەم دنیایەن (بیست بیث) خۆیشی سەرگەورەی ئەم جیهانەیە.

هەواڵی تەشریف هێنانت لە سەردەمی فەترەت دا لەلایەن کاهینو ئەولیاو خواناسانەوە تا بڵێی زۆرو زەبەندەو بەناوبانگن، لەوانە بوحەیرای ڕەبەن، شاتوببەع کە یەکێکە لە پاشاکانی یەمەن، قوسسی کوڕی ساعیدەی یەمانی، کە یەکتاپەرستو ڕەوانبێژترینی نێو عەرەبەکان بووە، سەیفی کوڕی ذی یەزەنی پادشای یەمەن، عەسکەلانی حیمیەری، ئیبونولعەلا، شیق، کە لەتە مرۆڤێك بووەو یەك دەستو یەك قاچو یەك چاوی هەبووە، سەتیح کاهینی گەورەی شام، سەوادی کوڕی قارببی دەوسی، خونافیرو ئەفعا لە پادشایانی نەجران، جیزلی کوڕی جیزلی کیندیو، ئیبن خەلصەی دەوسیو، فاتیمەی کچی نوعمانی نەجاریو، وەرەقەی کوڕی نەوفەل کە بەچاوی خۆت بینیتو مژدەی بوون بە پێغەمبەری پێداویت، سەعدی کوڕی بنت کریز کە خزمی حەزرەتی عوسمان بووەو هانی عوسمانی داوە تا باوەڕت پێ بهێنێت، هەموو ئەمانە مژدەی هاتنی تۆیان ڕاگەیاندووە، ئەمە جگە لەو دەنگانەی کە پێیان دەوترێت (هاتیف) دەنگێکی گەورەو بەرز بووەو سەرچاوەکەی نەبینراوە، هەواڵی هاتنی تۆی داوە.

هەروەها لە ئێستاشداو دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرەی کە بە سەر کتێبی پیرۆزی ویدا یان (ڤیدا)ی هیندۆسییەکاندا تێپەڕیوە، هێشتا بەڵگەی یەکتایی خوای گەورەو مژدەی هاتنی تۆی بەڕوونی تێدا دەخوێنرێتەوە. ئەوەتا دەڵێت: کۆتا پێغەمبەر دێت، ناوی باوکی

(ڤیژنویەئسە) واتە بەندەی خوا (عبدالله). وە ناوی دایکی (سومەتییە) واتە هێمن (ئامینە). لەشاری مەککە لەدایك دەبێتو لە ئەشکەوتی حیرا سروشی بۆ دێت، چوار هاوەڵی دەبێت، مەبەست لێیان چوار خەلیفە ڕاشیدەکەیە.

هەموو ئەم مزگێنیو هەواڵانە لەکتێبو لەوحی گشت پێغەمبەراندا هاتووەو، هەرچی ئایینی ئاسمانی ڕاستو دروستە، مزگێنی هاتنی تۆی سەرداری مرۆڤایەتییان بە هۆزو نەتەوەی خۆیان گەیاندووەو، ئایینی خۆیان لە شكو گومانو بەدرۆخستنەوە پاراستووە.

(٢٦)

ئەی سەروەرم ﷺ.. ئەی بەڵگەی حەق‌و ئەی چرای ڕاستی، تێکڕای گەردوون شایەتی ئەوە دەدەن کە تۆ پێغەمبەر ﷺو ڕەوانەکراویت بۆلای تەواوی مرۆڤایەتی.

یەکەمین بەڵگەو شایەت لەناو خودی نبووەتەکەتدا هەیە، کە وەکو خۆر وایت‌و بەڵگەیت لە سەر خۆت، دواتر ئایینەکەت کە ئیسلامەو، شەریعەتە پاک‌و خاوێنەکەت‌و، هەروەها ئیمان‌و باوەڕە توندوتۆڵ‌و مەحکەمەکەت‌و، بەندایەتی‌و خواپەرستییە مەزنەکەت‌و، پاڕانەوەو دوعا ناسک‌و نیانەکانت‌و، هەروەها ئەو حاڵەتەش کە کەس پێت نەگەیشتووە لە خواناسیداو، هەروەها ئەو باوەڕ بەخۆ بوون‌و چاونەترسانە لە هیچ شتێك، هەموو ئەم حاڵەتە دەراساو بێ وێنانە شایەتی دەدەن لە سەر ڕاستی‌و چەسپاویی بانگەوازەکەت، وە دڵنیات دەکاتەوە لە کارەکەت. لەبەر هەموو ئەمانەیە ڕۆژانە لە تەحیاتی نوێژدا لەلایەن جیهانی ئیسلامەوە بە ملێۆنەها زمان پیرۆزباییت لێ دەکەن‌و دەڵێن: (السلام عليك ايها النبي ورحمة الله و بركاته).

بەم کارەش ملکەچی خۆیان بۆ ئەرکی پێغەمبەرایەتی تۆ پێشکەش دەکەن‌و، ئەو مژدەیەش پشت ڕاست دەکەنەوە، کە تۆ سەبارەت بە بەختەوەریی هەمیشەیی فەرمووتە. ئەو بەختەوەرییە هەمیشەیی‌و خانەی هەتا هەتاییەی کە مرۆڤایەتی بە سروشت‌و ناخیان

بەدوایدا عەودالْن‌و، حەزێکی نەبڕاوەیەوە لەلایانو، مانەوەو نەمرییان دەوێت، ئیتر چۆن سوپاست ناکەن لە سەر ئەو مژدە خۆشانە.

دووەمین بەڵگەو شایەت، هەر شەش پایەکانی ئیمانە، کە هەریەك لەو پایانە ئەوانی تر دەچەسپێنێت‌و قایم‌و مەحکەمی دەکات. سەرجەمی ئەو بەڵگانەی پایەکانی ئیمان بەخواو کتێبەکانیو فریشتەکانیو ڕۆژی دواییو قەدەر دەچەسپێنن لەهەمان کاتیشدا دەبن بە بەڵگە لە سەر پایەی پێغەمبەرێتی کە تۆ دواین پێغەمبەرو سەرداری هەموویانیت ﷺ.

سێهەمین شایەت‌و بەڵگە پێغەمبەرێتیو نبووەتە کە گەورەترین بڕوانامەیە کە لەلایەن خوای گەورەوە خەڵاتت کراوە، لەگەڵ ئەو هەزار مەدالیای ڕێزلێنانە کە موعجیزەکانتە، لەوانە: دووکەرت بوونی مانگ بە ئاسمانەوە بەئاماژەی پەنجەیەکی تۆ. وە هەڵقوڵانی ئاو وەکو کانی لەنێو پەنجە پیرۆزەکانتەوەو، تێرئاو بوونی خەڵکێکی زۆر و شکاندنی تێنوێتییان لەو ئاوە. هەروەها یەکگرتنی قسەی دۆست‌و دوژمن لەوەدا کە تۆ لە لوتکەی ڕەوشت‌و ڕەفتارە بەرزو جوانەکاندا بوویت. ئەوانەی کە شوێنی ڕێی تۆیان گرتەبەرو، بەپلەکانی کەماڵاتدا سەرکەوتن، بە حق الیقین شایەتیت بۆ دەدەنو، تەصدیقی ڕەوشتە جوانەکانی تۆ دەکەن.

چوارەمین شایەت قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی بەیانە. ئەو قورئانەی کە ماوەی هەزارو چوارسەدو چل ساڵە بەیاسا توندوتۆڵو نەگۆڕەکانی پێنج یەکی مرۆڤایەتی بەڕێوەبردووەو ڕێنمایی کردوون.

ئەو قورئانەی کە ئەوساو ئێستاش‌و تا دنیاش دنیایە تەحەددای سەرجەم نەیارانی خۆی کردووە، کە ناتوانن هاوشێوەی بهێنن، با تەنها سورەتێکی کورتیش بێت، کەسیش نەیتوانیووە پرکێشی ئەوە بکات‌و، خۆی بدات لەو بوارە، مەگەر تەنها درۆو دەلەسەکانی موسەیلەمەی درۆزن، کە ئیدیعای پێغەمبەرێتی کردو چەند هەڵیت‌و پەڵیتێکی لەزار دەچووە کە خۆی‌و شوێنەکەوتووانی پێ ڕیسواو شەرمەزار بوون‌و، بەرەو دۆزەخی هەتا هەتایی بردن.

هەر شەش لاکەی قورئان هێندە نوورانین کەهەرگیز شوبهەو گومان ئاوێتەیان نابێت. ئەو قورئانەی کە ڕۆژانە بەئەوپەڕی شەوق‌و تاسەوە لە سەر زاری ملیۆنان کەسەوە دەخوێنرێتەوەو گوێی لێ دەگیرێت، تەنانەت ئەو نەخۆشانەی کە تاقەتی گوێگرتنیان لەهیچ کەس نیە، بە بیستنی قورئان هێمن دەبنەوەو ئارامییان بۆ دێت.

شایەتی پێنجەم (الجوشن الکبیر)ە، کە لە قورئانەوە هەڵقوڵاوەو، ئاماژە بە هەزارو یەك ناوی خوای گەورە دەکات. جەوشەن واتە (قەڵغان) ئەو موناجاتەیە کە حەزرەتی جیبریل لەبری زرێی جەنگ لەلایەن خوای گەورەوە هێنای بۆ تۆی خۆشەویست ﷺ، تا زرێکەی بەرت دابماڵیت‌و لەبری ئەوە، ئەو دوعایە بخوێنیت. ئەو جەوشەنە بەشێوەیەك وەسف‌و سەناو ستایشی پەروەردگار دەکات، بەرزترە لە موناجاتی هەموو ئەو خواناسانەی کە بە پلەکانی خواناسیدا سەرکەوتوون. ئەم جەوشەنە دەبێت بە شایەتێکی ڕاست‌و دروست لە سەر پێغەمبەرایەتی تۆ ﷺ.

شایەتی شەشەم پەیامەکانی نوورە، کە لە قورئانی پیرۆزەوەو لەلایەکی تریشەوە لە ڕێژنەی (الجوشن الكبير)ەوە بەهرەمەند بوون، بە هەر سەدو سی پەیامەکەوە، یەکێکن لەو بەڵگانەی تەصدیقی پێغەمبەرایەتی تۆ دەکەن. ئەم پەیامانە کە میهری خوای گەورەن‌و ئیلهام کراون بۆ سەر دڵی زاناو عاریف‌و موجەدیدی سەردەم، بەدیعی زەمان سەعیدی نوورسی، بە شێوازێکی ئەوەندە بەرز و مەنتیقی نووسراون، سەرجەم ڕاستییەکانی پێغەمبەرێتی تۆیان ﷺ چەسپاندووەو، دەمی ئەو فەیلەسوفانەشیان داخستووە کە وەسوەسەو گومانیان لە سەر کۆمەڵێك بابەتی ئیمانی ووروژاندووە، ئەم پەیامانە بەو پەڕی ئاسانی خوێنەرانیان لێ تێگەیاندوون‌و، دەریان خستووە کە هێندە بەلای ژیرییەوە ڕاست‌و ڕەوایە دەڵێی بەچاو دەبینرێت.

شایەتی حەوتەم (ڕابووردوو)ە کە شایەتێکی هەمەکییە لە سەر پێغەمبەرێتییەکەت ﷺ، چونکە ئەو ئیرهاصانەی کە چەند ڕووداوێکی دەراسان‌و پێش پێغەمبەرێتی تۆ ﷺ ڕوویان داوە، بە موعجیزەی تۆ دادەنرێن‌و تەصدیقی پێغەمبەرێتییەکەت ﷺ دەکەن. وەك ناردنی باڵندەی ئەبابیل بۆ بەردەباران کردنی سوپای ئەبرەهە کە بۆ ڕووخاندنی کەعبە هاتبوون. هەروەها دارمانی بتانی کەعبە لەشەوی لە دایك بوونتداو ڕوخانی دیواری کیسراو کوژانەوەی ئاگری مەجوس‌و چەندین ئیرهاصی تریش پێشتر ئاماژەمان پێداون.

شایەتی هەشتەم (داهاتوو)ە کە بە هەمان شێوەی ڕابووردوو شایەتە لە سەر پێغەمبەرێتییەکەت ﷺ. هەموو ئەو ڕووداوانەی لە

ژیانی خۆتدا دەربارەی ئالی بەیتو هاوەڵە بەڕێزەکانو، فتوحاتو، شەڕی نێوان تایفەی موسڵمانانو، هەواڵی زۆرو زەبەندەی تریش، کە هەواڵیانت ڕاگەیاندبوو، لە دوای وەفاتی خۆت هەموویان هاتنەدیو ڕوویاندا.

شایەتی نۆهەمیش لە سەر بەڵگەی پێغەمبەرێتی تۆ ﷺ، ئالی بەیتەکەتە، کە پلەی (علماء امتی کأنبیاء بنی اسرائیل)یان بەدەست هێناوە. لە سڵاواتی تەحیاتی نوێژدا هاوشانی ئالی ئیبراهیمن سەلامی خوایان لێ بێت. وە بریتین لە ئەولیا مەزنەکانو دوانزە ئیمامەکان لەپێشەنگیانەوە ئیمامی عەلیو حەسەنو حسێنن، خوا لێیان ڕازی بێتو، شێخی گەیلانیو، ئەحمەدی ڕەفاعیو، ئەحمەدی بەدەویو، ئیبراهیمی دەسوقیو، ئەبولحەسەنی شازلی (قدس الله اسرارهم)، وە هەروەها ئەقتابو پێشەوا مەزنەکانی هاوچەشنیان، هەمویان بەیەکدەنگیو لەڕێی باوەڕی دامەزراوی یەقینیو بەکەشفو بینینو کەراماتو ڕابەرایەتیی ئەم نەتەوەیەیان، شایەتیت بۆ دەدەنو تەصدیقی پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ دەکەن.

شایەتی دەهەم بریتییە لە شایەتیدانی ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە لە دوای پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لەهەموو کەس بەڕێزترنو پلەو پایەیان بەرزو بڵندترە.

شایەتی یازدەهەم بریتییە لە شایەتیی هەزاران لێکۆڵەر لە موجتەهیدانو، پێشەوا مەزنەکانو، زانایان، کە تێکڕا ناوی ئەصفییاو صدیقانیان لێ نراوە. هەروەها شایەتیی فەیلەسوفە موسڵمانە زیرەکەکانی وەکو ئیبن سیناو ئیبن ڕوشد، کە وێڕای جیاوازی ڕێبازی

هەریەکەیان لەوی تریان، کەچی ئیمانی مەنتیقیو عەقڵییان هێناوەو لەمەشدا پشتیان بە هەزاران بەڵگەی گومانبڕو دامەزراو بەستووە، هەتا گەیشتوون بە پلەی علم الیقین.

شایەتی دوازدەهەم بریتییە لە شایەتیدانی هەموو ئەو ئەقتابانەی کە هەریەکەیان بەشێکی گرنگی نەتەوەی ئیسلامیان لەناوەندی حەڵقەی دەرسو بازنەی ئیرشادیاندا کۆکردووەتەوە.

شایەتی سیازدەهەمیش بریتیە لە چوار بەڵگەی گومانبڕ ئەوانیش کەسانی بەناوبانگی گرۆی ئادەمیزادن لە سەردەمە پێشینەکاندا، لە پێشەنگیانەوە پێغەمبەرە بەڕێزەکانن سەلامی خوایان لێ بێت. دوای ئەوانیش خواناسانو کاهینەکانو هاتیفەکانن کە بەیەکگرتوویی هەواڵی هاتنی تۆی ئازیزیان ﷺ ڕاگەیاندووە. ئەم هەواڵدانەشیان پێی دەوترێت ئیرهاصات.

شایەتی چواردەهەمیش بریتییە لە شایەتیدانی گەردوون. بە کورتی هەروەك چۆن گەردوونو هەرچی لەناویدا هەیە بەڵگەیە لە سەر بوونو یەکتایی خوای گەورە، بە هەمان شێوەش دەبێت بە بەڵگە لە سەر پێغەمبەرایەتی تۆی خۆشەویست ﷺ. چونکە کتێبێکی ناوازەی وا گەورە، دەبێت مامۆستایەك هەبێت ڕاڤەی بکاتو ئایەتەکانی لێك بداتەوەو بە سەرنشینانی خۆی بناسێنێتو ئامانجەکانی بەدیهێنەریش بە خەڵکی ڕابگەیەنێت، بێگومان ئەو مامۆستایەش تۆیت، ئەی جێی شانازی مرۆڤایەتی ﷺ.

شایەتی پازدەهەمیش بریتییە لەو هەموو ئاڵوگۆڕو وەستانو ژیانو مردنو هەڵسوکەوتەکانی تری هاوچەشنیان لەکاروبارە

خواییەکان کە لە گەردووندا بەڕێ دەچن، دەبنەوە بە بەڵگە لە سەر پێغەمبەرێتی تۆی خۆشەویست ﷺ.

حەقیقەتی تۆ ﷺ تۆوی ئەسڵیی درەختی گەردوونەو هۆی دروستکردنی پێشکەوتووترین بەروبوومیەتی. پەروەردگاری جیهانیانیش ئەو کەسایەتییە مەعنەوییەی تۆی کردووە بە بانگەوازکارێکی بەرزو بڵند کە خەڵکی بەرەو دەسەڵاتداریی پەروەردگارێتی ئەو بانگ بکات، ڕاستیو گرێ کوێرەی بوونەوەرانو، مەتەڵی بەدیهێنانیان بۆ ڕوون دەکەیتەوەو، بۆیان شی دەکەیتەوە.

دەسا زەرەرمەندیی بۆ ئەو کەسەی کە باوەڕ بەو بەڵگە زۆرو ڕاستییە ئاشکراو ڕوونانەدا نانێتو بایەخت پێ نادات. ئەو کەسانە شوێن هەواو ئارەزووی دەروونیان کەوتوونو غەفڵەت سواری پشتی خۆی کردوون، دەستبەرداریان نابێت تا لە لێواری گۆڕدا بە دەستی بەتاڵەوە بە جێیان دەهێڵێت.

(٢٧)

ئەی سەروەرم ﷺ.. هاتن‌و تەشریف هێنانت بۆلای تەواوی مرۆڤایەتی ڕووداوێکی ئەوەندە گەورەیە پەیوەندی بە تەواوی گەردوونەوە هەیە. حیکمەتی بەدیهێنان‌و مەتەڵی سەرسوڕهێنەری جیهانت شیتەڵ کرد، جیننی‌و ئادەمیزادت بۆ ڕێگای ڕاست‌و بەختەوەریی هەمیشەیی ڕێنمایی کرد. دەبێ هەموو شتێك‌و هەموو جۆرێك و هەموو تیرەیەکی بوونەوەران، لە تاسەی هاتنتدا بن‌و بەوپەڕی گەرمییەوە چاوەڕێت بکەن‌و خۆیان بۆ پێشوازییت ئامادە بکەن، هەموو پێکەوە دەڵێن‌و دەیڵێین: یاخوا بەخێر بێیت سەر سەرو سەر چاومان.

لولاك لولاك لما خلقت الافلاك، واتایەکی ئەوەندە ڕاستە هیچ شك‌و گومانێك هەڵناگرێت، چونکە کاتێ خوای گەورە ئەم گەردوونەی لە نەبوونەوە بەدیهێنا تەماشای دەکردیت‌و چاوی لێت بوو، بە دڵنیاییەوە ئەگەر تۆی دروست نەکردایە گەردوونیشی دروست نەدەکردو شتێك نەدەبوو بە ناوی گەردوونەوە. (أول ما خلق الله نور نبيك يا جابر).

پەروەردگاری هەموو جیهانەکان بە زانستی ئەزەلیی خۆی دەیزانی، کە تۆی خۆشەویست ﷺ بە ناوی سەرجەمی گرۆی مرۆڤەوە، بەڵکو بە ناوی سەرانسەری بوونەوەرانەوە، داوای

بەختەوەریی هەمیشەیی‌و بەهرەمەندبوون بە یەکێك لە درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانی خۆی دەکەیت. ئەویش ئەو دوعا مەزنەی لێ وەرگرتیت‌و ئەم جیهان‌و گەردوونەی لە نەبوونەوە بەدیهێنا. جا دەکرێت دوعایەکی وا بەم گەورەیی‌و فراوانییەی خۆیەوە قبولْ نەبێت؟

ئەو دوعایەی تۆ کردت تا ئەم ڕادەیە هەمەکێتی‌و فراوانی‌و بەردەوامیی بەدەست هێناوە، تا گەیشتووەتە پلەی دوعای (زمانی تواناو لێهاتن)و (پێداویستی فیتریی). کەواتە لەبەرەنجامی ئەم دووعایەوە بوو، کە ئەو پلەو پایە بەرزو بلْندەت بەدەست هێنا، کە ئەگەر سەرجەمی ژیرییەکان بۆ پەی بردن بە حەقیقەتی ئەو پلەیە کۆببنەوە هەموویان تیایدا دەستەوسان دەمێنن‌و، لەوەش تێ ناگەن کەبۆچی خوای گەورە لەبەر تۆ گەردوونی بەدی هیناوە.

ئەوە تۆیت کە بوویت بە سەرگەورەی هەموو جیهان‌و، وا ماوەی هەزارو چوارسەدو چل ساڵەو، لە هەموو سەردەمێکدا ملیۆنەها کەس شوێنت دەکەون‌و، بە دلْ‌و بە گیان ڕێنماییەکانت وەردەگرن‌و، هەموو ڕۆژێك پەیمانت لەگەلْ نویْ دەکەنەوەو، فەرمانەکانت جیْ بەجیْ دەکەن. دۆست‌و دوژمن شاهیدی ئەوەن کە لەهەموو کەس پایەبەرزترو گەورەترو بە ڕەوشت ترو ئازاترو سەخی ترو جوامێرترو دەستپێوەگرترو ئارامگرتر بوویت‌و، ئازایەتییەکەت بە شێوەیەك بووە کە پاڵەوانی وەکو ئیمامی عەلی کە بە شێری خوا ناسراوە، دەگێڕێتەوە کە لەکاتی تەنگانەو ترسدا پەنایان بۆ تۆ هێناوەو، خۆیان بە تۆ پاراستووە.

شەریعەتەکەت ئەوەندە دەستوورو یاسای جوانی تێدایە، بووە بە مایەی بەختەوەریی دنیاو قیامەتی مرۆڤ. تۆ بوویت کە حەقیقەتو ماهییەتو ناوەڕۆکی گەردوونت شی کردەوەو، ئامانج لە دروست بوونی جیننیو مرۆڤت بۆ هەموان ڕوونکردەوەو، ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆیانت بۆ دەستنیشان کردن. ئەوەتا سەدانو هەزاران فەیلەسوف کە دواییینەکانیان سود لە پێشینەکانیان وەردەگرن، بە شوێن ماهییەتی مرۆڤەوەنو لەهەموو چەرخو سەردەمێکدا شان بەشانی ڕێڕەوی پێغەمبەرێتی سەرهەڵدەدەن، هێشتا ئیشراقییەکانیان لە سەدا یەکی حەقیقەتی گەردوونو ئامانجی بەدیهاتنی مرۆڤیان بۆ خەڵکی شی نەکردووەتەوە. خۆ هەر ئەوە مەپرسە لە مادییەکانیان، کە مرۆڤ بە ئاژەڵێکی گۆیا وەسف دەکەنو، ئامانج لە بەدیهاتنی دەخەنە ناو کایەی مشتومڕو ململانێو، بەرژەوەندی کەسیو، مانەوە بۆ بەهێزەکان.

(٢٨)

ئەی سەروەرم ﷺ.. هیچ کات خۆتو هاوەڵەکانت پشتتان نەکردە یاساکانی گەردوونو تەنها قسەو گوفتار بکەن بە مەسلەکی ژیانتان، بەڵکو هاوسەنگیتان خستە نێوان شەریعەتی گەردوونو شەریعەتی کەلام کە قورئانی پیرۆزە. ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرد، بە کردەیی ئەنجامتان دەداو دووعاو نزاکانیشتان دەکرد بە قەڵغان بۆی. کاتێ فەرمانی تێکۆشانت ڕاگەیاند خۆتو هاوەڵەکانت لەماڵەوەو لە سەر ئاوریشمو حەریر دانەنیشتن تا بخۆنو بخۆنەوە، بەڵکوو شمشێرەکانتان تیژ دەکردەوەو، کڵاوخودو زنجیرتان هەڵدەگرتو، تەوەکولتان بەخوا دەبەستو، دەچوون بۆ گۆڕەپانی جەنگ. کاتێ دەوڵەتیشتان ڕاگەیاند چەکتان لە فارسەوە بۆ نەهاتو پارە لە ڕۆم! بەڵکو دەوڵەتێکی ڕەسەنی تۆکمەی بناغە بەهێزی واتان دامەزراند، کە ئابووریەکەی خۆماڵیو چەکی ناوخۆییو هێزی بازووەکەی پیاوانێك بوون، گیانوماڵیان خستە سەر لەپی دەستیانو پێشکەش بە تۆیان کرد، دواتر وەکو چیا لە زەویدا داکوترانو، یەك کەسیان بەرامبەر بە دەکەسو سەد کەسو هەزار کەس وەستانو، هیچ ڕەشەباو زریانێك نەیتوانی بیانچەمێنێتەوە.

کێ هەیە لە تۆ میهرەبان تر بێت، کە بوویت بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ڕەحمانو ڕەحیمییەتی خوای گەورە. تۆ بە ڕەحمەت نێردرایت بۆ لای مرۆڤایەتی ئەی خۆشەویستی خوا ﷺ.

موعجیزەی لەتبوونی مانگت پیشانی سەرنشینانی گۆی زەوی داو میعراجیشت بۆ ئاسمان نشینەکان بوو. کاتێ بێباوەڕانی قورەیش سەردارمان حەزرەتی ئەبوبەکری صددیق بەگیر دەهێننو پێی دەڵێن: هاوەڵەکەت ئەڵێ ئەم شەو چوومەتە بەیتولمەقدیسو لەوێشەوە بۆ ئاسمانەکان، ئایا بڕوای پێ دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ ئەو هەرچی بفەرموێت من باوەڕی پێ دەکەم، بەوەش نازناوی صددیقی پێ بەخشرا.

ئەو کاتەی پەنجەت بۆ مانگ ڕاکێشاو فەرمانی دوو لەت بوونت پێ کرد، لەکاتی شەوداو لەکاتی بێ ئاگایی خەڵكو لەبەردەم چەند ملهوڕێکی سەرسەختدا بووە، کە ئینکاریی پێغەمبەرایەتی تۆیان ﷺ کردووە. ئەو ڕووداوەش بۆ ماوەیەکی کاتییو کەم بووە، تا ئەو چەند کەسە ملکەچ بکەنو لە سواری ئەسپی سەرکەشیو عینادییەوە بێنە خوارەوە، یان باوەڕ بێنن کە تۆ پێغەمبەرێکی حەقیتو، لەلایەن خواوە ڕەوانە کراویت، یان بێ دەنگ بنو، چی تر نەتوانن دەعوای پێغەمبەرێتیت ﷺ پوچەڵ بکەنەوە.

ئەو ڕووداوە ئەوەندە ئاشکراو ڕوونو حەق بووە، ئەو کافرو ملهوڕانە نەیانتوانیوە ئینکاریی بکەنو بڵێن شتیوا ڕووی نەداوە، چونکە ئەگەر بیانوتایە کتێبەکانی مێژوو باسیان دەکرد. بەڵام سروشتی کەسانی عینادو سەرسەخت وایە، کاتێ بیانەوێت پێچ لێ

بدەنو بەڵگە نەسەلمێنن، بڕووبیانووی نابەجێو قسەگەلێك دەكەن كە خۆشیان باوەڕیان بەو قسانەی خۆیان نەبێت. ئەوەبوو ووتیان سیحرمان لێ كراوە. واتە تۆ بە سیحر مانگت لەبەر چاوی ئەوان كردووە بە دوولەتەوە. بەڵام كاتێ بەیانیی كاروان لەیەمەنو شوێنەكانی ترەوە هاتنەوە، كافرەكان لەخەڵكی كاروانەكەیان پرسی ئایا دیاردەیەكی واتان بینیوە، ئەوانیش ووتیان بەڵێ، ئەمشەو كاتێ لە ڕێگادا بووین، بەچاوی خۆمان بینیومانە مانگ بە ئاسمانەوە دوولەت بووە. ملهوڕەكان دوای ئەوەی هیچیان بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێت كە بە بێ ئەدەبی وتیان: سیحری هەتیوەكەی ئەبوتالیب گەیشتووەتە ئاسمانیش.

ئەو موعجیزەیەی كە لە سەر دەستی تۆی ئازیزدا ڕوویدا، هیچ شكو گومانێك هەڵناگرێت، چونكە موتەواتیرو قەتعیو بێ گومانەو، كۆمەڵێكی زۆر لە كۆمەڵێكی زۆرەوە بە ئێمەیان گەیاندووەو، مەسەلەیەكە لە شتە گونجاوەكان (الممكنات)، نەك لە نەگونجاوەكان (المستحیلات)، وەك ئەوەی دەگونجێت چیایەك بە تەقینەوەی گڕكانێك لەت ببێت.

ئەم موعیزەیە بۆ ئەوە پیشانی خەڵكی نەدراوە تا ئیمان بهێنن، چونكە ئیمان هێنانو قبوڵكردنی ئایین هەڵبژاردنەو، زۆركردنو سەپاندنی تێدا نییە. چونكە لەئیمان هێنانو تەسلیم بووندا ئیختیار لە مرۆڤ وەرناگیرێتەوە، ئایینیش تاقی كردنەوەیە، دەبێ خەڵوزو ئەڵماس لە یەكتری جیاببنەوە. پاشان ئەگەر ئەو موعجیزەیە لەهەموو جێگایەكو بە ڕوونی ڕووی بدایە، ئەوا خەڵكی ناچار دەكرد بۆ باوەڕ

هێنان، ئەمەش لە حیکمەتی ویستو ئیختیار دادەگرێتە خوارەوە، کە پێچەوانەی ویستی خوای گەورەیە.

هەروەها ئەگەر ئەو موعجیزەیە دوو کاتژمێر بەردەوام بووایەو خەڵکی جیهان هەموویان بیان بینیایە، لەکتێبەکانی مێژوودا تۆمار دەکرا، ئەو کاتە کافران دەیان ووت: ئەمە دیاردەیەکی گەردوونیی ئاساییە، وەك گیرانی خۆرو مانگو نەدەبووە موعجیزە لە سەر ڕاستیی پێغەمبەرییەکەت ﷺ. بەڵام ئەم موعجیزەیە بە شێوەیەکی کاتیو لەکاتی بێ ئاگاییدا ڕوویداوە، کە هەموو کەسو لە هەموو جێگایەکدا نابینرێت.

ئەگەر وترا بۆچی مێژووی ئینگلتەراو چینو ژاپۆنو ئەمریکاو وولاَتانی تر باسی ئەم ڕووداوەیان نەکردووە؟ ئەوا دەبێ بزانرێت کە جیاوازی شوێنەکانو کیشوەرەکانو هەڵاتگەکان، کە لە هەندێ شوێن ڕۆژ بووەو لە چەندین شوێنی تر هەورو باران بووەو، نەبوونی هیچ تەکنەلۆجیایەکی وەکو تەلیسکۆبو، مانگە دەستکردەکانو، کامێرا زۆرو زەبەندەکان، هۆکاری باس نەکردنی ئەم موعجیزەیە بوون. چونکە وڵاتێکی وەك شانشینی بەریتانیا پەڵە هەوری نەزانی ئاسمانی ئەوانی داپۆشی بوو، لە ئیسپانیاش کات لە خۆرئاوا بووندا بووە، ئەمریکاش لە ڕۆژی ڕووناکدا بوونو لە چینو ژاپۆنیش تازە سپێدەی بەیانی بووە، لە شوێنەکانی تریش ڕێگریو هۆکاری تر هەبوون تا ئەم موعجیزەیە نەبینرێت.

ئەم موعجیزەیە دیاردەیەکی گەردوونیی ئاسایی نییە، وەکو گڕکانو بوومەلەرزەو خۆرو مانگ گیرانو تسۆنامی، کە دەکرێ ئەمانە

لەهەموو سەردەمو بارودۆخێكو لە هەر جێگایەكی سەر زەوی ڕوویدەن، بەڵام بە ویستی خوای گەورە، نەك ئەوەی سروشت لە خۆیەوەو بە بێ ویستی خوای گەورە ئەم كارە بكات. چونكە سروشت كارتێكراوە نەك كاریگەر، چاپخانەی خواییە نەك چاپكەر.

موعجیزەی لەت بوونی مانگ ڕووداوێكە بازی داوە بە سەر هەموو یاساكانی گەردووونداو، جارێكی تر دووبارە نابێتەوە، وەكو خۆرو مانگ گیران. ئەمەش لە پێناوی تەصدیق كردنی پەیامەكەی تۆدا بووەو پشتیوانی لە دەعواكەی تۆ بووە، كە دەعوایەكی ڕاستو دروستەو، خۆشەیستو نێردراوی ئەو خوایەیت كە یاسا ئاساییەكانی خۆیت بەم شێوەیە بۆ دەگۆڕێت.

ناكرێت ئەم موعجیزەیە لە هەموو جێگایەكدا ببینرێتو بەدیاردەیەكی گەردوونیو ئاسایی وەربگیرێت، چونكە ئەو كاتە دەعواو بانگەوازەكەت نەگەیشتبووە ئەو شوێنو وڵاتانەو، پێویستی نەدەكرد ئەوان ببینن. ئەمە جگە لە ڕێگری بینین وەكو جیاوازیی هەڵاتگەكانو پەڵە هەورو مانگ هەڵنەهاتن لەهەندێ وڵاتداو خۆر هەڵاتن لە هەندێكی ترو، خۆرئاوابوون لەهەندێك شوێنی ترو، بوونی ڕۆژی ڕووناك لە هەندێكی تریاندا، هۆكاری نەبینینی لەت بوونی مانگ بوون لە هەموو شوێنێكدا.

(٢٩)

ئەی سەروەرم ﷺ.. سوننەتی خاوێنی تۆ ئەوەندە پڕ فەڕو بەرەکەتە، هەرکەس لەم چەرخە نەخۆش‌و پڕ لە زووخاوەدا کە بیدعەت پەرەی سەندووەو زاڵ بووە بە سەر بیروباوەری خەڵکیدا، دەستی پێوە بگرێت‌و شوێن پێکانت هەڵبگرێت، ئەوا پاداشتی سەد شەهیدی هەیە کە لە پێناوی خوادا خوێنی خۆیان بەخت کردبێت. چونکە ڕەچاوکردنی سوننەتەکانت تەقوایەکی مەزن‌و ئیمانێکی بەهێزی دامەزراو دەگەیەنێت. شوێنکەوتنت واتە خۆشەویستی، لەهەمان کاتدا چاودێریی پەروەردگار لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکات.

سوننەتە پیرۆزەکانیشت سێ سەرچاوە لەخۆدەگرن: گوفتارە پیرۆزەکانت، کردارە جوانەکانت، حاڵەتەکانت، کە ئەوانیش فەرزو سوننەت (النوافل)و دابە ئاساییەکانن (العادات).

سەعدی شیرازی قوتابی ڕێگای سوننەت، ئاماژەی بەوە داوە، کە مەحاڵە لە دەرەوەی ڕێگاکەی تۆوە کەس بگات بە پلەی کەماڵی مرۆڤانە. چونکە بە یەکدەنگی دۆستان‌و دوژمنان، تۆ خاوەنی بەرزترین پلەکانی ڕەوشت جوانی‌و، هەڵبژاردەی نێوان گرۆی مرۆڤیت‌و، بەناوبانگترین کەسێتیت لەناویاندا. هەروەها لە هەموان کامڵتریت‌و، قورئانت بە تەواوی لە خۆتدا بەرجەستە کردووە. ملیۆنان

مرۆڤ بە هۆی شوێنکەوتنی تۆوە گەیشتن بە پلەی کەماڵی ڕاستەقینەو بوون بە ئەقتابو ئەستێرەی ئاسمانی مرۆڤایەتی.

هەرکەس شوێن سوننەتەکانت بکەوێت ئەوا بەختەوەریی دەستی خۆی خستووە، وە هەرکەسیش لەبەر تەمەڵی نەیتوانیوە شوێن پێکانت هەڵبگرێت، ئەوا زەرەرو زیانێکی زۆری کردووەو شتی زۆری لە کیس چووە. بەڵام هەرکەس ڕەخنەی لێ بگرێتو خوانەخواستە بە درۆی بخاتەوە، وەکو چۆن تاقمێك پەیدا بوون ئینکاری سوننەتی تۆ دەکەن، ئەوا سەریان لە گومڕاییەوە دەردەچێتو تیاچوون دەبێت بە بەشیان.

ئەو کەسەی دەیەوێت هەموو عادەتەکانی ڕۆژانەی بکات بە عیبادەت، با سوونەتەکانی تۆ بکات بە عادەتو دابی ژیانی. چونکە بە شوێن کەوتنی تۆ ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە شەریعەتێکی پاكو پیرۆزت هێناوە، بەمەش دڵی وابەستەی خاوەنی ڕاستەقینەی شەرع دەبێتو، دڵنیاییو ئاسوودەیی دەڕژێتە ناو دڵییەوە.

ئەو کەسەی دەست بە سوننەتی بەرزو پیرۆزی تۆوە دەگرێتو دەیکات بە بناغەی کارەکانی، شایانی پلەی مەحبوبیەتە لەژێر سێبەری تۆی خۆشەویستی خوادا ﷺ. وە بەرزترینو گەشاوەترینو ناسکترینو ئارامترینی چینەکانی ئەولیا، ئەوانەن کە شوێنکەوتنی سوننەتی پیرۆزی تۆیان کردووە بە بناغەی تەریقەتەکانیان.

ڕەچاو کردنی ئاسایی ترین ڕەویەی تۆ وەکو ئەو قیبلەنمایە وایە کە ڕووکاری کەشتییەکانی ناو دەریا دەستنیشان دەکات. وە

هەریەکەیان وەکو چرایەك وایە چەندین ڕێی تاریکو زیانبەخشی لەژمارەبەدەر ڕووناك دەکاتەوە.

هەرکەس دەست بە سوننەتی پیرۆزی تۆوە بگرێت، هەست بە لەش سوکی دەکاتو کۆڵە قورسەکانی سەرشانی لادەچێتو، لەپەژارەو وەسوەسەو دوودڵی ڕزگاری دەبێت. وە هەرکەسیش پشتیان تێ بکاتو دەستیان لێ هەڵبگرێت، شەپۆلی گێروگرفتەکانی زیاد دەکاتو، ڕێگا نەزانراوەکانیشی زیاتر سەختو پڕ هەڵەتو تەماوی،و، کۆڵەکانیشی قورستر دەبن.

خوای گەورە پێتی فەرموو: ئەگەر گومڕایان گوێ لە قورئان ڕانەگرنو پشت لە شەریعەتو سوننەتی تۆ هەڵ بکەن، تۆ خەمیان پێ مەخۆ، بەڵکو بڵێ: تەنها خوای گەورەم بەسەو سەرو زیادمە. هەر ئەو جێگای نیازمەو پشتی پێ دەبەستم، لەبری ئێوە کەسانی ترم بۆ پەیدا دەکات شوێنم بکەون. بەڵێ گەر ئێمەش دەستت لێ هەڵبگرین ئەوا نەوەکانی دوای ئێمە دێنو بەوپەڕی ئیخلاصو لێبڕانەوە شوێنت دەکەونو گیانی خۆیان لەپێناوی ئەو شەریعەتە پاكو بێگەردەدا بەخت دەکەن کە تۆی خۆشەویست ﷺ هێناوتە.

بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز ئەگەر خوامان خۆش بوێت، دەبێ شوێنی تۆ بکەوین کە خۆشەویستی خوایت ﷺ. خۆ ئەگەر شوێنت نەکەوین، ئەوا بە هیچ جۆرێك خوامان خۆش نەویستووەو نەمان ناسیوە. چونکە خۆشەویستی خوا شوێنکەوتنی سوننەتی خۆشەویستەکەی ﷺ بەرهەم دەهێنێت.

ئەوە چ زەعمێکە باسی خواناسی دەکرێت لە دەرەوەی خۆشویستنی تۆوە؟ گروپگەلی جۆراوجۆر بە ناوی ڕۆشنگەرییەوە دێنە مەیدان، عەقڵی کورتبڕیان لەدەرەوەی بازنەی سروشەوە کردووە بە ڕابەرو دەمڕاستی خۆیان، داوای پاك ڕاگرتنی خوای گەورە دەکەن، ئەویش بە دەستبەرداربوون لە خۆشەویستی تۆو وەلانانی فەرموودە پیرۆزەکانت کە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامە.

ئەوان لەم کارەیان دا بە هەڵەداچوون‌و سەریان دای لە کێوی ئوحود، مەگەر خۆشەویستی بۆ خوای گەورە پەیوەست نیە بە دەربڕینی خۆشەیستی بۆ خۆشەویستەکەی ﷺ ؟ دەسا خۆشبەختی بۆ ئەو کەسانەی کە شوێن سوننەتی پیرۆزی تۆ دەکەون‌و، بەدبەختی‌و زەرەرمەندییش بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێزی شایستەی سوننەتەکەت ناگرن‌و، بەناو بیدعەتدا هەنگاو دەنێن‌و ڕەفتاری پێ دەکەن.

دەستوورەکانی شەریعەت‌و سوننەتە پیرۆزەکەت ئەوەندە جوان‌و پاك‌و دامەزراوە، ئەگەر کەسێك بەجوانیان نەزانێت‌و بیەوێت شتی تر بهێنێتە جێگایان‌و لەوان جوانتری بزانێت، ئەوا خۆی گومڕا کردووەو، جگە لە ئاگری دۆزەخ، هیچ شتێکی تر شیاوی ئەو کەسە نییە.

ئەو سوننەتانەی کە واجبن نابێ پشت گوێ بخرێن‌و جێ بەجێ نەکرێن، وە بە هیچ شێوەیەك دەستکاری‌و ئاڵوگۆڕ هەڵناگرن. نەوافیلەکانیش بەشێکیان تایبەتن بە پەرستشەوە، ئاڵوگۆڕ تیاندا بە بیدعەت دادەنرێت. بەشەکەی تریان داب‌و ڕەوییەی پێ دەوترێت،

وەك شێوازی خواردنو خواردنەوەو نوستنو تێکەڵیی خێزان. هەرچەندە ڕەفتارنەکردن بەم بەشەیان بە بیدعەت دانانرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت سەرپێچی کردنە لە دابو ڕەوییەی جەنابتو ڕەفتار نەکردنە بە ئەدەبی ڕاستەقینە. بەڵام هەرکەس شوێن پێت هەڵبگرێت لەو بوارانەدا، ئەوا هەموو عادەتەکانی خۆی دەکات بە عیبادەت.

سوننەتە پیرۆزەکانت دروشمی ئیسلامنو پەیوەندییان بەخواناسییەوە هەیە، چونکە مافی گشتیینو پەیوەندییان بەکۆمەڵگاوە هەیە. ئەگەر تەنها یەك کەسیش ئەنجامیان بدات، ئەوا تەواوی کۆمەڵگاو دەوروبەری خۆی سودیان لێوەردەگرێت، بەڵام ئەگەر کەس نەچێت بەلایداو جێبەجێیان نەکات، ئەوا تەواوی کۆمەڵگا تاوانبار دەبنو، گوناهی دەکەوێتە ئەستۆی هەموویانەوە.

کاتێ تەماشای ژیانە پڕ فەڕو بەرەکەتەکەت دەکەین، دەبینین خوای گەورە هەرچی بناغەو دەستووری ئەدەب هەیە لای تۆ دایناوەو کۆی کردوونەتەوە. ئەو کەسەی لەم سوننەتانەی تۆ دوور دەکەوێتەوە، خۆی لە سەرچاوەو بناغەی هەموو ئەدەبێك دوور دەخاتەوە، بەمەش خۆی لە خێرو فەڕی زۆر بێ بەش دەکات، بەمەش لە لوتفی خوای گەورە بێ بەش دەبێت.

ئای کارێکی چەند بێ ویژدانانەو دوور لە ژیریی دەکەین کاتێ پشت لە سوننەتە پیرۆزەکانت هەڵدەکەینو گوێبیستی فەرمانەکانت نابین، کە لای خوای گەورەوە ڕاتگەیاندوون. بەڕادەیەك وا نیشان دەدەین کە دان بەو میهرەبانییە ئاشکرایەتدا نەنێین کە خوای گەورە لە بارەتەوە فەرموویەتی: لقد جا ءکم رسول من انفسکم، کە ئەوەش

ڕادەی شەفەقەتو میهرەبانی تۆیە بۆ ئێمە، خۆت بە بەشێك لە جەستەمان دەزانیتو پێت خۆش نییە ئەو جەستەیەمان گڕوتینی ئاگری دۆزەخی بەربکەوێت.

بۆ کەسمان مەیسەر نابێت بە تەواویو ڕاستەقینە شوێن پێکانت هەڵبگرینو، سوننەتە خاوێنەکانت جێبەجێ بکەین، مەگەر مرۆڤە کامڵو تایبەتەکان، ئەوانەی توانییان چەندین ساڵ بە دەستنوێژی عیشاوە نوێژی بەیانییان بکەن، ئەوە بتوانن. بەڵام دەتوانین لە ڕێی نیازو حەزو ویستەوە هەموو سوننەتەکانت لە دڵمانا جێ بکەینەوەو، پاداشتی ئەوانەمان دەست بکەوێت.

کام چارەسەری فەلسەفیو دانایی دەتوانێت جێگای ئەو دەستوورە شەرعیو سوننەتە پیرۆزانەی تۆ بگرێتەوە کە شیفان بۆ نەخۆشییە گیانیو مەعنەوییو ژیرییو دڵییەکانی گرۆی مرۆڤ، بەتایبەت نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان. چی تر پێویست ناکات لە دەرەوەی سوننەتدا سۆراخی ڕووناکی بکەینو بەدوایدا بگەڕێین.

ئەگەر ئێمە خوای خوامان خۆش دەوێتو باوەڕمان پێیەتی، ئەوا دەبێ بەپێی ئەو شتانە ڕەفتار بکەین کە ئەو پێی خۆشە. ئەمەش تەنها بەوە دێتەدی کە چاو لە تۆ بکەین کە خۆشەویستی ئەو خوایەیتو لە تۆ خۆشەویست تری نییە ﷺ. کەواتە بەرئەنجامی خۆشەویستی تۆ ڕەزامەندیو خۆشەویستی خوایی بۆ خۆمان دەستەبەر دەکەین، کە گرنگترینو بەرزترین ئامانجی مرۆڤی ئیماندارە. ئەمەش بەپێی شوێن کەوتنو ڕەچاوکردنی شەریعەتو سوننەتە پیرۆزەکانی تۆ دەبێت.

ئای چ بەدبەختییەکە وا بزانین لە دەرەوەی ڕێگاکەی تۆوە، ڕێگایەك، بەرنامەیەك، فەلسەفەیەك هەیە، دەتوانێت بەختەوەریمان پێ ببەخشێت! تۆ کە نمونەی ڕەوشتە جوانەکانیت، ئەو ڕەوشتانەی کە قورئانی پیرۆز ڕوونی کردوونەتەوە، هەموویانت لە خۆتدا بەرجەستە کردووە. دەبێ ئەو کەسانە چەند چارەڕەشو بەدبەخت بن کە ئاگایان لەم سوننەتانەی تۆ نەبێتو بەکەمی بزانن‌و بیانەوێت گۆڕانکاری تێدا بکەن!

تۆ کە ناوەندە ڕێ‌و ڕاستەشەقامی هەموو شتێکت هەڵبژاردووەو خۆت پاراستووە لە زیادەڕەوی (الافراط)و کەمڕەوی (التفریط). هێزەکانی لەمەڕ ژیرییت، هەمیشە لە بازنەی داناییدا بوون، دوور بوون لە (کەودەنی)و (جەربەزەیی) کە زیادەڕەوی‌و گوێ پێ نەدانن.

هێزە تووڕەییەکانیشت هەمیشە لەناوەندی ئەو (ئازایەتییە) بەرزەدابوون‌و دوور بووە لە (ترسان)و (هەڵەشەیی). وە هێزە شەهوانییەکانیشت بە هەمان جۆر تەوەرەی لانەدان بووە لە ڕاستەشەقام‌و هەمیشە لە ناوەندەڕێ دا بووە، کە بریتییە لە (داوێن پاکیی)، دوور بووە لە (سەرکوتکراوی)و (داوێن پیسی). بەم چەشنە هەموو سوننەتە پیرۆزەکانت‌و گشت ڕەفتارە سروشتییەکانت‌و لە هەموو ئەحکامەکانی شەرع دا ڕاستە شەقامت هەڵبژاردووەو دوور بوون لە زیادەڕەوی‌و کەمڕەوی کە لەڕاستیدا ستەم‌و تاریکین.

بەختەوەریی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە شوێن سوننەتی پیرۆزی تۆ دەکەون‌و، خۆیان بێ بەش ناکەن لەو نوورو ڕووناکیانەو،

ناچنە ڕیزی ئەوانەی کە تەمەڵو کەم تەرخەمن. سەرشۆڕیو ڕیسواییش بۆ هەموو ئەوانەی کە دژایەتی تۆو ڕێبازو سوننەتەکەت دەکەنو، بە جوانی نازاننو دەیانەوێت بیگۆڕنو پەردەی تاریکیی بە سەردا بدەنەوە.

یەکێ لەو هەڵدێرو داوانەی کە هەندێ لە ڕێڕەوانی تەریقەتە صۆفییەکان تێی دەکەون، باوەڕ بوونیانە بە تەرجیح بوونی (ویلایەت) بە سەر (نبووەت)دا. وە فەزڵی ئەولیاکان دەدەن بە سەر هاوەڵە بەرێزەکاندا، کە ئەوەش ئەوپەڕی نەزانینەو نەناسینی پلەی هاوەڵە بەرێزەکانە خوا لێیان ڕازی بێت. ئەوان چەند تایبەتمەنکارییەکیان بەدەست هێناوە هەرگیز ئەولیاکان ناتوانن بگەنە پلەوپایەیان چ جای ئەوەی پێشیان بکەونەوە.

یان هەندێ جار تەرجیحی ئەورادو ئادابەکانی تەریقەت بە سەر زیکرەکانی سوننەتی پیرۆزی تۆدا دەدەنو بەمەش پێیان دەخلیسکێتو بەردەبنەوە بۆ نزمایيو بێ بەش دەبن لەو فەیزو بەرەکەتەی تۆ.

شوێن کەوتنی یەك دانە سوننەتی تۆ زیاتر لە سەد ئادابو نەوافیلی تایبەت لە لای خوای گەورە گیرا دەبێت. چونکە هەروەك تەنها یەك فەرز بە سەر هەزار سوننەتدا تەرجیح دەدرێت، بە هەمان جۆر تەنها یەك سوننەتی تۆی خۆشەویست ﷺ بە سەر هەزار ئادابی تەصەوفدا تەرجیح دەدرێتو پێشی دەخرێت.

(٣٠)

ئەی سەروەرم ﷺ.. كەماڵی میهرەبانیی‌و بەزەییە زۆرەكەت بەرامبەر بە نەتەوەكەت خوای گەورە خۆی شایەتی بۆ دەدات، گەیشتووەتە لوتكە. تۆ لە نەفسی خۆمان بۆ خۆمان پەرۆش تریت، ئەوەتا لە ڕۆژی حەشری مەزندا، هەموو كەس تەنانەت پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لە سەر بێت، لەتاو سام‌و شكۆو هەیبەتی ئەو ڕۆژە نایانپەرژێتە سەر كەس‌و دەفەرموون: (نفسی، نفسی). بەڵام تۆی میهرەبان ﷺ هەر هاوارتە: (امتی، امتی). وا ئێمەش ڕۆژانە بەقەد ژمارەی گەڵای دارەكان سڵاواتت بۆ دەنێرین‌و دووپاتی دەكەینەوە كە قوتابی گوێڕایەڵ‌و گوێ لە مستی تۆبین. ئایا كەسێ ویژدانی نەمردووە كە بەم سۆزو میهرەبانییە فراوانەی تۆ نازانێت‌و لای وابێت هیچت نەكردووە بۆی؟ یان خۆیان دەخەنە ژێر سایەی ڕێچكەو ڕێبازی دەستكردەوەو خۆیان دەخەڵەتێنن بەوەی كە ڕێگای ڕزگارییان دۆزیوەتەوە!

تۆ كەی بەكەسانی دنیا بەراورد دەكرێیت، لەگەڵ ئەوانەدا كە بەرهەمی خۆیان بە مرۆڤایەتی پێشكەش كردووە! سایەو سێبەری تۆ لە كوێ‌و هی ئەوان لە كوێ؟ پێشكەوتن‌و داهێنانە زانستییەكان‌و خزمەتەكان لە بوارە جۆربەجۆرەكاندا بەرهەمی یەك لەدوای یەكی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتیین بە گشتیی، کەس ناتوانێت بەتەنیا خۆی بکات بە خاوەنیان، هەرکەسەو چمكو گۆشەیەکی بچوکی بەردەکەوێت. نە کەس بە تەنها دەستی نا بە سویچی کارەباداو بەیەك جار زەوی ڕووناك کردەوەو نە کەسیش بەیەك جار سولفی دا لە ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا هایلۆکسو خستییە گەڕ، بەڵکو هەموو یەکێ لە داهێنانو پێشکەوتنەکان، پلە بەپلەو یەك لە دوای یەك چەندین دەستی لە ژمارە بەدەر بە ئەندازەی دانیشتوانی سەر زەوی خاوەندارێتیان لێ دەکات.

زوڵمێکی گەورەیە ناوی تۆ دەخەنە نێو چەند ناوانێکی ترەوەو بەراوردت پێ دەکەن، کەوا ئەم کەسانە خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە! تۆ دەکەن بە یەکەمو فلان بە دووەمو فیسار بە سێهەم! کوا کەی ڕووناکی گوڵەستێرە لەچاو ڕووناکی خۆری ناوجەرگەی ئاسماندا، پێکەوە بەراوورد دەکرێن؟ ئەوە کەی پێغەمبەرناسینە ناوت بخرێتە ناو لیستێکەوە لەگەڵ کەسانێك کە زانستێك لە زانستە زۆرەکانی خوای کەشف کردووە، بەڵام هێشتا نازانێت خۆی کێیەو لەکوێوە هاتووەو بەرەو کوێ دەڕوات!

زانست جیایە لە (نمو) گەشەکردنی مرۆڤایەتی، ئەم پێشکەوتنو تەکنەلۆجیایەی هاتووەتە بەرهەم بریتییە لە گەشەکردنی مرۆڤایەتی، کە گەورەبوونو کامڵ بوونی مرۆڤ داخوازی ئەم گەشەکردنەیە.

بەڵام زانست بریتی یە لە مامەڵەو هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر ئەو گەشە کردنە. جا تەواوییو کەماڵو لوتکەی "زانست" ئەوەیە مرۆڤ

بەو داهێنانو دۆزینەوانەی دۆزیویەتیەوەو دەری خستووە، بگات بە ئافرێنەرو بەدیهێنەری هەموو ئەو بوونەوەرانەو، دان بە خوایەتیو تاكو تەنهایی ئەو خوایەدا بنێت.

ئەگینا بە پێچەوانەوە گەر مرۆڤەكان هاتنو ئەم داهێنانو كەشفانەی كردوویانە، بیدەنە پاڵ خۆیانو سروشتو ڕێكەوتو هۆكارەكان، ئەوا نەك نابێت بە زانست، بگرە ئەوپەڕی نەزانیو نەفامییەو، پلەی مرۆڤ لە پێڕستو نموونەو پوختەو بەری درەختی گەردوونو جێنشینی زەوییەوە دەهاوێتە خواری پلەی ئاژەڵو بێ گیانەكانیشەوە، چونكە ئەم كارە ـ واتە گێڕانەوەی بوونەوەرانو دروستكراوەكانو دۆزینەوەو داهێنانەكان بۆ خۆیانو سروشتو هۆكارەكان ـ بریتییە لە قبوڵكردنی هەزاران مەحاڵو نەگونجاویی، كە ئەوەی تۆزقاڵێك ژیری تێدا بێت تا دەتوانێت لێی هەڵدێت.

ئەی خۆشەویست ﷺ، ئیمان بە تۆ واتە ئیمان بە خوای گەورە، ئەوەش واتە (پەیوەندیی، ڕوناكیی، هێز). گەر ئەم سیانەمان دەست كەوت، ئەوا دەبین بە پادشای بوونەوەران. گەر خوانەخواستە لەدەستیان بدەین ئەوا زەرەرو زیانێكی وا دەكەین كە بە هیچ شتێك قەرەبوو نەكرێتەوە.

(٣١)

ئەی سەروەرم ﷺ.. تۆ کەی بە پاڵنەری غەریزەو ئارەزووی دنیایی فرەژنیت پەیڕەو کردووە! دۆستو دوژمن شایەتی ئەوەن کە بەڕەوشتترینو داوێن پاکترین کەس بوویت، لەناو هۆزو تیرەکەتداو لە تەمەنی پازدە ساڵیتەوە تاوەکو چل ساڵی کە تەمەنێکە گەرمیی غەریزە تێیدا قوڵپ دەداتو، ئارەزووی دەرونیش تێیدا گڕ دەگرێت، تۆ لەو تەمەنەدا بە ژنێکی نیمچەپیر کە پازدە ساڵ لەخۆت گەورەتر بووە ئەویش دایکمان حەزرەتی خەدیجە بووە خوالێی ڕازی بێت، کە بەخواستی دڵ پێی ڕازی بوویتو سەرت بۆ هیچ ئافرەتێکی تر بەرز نەکردووەتەوە.

کەواتە دەبێ هەمووان بزانن کە فرەژنی تۆ لە دوای تەمەنی چل ساڵیو ئەو کاتانەی کە غەریزەو ئارەزوو کپ دەبێتەوەو ساردوسڕی ڕووی تێ دەکات، ئا لەو کاتانەدا بووەو بۆ ئارەزووی دەروونو خۆش ڕابواردنی دنیا نەبووە، بەڵکو لە سەر چەندین دانایی بنیات نراوە کە ئەمەی خوارەوە یەکێکیانە:

هەموو فەرموودەو کردارو حاڵەتو ڕەفتارو وەستانو جموجوڵەکانی تۆ کانگای ئایینو سەرچاوەی ئەحکامەکانی شەریعەتن. هاوەڵە بەرێزەکان خوایان لێ ڕازی بێت، ئەم ئەحکامانەیان گێڕاوەتەوەو ئەرکی ڕاگەیاندنی لایەنی ئاشکرای تۆیان بە تەواوی

خستووەتە ئەستۆ. واتە هەرچی ئاشکرایەو پەیوەندی بە زۆرینەی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، هەموو ئەوانەیان لە تۆ وەرگرتووە، جگە لەو بابەتانەی کە تایبەتن بە لایەنە کەسی‌و نادیارەکانت، ئەوانەی کە پەردەی شەرم‌و حەیایان بە سەردا دراوەتەوەو نزیکەی نیوەی شەریعەت دەبن، دەبێ چەند ئافرەتێکی سروشت جیاواز ئەنجامی بدەن‌و ڕای بگەیەنن. ئەو ئەرکەی خۆشیان بەڕاست‌و دروستی ئەنجام داوەو مافی خۆیان داوەتێ. تەنانەت نیوەی ئەحکام‌و نهێنییەکانی ئایین لەوانەوە وەرگیراون.

بەڵێ ئەو فەرمانبەرییە مەزنە، پێویستی بە چەند خێزانێکی زۆر دەبێت کە سروشت‌و مەشرەبیان لەیەکتر جیاواز بێت. وەکو حاڵەتەکانی جەستەیی‌و دەروونی‌و عەقڵی‌و...هتد، کە ئەو نۆ خێزانە نمایندەی ئەو خەسڵەتە جیاوازانە بوون.

کەواتە هیچ کاتێك بە هۆی هەواو هەوەس ئارەزووی دەروونەوە هاوسەرگیرییت نەکردووەو لە کاتی مارەبڕینی دایکی پاك داوێنمان خاتوو زەینەبدا گەر گرێبەست‌و فەرمانەکە ئاسمانی نەبوایە، (زوجناکها) هەر بە خەیاڵیشتا نەدەهات کە کارێکی وا بکەیت‌و، بیرت لە وەها زەماوەندێ نەکردووەتەوەو، لە دەروونیشەوە پێت ناخۆش بووە.

خاتوو زەینەب، لەپلەیەکی بەرزی خووڕەوشتدا بووەو شایانی ئەوە بووە هاوسەری تۆی ئازیز بێت، کە لە لوتکەی کەماڵی مرۆڤانەدا بوویت، هەربۆیە حەزرەتی زەید کە وەکو کوڕی تۆ وابووەو، پێت فەرمووە (کوڕم)و، لەهەمان کاتدا بە هۆی پێکەوە نەگونجانی لەگەڵ

خاتوو زەینەبدا، لە ڕووی دەروونیو ڕۆحییەوە هەردوکیان لەیەك ئاستدا نەبوون، واتە هاوکوف نەبوون، ئەوەبوو خاتوو زەینەبی تەلاق داو، پێی خۆش بووە خێزانی تۆی ئازیز بێت ﷺ و بەشایانتی زانیوە، کە ئەوەش خوای گەورە خۆی لە سەرووی ئاسمانەکانەوە بۆی ماربڕیت، واتە گرێبەستەکە ئاسمانییەو لە سەرووی دابو عورفو مامەڵەی ڕووالەتییەوەیەو زۆر نائاساییە.

ئەو حوکمەی قەدەری خوای گەورە، فەرمانێکی شەرعیی گرنگو دانایيو بەرژەوەندییەکی گشتیی تێدابووە، کە ئەویش ڕاست کردنەوەی عورفو تێگەیشتنی خەڵکی بووە، بۆ باوکایەتی مەعنەویی تۆ بە سەر نەتەوەکەتەوە. کاتێ بە یەکێکیانت فەرموە کوڕم، بەو وتنە لە ڕووی شەرعەوە نابیت بە باوکیانو ئەحکامی شەرعی پێ ناگۆڕێت، بۆت هەیە کچیان مارە بکەیتو ژنو ژنخوازییان لەگەڵدا ئەنجام بدەیت. ئەمە وەکو ئەوە نییە کە یەکێك بە ژنەکەی خۆی بڵێت: پشتی تۆ وەکو پشتی دایکم وایە، کە بەوە ژنەکەی لێ حەرام دەبێت.

کەواتە فرەژنیی تۆی خۆشەویست ﷺ بۆ تەواوکردنی شەریعەتە پاكو بێگەردەکەی خوای گەورە بووەو هیچ ئامانجو مەبەستێکی دەروونيو هەواو هەوەسی تێکەڵاو نەبووە، کە هەموو ڕەوشتێکی ناپەسەند دوور بووە لە ئاکارو ڕەوشتی تۆی خۆشەویستەوە ﷺ کە لە لوتکەی ڕەوشت جوانيو ئاکاری بەرزو کەماڵی مرۆڤانەدا بوون.

(٣٢)

ئەی سەروەرم ﷺ.. کاتێ لە تۆو بەرنامەکەی تۆ دوور بکەوینەوە، ناتوانین وەکو مرۆڤ بژین، بەڵکو ناتوانین وەکو مولحیدانی ناو بێگانەکانیش بژین! چونکە ئەوان گەر ئینکاری پێغەمبەرایەتی تۆ بکەن، ئەوا باوەڕیان بە پێغەمبەرانی تری پێشین هەیە. تەنانەت گەر هیچ کام لە پێغەمبەرانیش نەناسن، لەوانەیە ئیمانیان بەخوا ببێت، کە لە فیترەتیاندا هەیە، گەر ئەو ئیمانەشیان نەبێت، ئەوا خاوەنی هێندە ڕەوشتی بەرزی مرۆڤانەن، کە نزیکیان بکاتەوە لە کەماڵاتی مرۆڤانە.

بەڵام گەر ئێمەی موسڵمان خوانەخواستە ئینکاری پێغەمبەرایەتی تۆ ﷺ بکەینو سەرپێچی بەرامبەر بەو شەریعەتە پاکو بێگەردە بنوێنین کە لەهیچ ئایینێکی تردا شك نابرێت، ئەوا لە بازنەی ئایینی ئیسلام دەردەچینو لە ئەستۆی خۆمان دای دەماڵین. وە دوای ئەوە بە هیچ پێغەمبەرێکی تر ڕازی نابینو، تەنانەت قبوڵی باوەڕ بەخوایش ناکەین، مەگەر تەنها بە زەعمو بەدەم بڵێین خوا هەیە، ئەگینا هیچ یەقینێکی لەگەڵدا نابێتو درۆو خەڵەتاندن دەبێت. چونکە لە ڕێگای تۆوە کە کۆتا پێغەمبەریت ﷺ، هەموو

پێغەمبەرانی ترمان ناسیوەو بە هۆی ڕێنمایی‌و بانگەوازی تۆوە بووە کە ڕێگای باوەڕ بەخوامان دۆزیوەتەوە.

کەواتە پشت هەڵکردن لە تۆو باوەڕ نەبوون پێت، دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕمان بە هیچ کام لە پێغەمبەران‌و تەنانەت بەخواش نەمێنێت، خوای گەورە پەنامان بدات لەوەها پاشگەزبوونەوەیەك.

هەر لەبەر ئەوەش بووە کە هەر لە دێر زەمانەوە خەڵکی پۆل پۆل هاتوونەتە ناو ئاپینی ئیسلامەوە، بەڵام هەرگیز بە پێچەوانەوە ڕووی نەداوە کە موسڵمانێك بووبێت بە جولەکەیەکی ڕاستەقینە، یان مەجوسی یان گاور، بەڵام بووە بە مولحیدێکی بەدڕەوشتی زیان بەخش بە وڵات‌و هاوڵاتیانی.

هەر لەم ڕووانگەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بۆچی لەکاتی حوکمداریی موسڵماناندا‌و ئەو کاتەی موسڵمانان دەوڵەتی ڕاستەقینەی ئیسلامیان هەبووە، مافی ژیان نەدراوە بەوانەی کە لە ئاپینی ئیسلام پاشگەزبوونەتەوە، بەڵام کافرو جولەکەو هەموو خاوەن ئاپینەکانی تر لە ناو دەوڵەتی ئیسلامدا بەئەوپەڕی سەربەستی‌و ئازادی مافی ژیانیان هەبووەو پەیڕەویان لە بیروباوەڕی خۆیان کردووە.

مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پەرستگاو نزرگاو شوێنە پیرۆزەکانی ئەو ئاپینانە لە وڵاتانی ئیسلامدا بەدرێژایی هەزار ساڵ زیاترو، لە ژێر حوکمی چەندین خەلافەتی ئیسلامیدا، نیشانەی ئازادی‌و پێکەوەژیان‌و مافی مرۆڤ بووە لەلای ئاپینی پیرۆزی ئیسلام‌و، پێشێلی مافی هیچ خاوەن ئاپینێکی نەکردووەو، سەربەستی تەواوی پێداون.

هەربۆیە ئەو ڕووناکییەی کە تۆی خۆشەویستی خوا ﷺ لەگەڵ خۆت هێنات سەرزەوی ڕووناك کردەوەو، بوویت بە ڕەحمەت بۆ تەواوی جیهانو مرۆڤایەتی بە گشتی.

مادەم بەدیهێنەری ئەم گەردوونە لەناو هەموو (جۆر)ێکی بوونەوەراندا یەك دانەی نایابو کامڵو گشتیی هەڵدەبژێرێتو دەیکات بە مایەی شانازیو کەماڵی ئەو (جۆر)ە، ئەوا بێگومان ئەو بەدیهێنەرە سەبارەت بە سەرجەمی بوونەوەرانو لەڕێی دەرکەوتنو درەوشانەوەی ئیسمی ئەعزەمی نێوان ناوە جوانەکانی خۆیدا، دانەیەکی نایابو کامڵ هەڵدەبژێرێتو لە نێوان بەدیهاتووانیدا دەیکات بە دانەیەکی یەکجار کامڵ، بە وێنەی ئیسمی ئەعزەم لە ناوەندی ناوە جوانەکانیدا، ئیتر هەرچی کەماڵاتی پەرشو بڵاوی خۆی هەیە لەناو بوونەوەراندا لەو دانە هەرە کامڵەدا کۆ دەکاتەوەو، دەیکات بە شوێنی تێروانینی خۆی.

بێگومان دەبێ ئەو دانە هەڵبژاردەیە لەناو زیندەوەراندا بێت، چونکە کامڵترین جۆرەکانی بوونەوەر زیندەوەرانن. هەروەها دەبێ لەناو خاوەن هەستو نەستەکاندا بێت، چونکە کامڵترین جۆری زیندەوەران خاوەن هەستو شعوورەکانن. هەروەها دەبێ ئەو دانە هەڵبژاردەو ناوازەیە لە ناو گرۆی مرۆڤدا بێت، چونکە هەر تەنها مرۆڤە شایستەی لێهاتنی بەرزبوونەوەی بێ سنووری پێدراوە. بێگومان ئەو دانە هەڵبژاردەیە هەر تەنها تۆیت ئەی سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ، چونکە لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤداو تا ئێستاو لەمەولاش کەسێ نەهاتووەو نایەت لە تۆ بچێت، چونکە تۆی خۆشەویستی خوا ﷺ نیوەی گۆی زەویو پێنج یەکی گرۆی مرۆڤت لە ناوەندی

فەرمانڕەوایەتیو دەسەڵاتە مەعنەوییەکەی خۆتدا بەکەماڵی مەزنیو سامو شکۆوە کۆکردووەتەوە، کەوا هەزارو چوارسەدو چل ساڵی تێپەڕاندووە.

بەڵێ لە هەموو حەقیقەتەکاندا بوویت بە مامۆستای سەرجەم ئەهلی کەماڵو، بەشایەتی دۆستو دوژمن گەیشتیت بە بەرزترین پلەکانی ڕەوشتو ڕەفتارە جوانەکان.

هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەتەوە بەتەنها خۆت تەحەددای سەرانسەری جیهانت کردو، ئەو قورئانە پیرۆزەت ئاشکرا کردو ڕاگەیاند، کە لە هەموو خولەکێکدا زیاتر لە سەد ملیۆن کەس دەیخوێننەوە.

بێگومان کەسێکی خۆشەویستی وەکو تۆ ﷺ بوویت بە ناوکو بەری درەختی ئەم جیهانەو، بوویت بەو دانە بێ وێنە هەڵبژاردەیەو، کەس زەعمی ئەوە ناکات خۆی لە جێگای تۆدا دابنێت، یان بڵێت فلانە کەسی تر شیاوی ئەو شوێنو پلە بەرزەیە.

(٣٣)

ئەی سەروەرم، ئەی ڕابەرم، تاجی سەرم ﷺ.. ئەی بەڵگەی گۆیای یەکتاناسی، ئەی میهرەبانی جیهانیان، ئەی درەخشانترین نمونەی میهرەبانیو شەفەقەت، تۆ نوورێك بوویت بە هەڵاتن و دەرکەوتنت، بارودۆخی جیهانت بەتەواوی گۆڕی. ڕاستیو ماهییەتی مرۆڤو گەردوون بە نوورو ڕووناکی تۆ ئاشکرابوونو، پەردەیان لە سەر هەڵماڵرا. وە دەرکەوت کە بوونەوەرانی ناو گەردوون چەند نوسراوێکی صەمەدانیی خواوەندن، بە چەشنێك کە ناوە جوانەکانی خوای گەورەیان تێدا دەخوێنرێتەوەو چەند کارمەندو بوونەوەرێکی پڕ واتای ئەوتۆن، کە شایستەی نەمریو مانەوەن.

خۆ ئەگەر ئەو نوورەی تۆ نەبوایە ئەوا گەردوون لە ژێر تاریکایی وەهمو گومانە هەڵەکاندا دەمایەوەو بە نەمانو لەناوچوونی هەتاهەتایی مەحکوم دەکراو، بێ واتاو سودو بێ بایەخ دەردەچوو، بگرە دەبوو بە گاڵتەجاڕو زادەی دەستی ڕێکەوت. هەر لەبەر ئەم نهێنییەیە کە هەرچی شت هەیە، چ لە زەویو چ لە ئاسمانەکاندا، لە ڕووناکی نووری تۆ بەهرەمەند بوون. نووری تۆ تەنانەت بووە بە هۆی خێرو بەرەکەت بۆ جیهانی کافرانو بێ باوەڕانیش، چونکە کوفرە موتڵەقەکەی ئەوانی کردووە بە کوفرێکی گوماناویو تا ڕادەیەك لەزەت لە ڕابواردنی ژیانی دنیایان دەبەن.

کەواتە وەکو چۆن پێغەمبەرایەتییەکەت ﷺ بوو بە هۆی دروستکردن‌و بەدیهێنانی ئەم خانەی تاقیکردنەوەیەی دنیاو، ڕوونکردنەوەی نهێنی (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك)، بە هەمان شێوە بەندایەتییە بێ گەردەکەشت‌و پاڕانەوە بە کوڵەکەت بۆ خوای گەورە، بوو بە هۆی بەدیهێنانی خانەی هەمیشەیی‌و بەختەوەریی ئەو دنیا.

ئەگەر خوای گەورە دوعاو لاڵانەوەکەی لێ گیرا نەکردیتایەو بەڵێنی بەختەوەریی‌و مانەوەیی هەمیشەیی‌و بەهەشتی بێ بڕانەوەی پێ نەدایتایە، ئەوا ئاکامی بەدیهێنان هەڵدەگەڕایەوەو، دەبوو بە ناشیرینی‌و ستەمی ئێکجار سەختو، فەوزاو بەربادی سەرانسەری‌و بێ سنوورو، نرخی هەرچی شت هەیە دەهاتە خوارەوە بەرەو نزمی‌و پەستی‌و هەڕەمەکێتی، کەئەوەش دوورە لە عیززەت‌و شکۆی خواوەندێکەوە کە نزمترین دەنگی بچوکترین زیندەوەر دەبیستێت‌و، بەدەم خواست‌و داواکارییەکانیەوە دەچێت.

مەحاڵە لە غەیری ئەو ڕێگایەوە کە تۆ ڕچەکەیت شکاندووە، بە بێ شوێن پێ هەڵگرتنی هەنگاوەکانی تۆ، کەسێك بگات بە نوورە ڕاستەقینەکانی حەقیقەت. کەواتە پێویستە هەمووان بێنە ژێر ئاڵاکەتەوەو پەیرەوی لە فەرمانەکانت بکەن.

بەپێی فەرمانی شەرع دەبێ ئیمانداران لەوپەڕی خۆشەویستی‌و ڕێزداو لە هەموو کەس زیاتر تۆیان خۆش بوێت‌و ڕێزت لێ بگرن. وە نابێ نەفرەت لە هەر شتێ بکەن کە تایبەتە بە تۆوە، بەڵکو دەبێت هەموو حاڵ‌و بارێکی تۆ بە جوان و خاوێن ببینن. لەبەر ئەم هۆیە بوو خوای گەورە تۆی بۆ کاتی تەمەنی پیری‌و کەنەفتی‌و دەمی

گیروگرفتو سەختی ژیان نەهێشتەوە، کە لەدوای تەمەنی شەست ساڵییەوە زۆر دەبن. بەڵکو لەتەمەنی شەستو سێ ساڵیدا کە تەمەنێکی مام ناوەندو تێکڕای تەمەنی نەتەوەکەتە، لە مەینەتییەکانی دنیا ڕزگاری کردنو، شەرەفمەندی خانەی هەمیشەییو کۆڕی پێغەمبەرانو ئەولیا پێشینەکانو حزووری خۆی کردن. بەمەش دەری خست کە تۆی خۆشەویست ﷺ لە هەموو شتێکدا پێشەوای مرۆڤایەتیت.

سڵاوات دان لەسەر تۆی خۆشەویست ﷺ بەوێنەی بەدەمەوچوونی بانگهێشتی ئەو نیعمەتبەخشە وایە کە ڕێژنەی خۆی بەسەر مەقامی تۆی خاوەنی میعراجدا ڕشتووەو خوانی بەخشینی نیعمەتەکانیشی بۆ واڵا کردوویت.

جا هەر کات کەسی سڵاوتدەر لەسەر ئێوەی سەروەری مرۆڤایەتی وەسفی سیفەتێکی تۆی کرد، دەبێ بیر لەو شتە بکاتەوە کە ئەو سیفەتە پەیوەستە پێیەوە، تاکو تاسەمەندی سڵاواتدانێکی نوێ ببێتو دووپاتی بکاتەوە.

سڵاوات دان لە سەر تۆ، واتای میهرەبانی دەگەیەنێت. چونکە سڵاوات بریتییە لە دوعای ڕەحمەتو میهرەبانی، بۆ ئەو ڕەحمەتو میهرەبانییە بەرجەستەو زیندووەو، هۆکارێکە بۆ گەیشتنو شادبوون بەو میهرەبانی جیهانیانە.

دەبێ چۆن پێت بگەینو شەرەفمەندی لیقای تۆ بین، گەر سڵاواتو پەیمان نوێکردنەوە نەبێت، لەگەڵ تۆی خۆشەویستی خوادا

ﷺ. بەڵێ سڵاوات دەمانگەیەنێت بە میهرەبانی خواوەندی ڕەحمانو ڕەحیم.

کاتێ کە هەموو نەتەوەی ئیسلام دوعا دەکەنو سڵاواتت لە سەر دەدەن، مەودای ئەو میهرەبانییەو ڕادەی گرنگیی ئەو دیارییە خواییە دەچەسپێنن، کەبوویت بەخۆری ڕووناکی ناو ئەم گەردوونە.

تۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵت لەگەڵ بەختەوەریی سەرجەمی نەتەوەکەتدا هەیە، بەشێکت لە هەموو جۆرەکانی ئەو بەختەوەرییانەدا هەیە، کە یەك بەیەکی کەسانی ئەم ئوممەتە بە دەستی دەهێنن. هەروەك بۆ هەر موصیبەتو گیروگرفتێکیش کە دێتە ڕێیان خەفەت دەخۆیتو ئازارت پێ دەگات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە پێویستییەکی زۆرت بە سڵاواتو دوعای نەتەوەکەت هەیەو گوێبیستی سڵاوی یەك بەکیان هەیتو وەڵامیان دەدەیتەوە.

ئەی کلیلی کردنەوەی دەرگای گەنجینەکانی میهرەبانی خواوەند، ئەی مامۆستای هەموو مرۆڤایەتی، بە هۆی هاتنی تۆوەو بە هۆی ئەو نوورە ڕووناکەی بەدەستەوە گرتووە کە قورئانی پیرۆزە، شارەزای کردنەوەی گەنجینە فراوانەکەی خوای گەورە بووینو بە وتنی (بسم الله الرحمن الرحيم) کە سەرەتای هەموو کارێکی خێرە، دەرگای ئەو گەنجینانەمان بۆ کرایەوە. بناغەو کودو شەفرەی ئەو کلیلەش سڵاوات دانە لە دیداری تۆی خۆشەویست ﷺ.

چونکە تۆ لەو ڕووەوە کە بەندەیتو لە خەڵکەوە ڕووت لە حەق تەعالایە، داوای سڵاواتمان لێ دەکەیت، کە واتای میهرەبانی

دەگەیەنێت. لەو ڕووەشەوە کە پێغەمبەریت ﷺ و لە حەق تەعالاوە ڕووەو خەڵکیت شایانی سڵاو لێ کردنیت.

هەروەك ئێمە بە ئەندازەی ژمارەی جیننی و ئادەمیزاد، سڵاو بۆ مەقامی بەرزی تۆ دەنێرینو بەیعەتت لەگەڵ نوێ دەکەینەوە، تۆش هێندەی ژمارەی دانیشتوانی ئاسمانەکانو گەڵای دارەکانو دڵۆپی بارانەکانو شەپۆلی دەریاکان شایانی سڵاواتێکیت کە لە گەنجینەی خواوەندەوە بۆت ڕەوانە بکرێت. چونکە ئەو نوورو ڕووناکیەی لەگەڵ خۆتدا هێنات، کەماڵو نرخی هەموو شتێکی ناو ئەم بوونەوەرەی دەرخستو ئامانجە خواییەکان لە دروستکردنی هەموو بەدیهاتوویەکدا دەرکەوتن. ئەوا بە زمانی خۆمانو زمانی هەموو بوونەوەرانەوە دەڵێین: الصلاة والسلام عليك يا رسول الله.

دڵنیایین لەوەی کە لەیەك کاتدا سڵاواتی نەتەوەکەت دەبیستی با لە چەندین شوینی جیا جیای سەر زەویدا بن، چونکە ماهییەتەکەت نوورەو هەویەکەشت نوورانییە. وە لە ڕۆژی قیامەتدا لەیەك کاتدا چاوت بە هەموو ئەصفیای نەتەوەکەت دەکەوێت، بێ ئەوەی بینینی یەکێکیان ڕێ لە چاوپێکەوتنی ئەوانی تر بگرێت.

هەر بۆیە ساڵانە یادت دەکەینەوەو مەولودنامەو قەصیدەی میعراجت بۆ دەخوێنینەوە، کۆڕو مەجلیسەکانمان بە صڵاوات دان لەدیداری پاکت دەڕازێنینەوە. چونکە مەولودنامە عادەتێکی ئیسلامیی جوانو گەلێ سودبەخشەو، بووە بە مایەی هاودەمییەکی ناسكو خاوێن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی موسڵمانانندا. هەروەك دەرسو وانەیەکی لەوپەڕی تامو لەزەتو خۆشیدایە بۆ یادخستنەوەی

ڕاستییەکانی ئیمانو، بەهێزترین هۆکاری کاریگەرو ورووژێنەرە بۆ دەرخستنی نوورەکانی ئیمانو، بزواندنی خۆشەویستی خواو عیشقی تۆی خۆشەویست ﷺ لە دڵی موسڵمانانندا. ئەگەر یادی تۆ نەکرێتەوە، دەبێ کێ بێت شیاوی یادکردنەوە بێت؟

دەسا ئەی خوای گەورەی لە هەموو میهرەبانێك میهرەبانتر، بۆ خاتری ئەم پێغەمبەرە بەڕێزەت ﷺو بۆ بەدەستهێنانی شەفاعەتیو، شوێنکەوتنی سوننەتی خاوێنی ئەو یارمەتیمان بدەو، لە خانەی بەختەوەریی هەمیشەییدا لە هاوسێیەتیی ئالو هاوەڵە بەڕێزەکانیدا بمان حەوێنەرەوە. امین..امین..امین.

اللّهم بحق (بسم الله الرحمن الرحيم) صل على من أرسلته رحمة للعالمين، كما يليق برحمتك و بحرمتەو على اله و اصحابه أجمعين.

اللّهم صل على سيدنا محمد و على ال سيدنا محمد بعدد كل داء ودواء وبارك عليه وعليهم كثيرا كثيرا... صل و سلم يارب على حبيبك محمد و على جميع الانبياء والمرسلين و على ال كل و صحب كل اجمعين.

الفُ الفِ صلاة و الف الف سلام عليك يا رسول الله.. الفُ الفِ صلاةٍ و الفُ الفِ سلامٍ عليكَ يا حبيب الله.. الفُ الفِ صلاةٍ و الفُ الفِ سلامٍ عليكَ يا امين وحي الله..

اللّهم صل وسلم و بارك على سيدنا محمد و على اله و أصحابه بعدد أوراق الاشجار، و أمواج البحار و قطرات الامطار.. امين امين والحمد لله رب العالمين.

کۆتایی

## نوسەر لە چەند دێڕێکدا:



- سەرحەد یونس محەمەد عەلی.
- لە دایك بووی پایزی ١٩٧٠ گوندی شەکرالی، ناحیەی سیروان، پارێزگای هەڵەبجە.
- دەرچووی کۆلیجی یاساو ڕامیاری، بەشی زانستە سیاسییەکانەو ماوەی ٢٥ ساڵە فەرمانبەرە.
- بۆ ماوەی ساڵێك و سێ مانگ و یازدە ڕۆژ لەگەڵ خانەوادەکەی لە باشووری عێراق زیندانی کراون.
- خێزاندارەو باوکی چوار کچ و دوو کوڕە.
- نوسەری پەرتوکی بیرەوەری (لەشارەزوورەوە بۆ ناسرییە)یە لە ساڵی ٢٠١٨.
- لە ساڵی ١٩٩٥ وە پەیامەکانی نووری دانراوی (بدیع الزمان
- سەعیدی نوورسی) ناسیوەو چووەتە خزمەتیان.
- ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠١٨٧٣٠٤٢– ٠٧٧٢١٥٩١٩٧٣